بڵاوکراوەکانی

ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان:

ژمارە: ١٤

# پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی

لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

و

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## ڕاپۆرتی دەیەم

## چالاکی – بەدواداچوون - هەڵسەنگاندن

٢٠٢٣/١٠/١ – ٢٠٢٤/٩/٣٠

بێبەرامبەر دابەشدەکرێت

**پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**


- ئامادەکردنی: رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان
- سەرپەرشتیاری گشتی: ئارام کەمال
- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: ئاواز سەلیم عبدالله
- پێداچوونەوەی یاسایی: د. مستەفا رەسول حسێن
- تیراژ: ٥٠٠ دانه
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٤
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم



مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان


# پەسەندکراوی ئەنجومەنی باوەڕپێکراوانی

# (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)

## تیمی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان:

ئاواز سەلیم عەبدوڵا

**سەرۆکی ڕێکخراو**

ئارام کەمال

**بەڕێوەبەری پڕۆژە**

پەروەر ئیبراهیم

**ڕێکخەری پڕۆژە**

عومەر محەمەد عەلی

**ژمێریاری پڕۆژە**

**ناونیشان:-**

**سلێمانی- شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- باڵەخانەی فیردەوس**

**بەرامبەر گوندی ئەڵمانی - نهۆمی (٣) - شوقەی ژمارە (٣)**

**پەیوەندیکردن:**

ئیمەیڵ: kurdistanbohamwan@gmail.com

پێگەی ئەلکترۆنی: www.keodd.org

فەیسبووك: kurdistanforeveryone

مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٠٩٧٦٥ ـ ٠٧٧٢٥١١٨٧٠٠

## (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)
## سوپاسی ئەم بەڕێزانە دەکات، کە لە سەرخستنی ئەم پڕۆژەیەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو:

- نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
- دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.
- ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.
- نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
- نووسینگەی هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
- (د. بەختیار عەبدوڵا کەریم) ڕاوێژکاری ڕێکخراوی (NED) لە هەرێمی کوردستان و باکوری عێراق.
- بەڕێوەبەران و سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی کە بەشداربوون لە چالاکییەکانی پڕۆژەکەدا
- کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کە بەردەوام ئامادەییان هەبووە لەرووماڵکردنی چالاکییەکاندا پڕۆژەکەدا.

# ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان

ڕێکخراوێکی سەربەخۆی بێلایەنی ناحکومی قازانج نەویستە، تایبەتە بە کایەو پرسە دیموکراتیەکان.

## دروشم:

دیمـــــوکراتیەتێکی تەندروســــــت...ئاڵوگۆڕی ئاشـــــتییانەی دەســـــەڵات، فەرمانڕەواییەکی بەرپرس لەبەردەم هاووڵاتیان دا.

## دید:

ئاڵوویرکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمای دەنگی هاووڵاتیان، پێکەوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسـەر بنەمـای ڕێزگـرتن لە جیاوازییەکـان و پاراستنی فرەیی.

## بوارەکانی کارکردن

١. ئەنجامدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاجاکاندا.
٢. ئەنجامدانی سیمینارو کۆنفرانس لە بورای جیاجیادا.
٣. ئەنجامدانی ڕاهێنان خـولی بەرزکـردنەوەی توانسـتی بـۆ دەزگـاو دامەزراوو ڕێکخراوەکان.
٤. چاودێریکردن وبەدواداچوونی شێوازو توانسـتی جێبەجێکـردن لە دامەزراوە میری و هەڵبژێردراوەکاندا..

ســاڵی (٢٠١٤) تۆمــارکراوە بە ژمــارە (١٦,٢.ك) لە فەرمــانگەی ڕێکخــراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان.

ساڵی (٢٠٢١) تۆمارکراوە بە ژمارە (1C٢١٠٠٠٦) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عێراق

## ڕێکخراوی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی

سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەموو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆ دیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گرووپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنە جیاوازەکانداو گەشەیکردووە بۆ دامەزراوەیەکی فرە ڕەهەندو ئاراستەو بووەتە چەق بۆ چالاکی و ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوان و توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا .

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، دەبێت لەڕێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەڕێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات بە دووبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریت و کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشە دەکات.

# ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانو چاودێرییە، لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی راستەوخۆوە لەلایەن دەنگدەرانەوە هەموو چوار ساڵ جارێك هەڵدەبژێرێت، لەپێناو بەرژەوەندی وڵات و نوێنەرایەتیکردنی هاووڵاتیان لەرێگەی دانانی ئەو یاسایانەوە کە کاروباری دەزگاکانی دەوڵەت رێکدەخەن، هەروەها دیاریکردنی بودجەی گشتی ساڵانەو پەسەندکردنی رێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەمەبەستی گرەنتی پابەندبوونیان بە یاساکان و هێنانەدی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات.

ئەنجومەنی نوێنەران کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان لە رێگەی پەیوەندی ئەندامان لەگەڵ دەنگدەرانیاندا بەشێوەیەکی راستەوخۆ، هەڵوێستەکردن لە سەر کێشەو گرفتەکانیان و هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو.

خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٣٢٩) ئەندام پێکهاتووە و پارێزگای سلێمانیش (١٨) نوێنەری لەئەنجومەنەکەدا هەیە، ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەرواری (٢٠٢١/١٠/١٠) لە هەڵبژاردنێکی پێشوەختەداو بەگوێرەی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢١) ئەنجامدراو لە بەرواری (٢٠٢٢/١/٩) یەکەمین دانیشتنی ئاسایی خۆی ئەنجامدا، ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەران، بە هۆی ئاڵۆزییە سیاسیەکانی عێراقەوە، بۆ ماوەی سێ مانگ کارەکانی راگیران.

# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوە لەلایەن هاووڵاتیانی پارێزگای سلێمانییەوە، لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی راستەخۆوە پێکهاتووە و دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا، چاودێریکردنە لە سنووری کارگێڕی پارێزگاکەداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەو و ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەسنووری پارێزگاکەدا دەربچوێنێ، تا بتوانرێت سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بەپێی پرەنسیپی ناسەنتەری بەڕێوەبردنی کارگێڕی بکات، بەجۆرێکی وا کە ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستووروو یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا، لەڕووی چاودێریشەوە دەکەوێتە ژێر چاودێریی پەرلەمانی کوردستان.

ئەم خولەی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراقدا، لە (٢٠١٤/٤/٣٠)دا هەڵبژێردراوە و لە (٣٢) ئەندام پێکدێت، بەرەچاوکردنی ڕێژەی نوێنەری ژنان، خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، رۆژی(٢٠١٥/٦/٢٤)یەکەم دانیشتنی ئاسایی خۆی ئەنجامداو بەپێی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)، یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق دەستبەکاربوون.

لە (٢٠١٨/٩/٢٤) وادەی یاسایی ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان تەواو بوو، لە رۆژی (٢٠١٩/٧/٨)دا پەرلەمانی کوردستان ماوەی کارکردنی ئەنجومەنەکانی درێژکردەوە.

لە (٢٠٢٣/٩/٢٤)دا، (دادگای باڵای فیدراڵی عێراق) کۆتایی بەکاری ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم هێنا.

❖ئەرکی سەرەکی نوێنەر نوێنەرایەتیکردنی خەڵکە لە ئەنجومەنی نوێنەران.

❖هەموو هاووڵاتییەک مافی ئەوەی هەیە هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆ نوێنەرانی هەڵبژێردراو بکات.

❖کاری نوێنەرایەتی کارێکی خێرخوازی نییە، هەتا خاوەنەکەی نەیەوێت، خەڵکی لە نوێنەرایەتی کردنەکەی ئاگاداربن.

# پێشەکـــــــی

خوێنەری بەڕێز، ئەمساڵ (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) دەیەم ڕاپۆرتی خۆی تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە هەردوو (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) و (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، بڵاودەکاتەوە، لەم ڕاپۆرتەدا هاوشێوەی ڕاپۆرتەکانی ساڵانی پێشوو، بەو پەڕی بێلایەنییەوە کارمان لەسەر ڕاپۆرتەکە کردووە و هەگبەی ساڵێکی (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی)مان بۆ هاووڵاتیان و دەنگدەران و لایەنە سیاسییەکان و ڕایگشتی خستۆتەڕوو.

(**ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان**) وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، خاوەن ئەزموونی (١٠) ساڵ کارکردن لەسەر چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون، بۆ کارو چالاکی ئاستی بەجێگەیاندنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو بەردەوامە، ساڵانەش لەگەڵ (یاساناسان، مامۆستایانی زانکۆ، چالاکوانانی مەدەنی ڕۆشنبیران...هتد). گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی لەسەر شێوازی کارو پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی نوێنەران کردووە. بەردەوام هەوڵیداوە، نوێگەری، لەڕاپۆرت و چالاکییەکانیدا هەبێت، هەتا لەلایەک یارمەتیدەری نوێنەران بن لە بەجێگەیاندنی پابەندییەکانیان، لەلایەکی دیکەشەوە، ببینە سەرچاوەیەکی بێلایەن بۆ هاووڵاتیان و دەنگدەران، بە پێدانی زۆرترین زانیاری پشتڕاستکراوە لەسەر نوێنەرەکانیان.

لەمیانی ئەم ڕاپۆرتەدا، هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ، پابەندبووین بەبنەماکان و ئیتکی کاری ڕێکخراوەیی بەشێوەیەکی بابەتی و بێلایەنانە، بەدواداچوون و چاودێریمان هەبووە بۆ

نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە هەردوو دامەزراوەی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) و (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی).
هیوادارین لەرێی ئەم راپۆرتەوە توانیبێتمان خزمەتێکی بچوک بە هاووڵاتیانی پارێزگای سلێمانی بکەین و هاندەرێکی باش و ئەرێنی بێت بۆ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی پارێزگای سلێمانی.
هەروەک سالآنی رابردوو ئەوەی بینیومانەو ئەوەی بەدەستمان گەیشتووە لەم راپۆرتەدا بەشێوەیەکی بێلایەنانە دەیگەیەنینە هاووڵاتیان و دەنگدەران.

**بە ئومێدی سەرکەوتنی هەمووان**

رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان
٢٠٢٤

# چالاكییەكانی پڕۆژەی
# (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)
# تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە
# ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
# ساڵی سێیەم
# خولی پێنجەم
(٢٠٢٣/١٠ – ٢٠٢٤/٩/٣٠)

# چالاكییەكانی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانیو نوێنەرانی) تایبەت بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی سێیەم/ خولی پێنجەم (٢٠٢٣/١٠/١ – ٢٠٢٤/٩/٣٠)

لەم بەشەدا تیشكخراوەتە سەر ئەو چالاكییانەی تایبەت بە (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی) لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) كە لەچوارچێوەی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)دا لەلایەن (ڕێخراوی كوردستان بۆ هەمووان)ەوە بە هاوكاری ڕێكخراوی (NED) ئەنجامدراون، بریتین لە:

١. ئامادەكردن و بڵاوكردنەوەی ڕاپۆرتی نوێیەمی (پارێزگاری سلێمانی و نوێنەرانی).
٢. ئامادەكردن و پێشكەشكردنی (١٠)بەرنامەی ڕادیۆیی ڕاستەوخۆ.
٣. سەردانیكردنی تیمی پرۆژە بۆ بەشێك لە فەرمانگە فیدراڵیەكان، بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ جێبەجێكردنی بەڵێنەكانی نوێنەران بۆ ئەو فەرمانگانە.
٤. سەردانیكردنی نووسینگەكانی سلێمانی و هەڵبجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
٥. سەردانیكردنی نووسینگە تایبەتەكانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی.
٦. بەردەوامی ماڵپەڕی (ڕێكخراوی كوردستان بۆ هەمووان -www.keodd.org).

## یەكەم/ ئامادەكردن و بڵاوكردنەوەی ڕاپۆرتی نۆیەم بەناوی (پارێزگاری سلێمانی و نوێنەرانی).

لە (٢٠٢٣/١٢/١١)دا (ڕێكخراوی كوردستان بۆ هەمووان) لە مەراسیمێكی تایبەتدا، نۆیەم ڕاپۆرتی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) ڕاگەیەندو بڵاویكردەوە، بەئامادەبوونی بەشێك لەنوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دەستەی سەرۆكایەتی و بەشێكی زۆر لە ئەندامانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)و هەردوو نووسینگەی سلێمانی و هەڵبجەی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) و كەناڵەكانی ڕاگەیاندن.

دوابەدوای ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتەكە، تیمی پرۆژە بەگوێرەی پلانێكی ورد هەستا بە پرۆسەی دابەشكردنی ڕاپۆرتەكە بەسەر: (لایەنە سیاسییەكان،

زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکان، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، دامەزراوە حکومییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، کۆمەڵە و سەندیکاکان، ....هتد).

خشتەی ژمارە (١)
نوێنەرانی ئامادەبووی مەراسیمی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی نۆیەم

| ز | نوێنەر | فراکسیۆن |
|---|---|---|
| ١. | موسەننا ئەمین نادر | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان |
| ٢. | دارا حمە احمد | |
| ٣. | بریار ڕەشید شەریف | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٤. | سۆران عمر سعید | کۆمەڵی دادگەری کوردستان |

## دووەم/ ئامادەو پێشکەشکردنی بەرنامەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی).

لەپێناو بەردەوامیدان بە پەیوەندی نێوان نوێنەرو دەنگدەردا (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) لەچوارچێوەی چالاکییەکانی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)دا هەستا بە ئەنجامدانی بەرنامەی ڕادیۆیی ڕاستەوخۆ، ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو سەلماندوویەتی کە بەرنامەکان ئامرازێکی باشن بۆ بەردەوامیدان بە پەیوەندی نێوان نوێنەری هەڵبژێردراو و هاووڵاتیان، هاووڵاتی دەتوانێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ نوێنەرەکەیدا گفتوگۆ بکات، لەبەرنامەکانی ئەمساڵدا (١٠) نوێنەری پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) بەشداری بەرنامەکانیان کردو(٤٦) تەوەر گفتوگۆیان لەسەرکرا. بەرنامەکان هەفتانە لە (ڕادیۆی نەوا)وە پەخشدەکران و هاوکات، لە سەر هەردوو پێگەی ئەلکترۆنی (ڕادیۆی نەوا (https://www.radionawa.com/Ku/show-detail.aspx?jimare=١٤٥ و (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان www.keodd.org)یش دادەنران.

خشتەی ژمارە (٢)

بەرنامە رادیۆییەکانی تایبەت بە (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)

| ز | رێکەوت | نوێنەران | لیژنە |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٢٤/١/١٦ | سروە محمد رەشید | ژنان و منداڵان و خێزان - خزمەتگوزاری |
| ٢ | ٢٠٢٤/١/٢٣ | موسەننا ئەمین نادر | پەیوەندییەکانی دەرەوە |
| ٣ | ٢٠٢٤/١/٣٠ | شوان محمد رۆستەم | شەهیدان و زیندانیانی سیاسی |
| ٤ | ٢٠٢٤/٢/٦ | مۆفەق حسین قادر | بازرگانی و پیشەسازی و ئابووری |
| ٥ | ٢٠٢٤/٢/١٣ | بەدریە حسین عەزیز | خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی |
| ٦ | ٢٠٢٤/٢/٢٠ | یادگار محمود نەسروڵا | یاسایی |
| ٧ | ٢٠٢٤/٢/٢٧ | بەدریە ابراهیم رەشید | پلاندانانی ستراتیژی و خزمەتگوزاری شارستانی |
| ٨ | ٢٠٢٤/٣/٥ | سۆران عمر سعید | بازرگانی و پیشەسازی و ئابووری |
| ٩ | ٢٠٢٤/٣/١٢ | دارا حمە احمد | یاسایی |
| ١٠ | ٢٠٢٤/٣/١٩ | نەرمین مەعروف | دارایی |

## چوارەم/ ئەنجامدانی گفتوگۆیکراوە لە نێوان نوێنەران و (فەرمانگە فیدراڵییەکانی ئیدارەی راپەرین).

لەساڵی دووەمی خولی پێنجەمدا، (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) هەستا بە ئەنجامدانی (٩) گفتوگۆیکراوە لە نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و فەرمانگە فیدراڵییەکانی سنووری (پارێزگای سلێمانی، پارێزگای هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان).

لەساڵی سێیەمیشدا یەک گفتوگۆیکراوە بۆ فەرمانگە فیدراڵییەکانی سنوری ئیدارەی راپەڕین ئەنجامدرا بە ئامادەبوونی سەرپەرشتیاری ئیدارەی راپەڕین و قائیمقامی قەزای رانیە، بەمەش (١٠) گفتوگۆکراوە لەنێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و فەرمانگە فیدراڵییەکاندا ئەنجامدران.

**تێبینی:** بۆ بەشداریکردن لەم چالاکییە وەک تیمی (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان). هەوڵماندا هەریەکە لەنوێنەران (سروە عبدالواحد. بەدریە حسێن)یش وەک نوێنەرانی سنوری بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٤)بەشداری

چالاکییەکە بکەن، بەڵام تەنها نوێنەران (**غەریب ئەحمەد مستەفا، سۆران عمر سعید**) ئامادەییان دەربڕی بۆ بەشداریکردن لەچالاکییەکە.

خشتەی ژمارە (٣)

چالاکییەکانی (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

| ڕێکەوت | نوێنەرانی بەشداربوو | فەرمانگە بەشداربووەکان |
|---|---|---|
| ٢٠٢٤/٧/٣ | غەریب ئەحمەد مستەفا<br>سۆران عمر سعید | ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین |
| | | قائیمقامیەتی قەزای رانیە |
| | | فەرمانگەی پاسپۆرتی ڕاپەڕین |
| | | فەرمانگەی نشینگەی ڕاپەڕین |
| | | فەرمانگەی کارتی نیشتمانی رانیە |
| | | فەرمانگەی کارتی زانیاری |
| | | فەرمانگەی کارتی نیشتمانی چوارقورنە |
| | | فەرمانگەی کارتی نیشتمانی پشدەر |
| | | فەرمانگەی کارتی نیشتمانی بێتواتە |
| | | بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگی رانیە |
| | | فەرماندەیی فەوجی پاسەوانی سنور |
| | | بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری ڕاپەڕین |

## سێیەم/ سەردانیکردنی تیمی پرۆژە بۆ فەرمانگە فیدراڵییەکان

بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ ئەنجامی ئەو گفتوگۆکراوانەی کە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) لە ماوەی رابردوودا ئەنجامیدان، لەم ساڵدا تیمی پرۆژە، هەستا بەسەردانیکردنی بەشێک لە فەرمانگە فیدراڵییەکان و ئەو فەرمانگانەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی سەردانیان کردبوون، بۆ دڵنیا بوونەوە لە هەوڵی نوێنەران لە چارەسەرکردنی کێشەکان و گەیاندنی داواکارییەکان بە دامەزراوە گشتییەکانی عێراق، لەسەردانەکاندا دەرکەوت کە بەشێک لە نوێنەران

داواکاری فەرمانگەکانیان گەیاندۆتە حکومەتی ناوەندی، هەتا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە زۆرێک لەکێشەکان چارەسەر نەکراون.

خشتەی ژمارە (٤)

خشتەی سەردانیکردنی تیمی پرۆژە بۆ فەرمانگەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی

| ز | رێکەوت | فەرمانگە |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠٢٤/٢/١٤ | بەڕێوەبەرایەتی دروستکراوی دانەوێڵە |
| ٢ | ٢٠٢٤/٢/١٩ | بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەو باری شارستانی سلێمانی |
| ٣ | ٢٠٢٤/٧/٥ | فەرماندەیی لیوای (٢١)ی هێزەکانی پاسەوانی سنوور |
| ٤ | ٢٠٢٤/ / | نەخۆشخانەی هیوا |

لەپارێزگای هەڵەبجەش، بۆ هەمان مەبەست، تیمی پرۆژە سەردانی بەشێک لەفەرمانگە فیدراڵییەکانی پاریزگاکەی کرد.

خشتەی ژمارە (٥)

خشتەی سەردانیکردنی تیمی پرۆژە بۆ فەرمانگەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە

| ز | رێکەوت | فەرمانگە |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠٢٤/٤/٢٢ | بەڕێوەبەرایەتی نیشینگە |
| ٢ | | بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت |
| ٣ | | بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و باری شارستانی |
| ٤ | | فەرمانگەی کارتی نیشتمانی هەڵەبجە |
| ٥ | | بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگی هەڵەبجە |

## چوارەم/ سەردانیکردنی نووسینگەکانی (سلێمانی و هەڵەبجە)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

بەمەبەستی بەردەوامیدان بە هەماهەنگی زیاتر لە نێوان (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) و (نووسینگەکانی سلێمانی و هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، لەم ساڵیشدا تیمی پرۆژە سەردانی ئەو نووسینگانەی کردووە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە هەوڵی هەمەولایەک، کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان بکرێت، کە بەئاسانترین شێوە دەنگیان بگاتە نوێنەرەکانیان.

لە ماددەی (١٥٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانیشدا هاتووە: (نووسینگەی ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگاکان دەکرێتەوە بۆ مسۆگەربوونی پەیوەندی لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و جەماوەر).

## پێنجەم/ سەردانیکردنی نووسینگە تایبەتەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

لەسەرەتای ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، بەشێک لە نوێنەران لەسنوری هەر (٥) بازنەکەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی، نووسینگەی تایبەت بەخۆیانکردەوە، جگە لە هەردوو نوێنەر (غەریب ئەحمەد مستەفا) و (سۆران عمر سعید)، نوێنەرەکانی دیکە هەرزوو نووسینگەکانیان داخست، ساڵانەش تیمی پرۆژە، سەردانی نووسینگە تایبەتەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی دەکات، لە سنوری بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٤) لە رانیە، کە هەردوو نوێنەر (غەریب ئەحمەد مستەفا) و (سۆران عمر سعید) بەفەرمی نووسینگەیان کردۆتەوە، هەتاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە نووسینگەکان بەردەوامن لە کارکردن.

## شەشەم/ ماڵپەڕی رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان (www.keodd.org)

ماڵپەڕی (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) چالاکییەکەی دیکەی ناو پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)ەتی، زۆرترین زانیاری لەسەر نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و بیروڕای نوێنەرانی تیادا بڵاودەکرێتەوە، ئەمەش وەک دەروازەیەکی دیکە بۆ ئاشنابوونی هاووڵاتیان بە نوێنەرەکانیان، هەتا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، کۆی ژمارەی سەردانیکردنی هەواڵ و بەشەکان لە پێگەکە گەیشتوونەتە (١,١٦٥,٦٦٦) یەک ملیۆن و سەدو شەت وپێنج هەزارو شەست و شەش سەردانیکردن. سەرجەم راپۆرتەکانی (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)یش لەسەر پێگەکە بڵاوکراونەتەوە.

# ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

پاش سوێندخواردن، کاندیدانی دەرچوو دەبنە ئەندامی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەو بارەیەشەوە دەستوری عێراق (٢٠٠٥) و یاسای (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پێکهاتەکەی) ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ی هەمواركراو كۆمەڵێك دەسەڵات و ئەركی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران دیاریكردوون، نوێنەرانیش دەتوانن لەو چوارچێوە یاساییەدا ئەركی خۆیان جێبەجێبكەن و دەسەڵاتەكان بەكاربهێنن.

## یەکەم/ ئەرک و دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەگوێرەی دەستوری ساڵی (٢٠٠٥)ی عێراقدا:

لە مادده(٦١)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە: ئەنجومەنی نوێنەران ئەم كارانەی خوارەوەی لە ئەستۆدایە:

(یەكەم: دانانی یاسا فیدرالیەكان. دووەم: چاودێریكردنی دەسەلآتی راپەڕاندن. سێیەم: هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار. چوارەم: ڕێكخستنی پرۆسەی پەسەندكردنی پەیماننامەو ڕێككەوتنە نێودەوڵەتیەكان بە دانانی یاسایەك كە لەلایەن زۆرینەی ٢/٣ ی دەنگی ئەندامانەوە پەسەند دەكرێت. پێنجەم: نیشاندانی ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی هەریەك لە:

أ – سەرۆك و ئەندامانی دادگای تێهەڵچوونەوەی فیدراڵی و سەرۆكی داواكاری گشتی و سەرۆكی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری بە زۆرینەی ڕەها، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی دادوەری باڵا.

ب – باڵوێزو خاوەن پلە تایبەتەكان لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران.

ج – سەرۆكی ئەركانی سوپاو جێگرەكانی و ئەوانەی لە پلەی سەركردەی تیپ (فیرقە) و بەرەو ژوورترن، هەروەها سەرۆكی دەزگای هەواڵگری لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران.

شەشەم: أ – لێپرسینەوە لە سەرۆك كۆمار.
ب – بەخشینی سەرۆك كۆمار بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.
حەوتەم: أ – ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت پرسیار ئاڕاستەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەكان بكات لەهەر بابەتێكدا لە بواری پسپۆڕی ئەواندابێت و ئەوانیش هەموویان مافی ئەوەیان هەیە وەڵامی پرسیارەكانی ئەندامان بدەنەوە، تەنها ئەو كەسەش پرسیاری كردووە مافی ڕوونكردنەوەی هەیە.
ب – لانیكەم بیست وپێنج ئەندام لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆیان هەیە بابەتێكی گشتی بخەنەڕوو بۆ تاوتوێكردن بەمەبەستی ڕوونكردنەوەی سیاسەت و كاری ئەنجومەنی وەزیران یان یەكێك لە وەزارەتەكان، بابەتەكەش پێشكەش بە سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران دەكرێت. سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرەكان وادەیەك دادەنێن تا ئامادەبن لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ تاوتوێكردنی بابەتەكە.
ج – ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بە ڕەزامەندی بیست و پێنج ئەندام مافی ئەوەی هەیە بانگێهشتنامەیەك ئاڕاستەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەكان بكات بۆ لێپرسینەوەیان لەو كاروبارانەی پەیوەندی بە پسپۆڕی ئەوانەوە هەیە، تاوتوێكردنەكەش ئەنجام نادرێت تاوەكو حەوت ڕۆژ تێپەڕ نەبێت بەسەر پێشكەشكردنی بانگهێشتنامەكەدا.
هەشتەم: أ – ئەنجومەنی نوێنەران مافی ئەوەی هەیە متمانە بكێشێتەوە لە یەكێك لە وەزیرەكان بە زۆرینەی ڕەها، وەزیرەكەش بە لەكارلادراو دەژمێردرێت لە بەرواری بڕیاری كێشانەوەی متمانەوە. نابێت ئەم بابەتە بخرێتە ڕوو تەنها لەسەر ڕەزامەندی خۆی نەبێت یان بە داوایەك كە واژووی پەنجا ئەندامی پێوەبێت، لەئەنجامی تاوتوێكردنی بانگهێشتەكە كە ئاڕاستەی كراوە،

ئەنجومەنیش بڕیاری خۆی نادات لەسەر داواکە تاوەکو بەلایەنی کەم حەوت ڕۆژ تێپەڕ نەبێت بەسەر بەرواری پێشکەش کردنی داواکاریەکەدا.

هـ – ئەنجومەنی نوێنەران مافی بانگهێشتکردن و بەخشینی بەرپرسانی دەستە سەربەخۆکانی هەیە لە ئەرکەکانیان بەگرتنەبەری هەمان ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ وەزیرەکان دەگیرێتەبەر بەزۆرینەی ڕەها.

## دووەم/ ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەگوێرەی (یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی)یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ی هەمووارکراو

### ماددەی (١٠):

دووەم: ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی ئەنجومەن و کۆبوونەوەکانی ئەو لیژنەیەی کە تێیدا ئەندامن .....

### ماددەی (١٥):

یەکەم: پەیوەندی و ئاڕاستەکردنی نووسراوەکانی ئەنجومەن، لەوانەش نووسراوەکانی ئەندامانی ئەنجومەن لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەرکی یاسادانان و چاودێری و نوێنەرایەتییکردن (بەگوێرەی دەستوور و ئەم یاسایە و پەیڕەوی ناوخۆ)، بەنامەو نووسراوی فەرمی دادەنرێن و دەبێت دامەزراوە گشتییەکان لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ لە بەرواری وەرگرتنیانەوە وەڵامیان بدەنەوە.

### ماددەی (١٦):

یەکەم: پێویستە سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەت هاوکاری نوێنەر بکەن بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵی نوێنەرایەتی خۆی ئەنجامبدات سەبارەت بە کاروباری خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان.

### ماددەی (٢٧):

ئەنجومەن دەسەڵاتی چاودێریکردنی خۆی کە لە دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان و پەیڕەوی ناوخۆدا هاتوون، بەکاردەهێنێت بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە لەم یاسایە و پەیڕەوی ناوخۆدا، دەقیان لەبارەوە هاتووە لەڕێگەی ئامرازە بەردەستەکانەوە، لەوانەش:

یەکەم: لێپرسینەوە و بەخشینی سەرۆك کۆمار.

دووەم: پرسیارکردن لە سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان و بەرپرسانی دەستە سەربەخۆکان و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پارێزگارەکان و سەرۆکی ئەو دەستانەی پەیوەستنین بە وەزارەتێکەوە.

سێیەم: ڕوونکردنەوەی سیاسەت و ئاستی بەجێگەیاندنی ئەنجوومەنی وەزیران یان یەکێك لە وەزارەتەکان.

چوارەم: پرسیارکردن لەسەرۆك وەزیران و وەزیرەکان و بەرپرسانی دەستە سەربەخۆکان.

پێنجەم: سەندنەوەی متمانە لەسەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان و بەخشینی بەرپرسانی دەستە سەربەخۆکان.

شەشەم: ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەهەر یەکێك لە بەرپرسانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەستە سەربەخۆکان، لەو بابەتانەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

حەوتەم: داوای زانیاری و بەڵگەنامە لە هەر دەزگایەکی فەرمی، سەبارەت بە هەر بابەتێکی پەیوەست بە بەرژەوەندی گشتی، مافی هاووڵاتیان، جێبەجێکردنی یاساکان، یان جێبەجێکردنیان لەلایەن دامەزراوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەستە سەربەخۆکانەوە.

هەشتەم: داواکردنی ئامادەبوونی هەر کەسێك بۆ گەواهیدان، ڕوونکردنەوەی هەڵوێستێك، یان زانیاریدان سەبارەت بە هەر بابەتێك کە لەبەردەم ئەنجومەنەکەدا پێشکەشبکرێت.

نۆیەم: ئەنجامدانی سەردان و بەسەرکردنەوە بۆ وەزارەت و فەرمانگەکانی دەوڵەت بۆ دڵنیابوونەوە لەجێبەجێکردنی برگەکانی دەستوور و یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی و بڕیارە کارپێکراوەکان بەشێوەیەکی دروست.

**ماددەی (٢٩):**

نوێنەر بەپێی ئەو برگانەی لەپەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە، دەتوانێت پرسیار ئاڕاستەی سەرۆك وەزیران، وەزیرەکان، سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکان، پارێزگارەکان و سەرۆکی دەزگاکانی نەبەستراو بە وەزارەتێکەوە بکات، بە شێوەی زارەکی یان نووسراو، لەسەر هەر بابەتێك کە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەوانەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتێك کە نوێنەرەکە نایزانێت، یان بۆ پشتڕاستکردنەوە لە ڕوودانی ڕووداوێك کە بۆی زانراوە، یان بۆ ئەوەی بزانێت حکومەت مەبەستی چییە لە بابەتێکدا، پرسیارکەر بە تەنیا مافی ئەوەی هەیە لێدوان لەسەر ئەو وەڵامە بدات کە بەرپرسەکە پێشکەشیکردووە.

## تێبینی:

١. هاوکات جگە لەو ئەرکانەی سەرەوە کە دەستورو یاسا بۆ نوێنەرانی دیاریکردوون، هاوکاتیش ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەرکێکی سەرەکییان لەسەرشانە کە بریتییە لە نوێنەرایەتییکردنی هاووڵاتیان و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن.

٢. بونیاد لەسەر ئەو دەقە دەستوری و یاسایی وپەیڕەوییانە کە خرانەڕوو، بنەمای دیاریکردنی ئاستی بەجێگەیاندنی کاری نوێنەران لەم ڕاپۆرتەدا کراوەتە پێوەرو سەرجەم ئەو چالاکییانەی (کە گەیشتوونەتە تیمی پرۆژە) لەسەر ئەو پێوەرە دەستوری و یاساییانە ئەژمارکراون.

## چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی:

لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن، نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی رابردوودا بەمشێوازانە چالاکییەکانیان ئەنجامداوە:

**یەکەم/ ئەوچالاکییانەی کە لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ئەنجامیانداون و گەشتوونەتە تیمی پرۆژە، بریتین لە:**

١. ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران.
٢. بەشداریکردن لە گفتوگۆو تێچینەکان (موداخەلات)ی دانیشتنەکانی ئەنجومەندا.
٣. پرسیاری پەرلەمانی.
٤. بەشداریکردن لەکۆبوونەوەو میوانداریکردن و چالاکی لیژنە هەمیشەییەکاندا.
٥. بەشداریکردن لە کۆبوونەوەو چالاکی لیژنە لاوەکییەکاندا.

**دووەم/ ئەو چالاکییانەی کە لەدەرەوەی باڵەخانەی ئەنجومەنی نوێنەراندا ئەنجامدراون و گەیشتوونەتە تیمی پرۆژە، بریتین لە:**

١. ئاراستەکردنی نووسراو بۆ دامەزراوە گشتییەکان.
٢. سەردانیکردن بۆ دامەزراوە گشتییەکان.
٣. بەسەرکردنەوەو بەدواداچوون بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان...هتد.
٤. ئامادەبوون لەو چالاکییانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە دەرەوەی وڵات ئەنجامیداون.

**سێیەم/** بۆزانیاری زیاتر لەسەر چالاکی نوێنەرانی پارێزگا سلێمانی، لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووك) بەستەری پەڕەی نوێنەران، بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).

# ئەو چالاکییانەی کە لە نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ئەنجامدراون.

## یەکەم/ ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا:

ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، کە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ پێویستە سەرجەم ئەندامان (جگە لەوانەی مۆڵەت وەردەگرن)، ئامادەی دانیشتنەکان بن، لانیکەم پێویستە لە هەفتەیەکدا دووجار ئەنجومەن دانیشتن ئەنجامبدات. وەک تیمی پڕۆژە ناتوانین خشتەی ئامادەبووان و ئامادەنەبووانی نوێنەران بڵاوبکەینەوە.

لەماوەی (٢٠٢٣/١٠/١ – ٢٠٢٤/٩/٣٠) ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر پێگەی فەرمی خۆی تەنها لیستی ئامادەبووانی (٦) لە دانیشتنەکانی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها (١) لیستی ئامادەنەبوونی نوێنەرانی بڵاوکردوونەتەوە.

خشتەی ژمارە (٦)

خشتەی تایبەت بە لیستی ئامادەبووان و ئامادەنەبووانی ئەندامان لە دانیشتەنەکان، کە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) بڵاویکردوونەتەوە

| ز | ژ. دانیشتن | بەرواری دانیشتن |
|---|---|---|
| ١ | ١٧ | ٢٠٢٣/١٠/١ |
| ٢ | ٢٢ | ٢٠٢٣/١٠/١٥ |
| ٣ | دانیشتنی نائاسایی | ٢٠٢٣/١١/١٥ |
| ٤ | دانیشتنی نائاسایی | ٢٠٢٣/١٠/١٨ |
| ٥ | ٦ | ٢٠٢٤/٢/١٢ |
| ٦ | ٨ | ٢٠٢٤/٢/١٤ |
| ٧ | ١ | ٢٠٢٤/٤/١٧ |

## دووەم/ بەشداریکردن لە گفتوگۆو تێچینەکان (مودادخەلات)ی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، بەشداریکردن لەدانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یەکێکە لەئەرکە سەرەکییەکانی ئەندامانی ئەنجومەن و پێویستە پابەندبن بە ئامادەبوون لە دانیشتنەکاندا، چونکە لەدانیشتنەکاندا گفتوگۆو تاوتوێکردن و هەمواروڕەتکردنەوەو پەسەندکردنی ڕەشنووسی یاساکان،....هتد ئەنجامدەدرێت، ئەمە جگەلە گفتوگۆکردنی کێشەو گرفتە سەرەکییەکان.

لە ماوەی (٢٠٢٣/١٠/١ – ٢٠٢٤/٩/٣٠)دا، لە کۆی (١٨) نوێنەری پارێزگای سلێمانی تەنها (١٢) نوێنەر بەشدارییان لە تێچین (موداخەلەکان)ی ئەنجومەنی نوێنەراندا کردووە، ژمارەشیان (٧٢) تێچین بووە

## سەرچاوەی پشتڕاستکردنەوەی تێچینەکان:

یەکەم کۆنووسی فەرمی دانیشتنەکان، کە ئەنجومەن نوێنەرانی عێراق لەسەر پێگەی فەرمی خۆی بڵاویکردوونەتەوە.

دووەم/ پێش بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە، ژمارەی بەشداریکردن لە گفتوگۆکان و تێچینەکان (مودادخەلات) نێردراوەتەوە بۆ نوێنەران بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لە ژمارەکان و پشتڕاستکردنەوەیان.

## خشتەی ژمارە (٧)
## بەشداریکردنی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە تێچینەکانی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

| ز | نوێنەر | ژ. تێچین |
|---|---|---|
| ١ | موسەننا ئەمین نادر | ١٨ |
| ٢ | بڕیار ڕەشید شەریف | ١٥ |
| ٣ | غەریب ئەحمەد مصطفی | ١٤ |
| ٤ | دارا حەمە ئەحمد | ٧ |
| | سۆران عمر سعید | ٦ |
| ٥ | سروە محەمەد ڕەشید | ٣ |
| | سروە عبدالواحد قادر | ٢ |
| | نەرمین مەعروف غەفور | ٢ |
| | بەدریە ابراهیم ڕەشید | ٢ |
| ٦ | ڕێبوار ئەوڕەحمان وەستا صالح | ١ |
| | ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین | ١ |
| | چرۆ حەمە شەریف عبدالله | ١ |
| | کاروان عەلي یاروەیس | ٠ |
| | شوان محمد رۆستەم | ٠ |
| ٧ | مۆفەق حسین قادر | ٠ |
| | ئاریان عەزیز ئەحمەد | ٠ |
| | یادگار محمود نەسروڵا | ٠ |
| | بەدریە حسین عەزیز | ٠ |
| سەرجەم | | ٧٢ |

## سێیەم/ نووسراوەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بۆ دامەزراوە گشتییەکان:

بەگوێرەی وێنەی ئەو نووسراوانەی کە نوێنەران بۆ تیمی پرۆژەیان ناردووە، لەماوەی (٢٠٢٣/١٠/١ – ٢٠٢٤/٩/٣٠)دا نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی (٧٣٣) نووسراویان ئاراستەی دامەزراوە گشتییەکان کردووە، پاش وردبینیکردن لە نووسراوەکان و پۆلێنکردنیان، لەکۆی (٧٣٣) نووسراو، کە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، ئاراستەی دامەزراوە گشتییەکانیان کردووە، (٣٥٥) نووسراو وەڵامنەدراونەتەوە، تەنها (٣٧٨) نووسراویان وەڵامدراونەتەوە، بەڵام ڕێژەیەکی زۆرکەمیان ناوەڕۆکەکەیان جێبەجێکراون، یان ڕەتکراونەتەوە، یان هەواڵەی دامەزراوەیەکی دیکە کراون. ناوەڕۆکی نووسراوەکانیش بریتیبوون لە:

خشتەی ژمارە (٨)

ناوەڕۆکی نووسراوە وەڵامدراوەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | پرسی گشتی | ٢٦٠ |
| ٢ | داواکردنی زانیاری | ٥٥ |
| ٣ | پرسیاری پەرلەمانی | ٣٢ |
| ٤ | نووسراو بۆ دادگاکان و دەستەی دەستپاکی | ١٥ |
| ٥ | داوای ڕوونکردنەوە (استفسار) | ١٦ |
| کۆی گشتی | | ٣٧٨ |

١. لەیەک ڕۆژداو بۆ داواکاری یەک فەرمانگە، نوێنەرێکی پارێزگای سلێمانی، سێ نووسراوی ئاراستەی یەک وەزارەت کردوون، کە دەکرا هەرسێ نووسراوەکە بکرایە بەیەک نووسراو.

٢. بۆ بەدواداچوون بۆ بابەتەکانی (سێ مووچە نەدراوەکەی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣، شایستە داراییەکانی گەنمی جوتیاران، تەوتینی مووچەو هەژماری مێن، کردنەوەی لقی بانکی ناوەندی و ڕافیدەین و ڕەشید لە

سلێمانی، زانیاری لەسەر موڵکەکانی بانکەکانی حکومەتی ناوەندی لە هەرێم، پشکنین بۆ روفاتی ئەنفالکراوان....هتد) نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بەجیا خۆیان نووسراویان کردووە.

٣. سەرەڕای چەندینجار جەختکردنەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و وەزارەت و دەستە سەربەخۆکان، لەسەر راگرتنی دامەزراندنی فەرمانبەران، بەڵام بەشێک لەنوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بەردەوام نووسراویان بەرزکردۆتەوەو داوای دامەزراندنیان کردووە، هەموو جارێکیش وەڵامەکان نەرێنی بوون و ناوەڕۆکی نووسراوەکان رەتکراونەتەوە یان وتراوە لەکاتی بوونی پلەی وەزیفی بەتاڵ (شاغر) بەگوێرەی یاساو رێنماییەکان.

٤. زۆربەی هەرە زۆری ئەو نووسراوانەی رەتنەکراونەتەوە، ئەو نووسراوانەن کە ناوەڕۆکەکەیان بریتین لە داواکردنی داتاو زانیاری.

٥. سەرەڕای بوونی گشتاندنێکی ئەمینداریتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە ژمارە (٥٠١٣٨) لە (٢٠٢٣/١٠/١٩) بڕگەی (٥) کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە ئاڕاستەکراوە، تیایدا هاتووە؟ (پێویستە داواکاری هاووڵاتی لەلایەن نوێنەرانەوە، راستەوخۆ بۆ وەزارەتەکان بێت.) بەڵام هەندێک لە نوێنەران نووسراوی هاووڵاتیانیان راستەوخۆ ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە.

٦. نوێنەر (سۆران عمر سەعید) زۆرترین نووسراوی ئاڕاستەی دامەزراوە گشتییەکان کردووە، لەپلەی دووەمیشدا، نوێنەر (نەرمین غەفور مەعروف) زۆرترین نوسراوی وەڵامدراوەی هەبووە، (بریار رەشید شەریف) بەپلەی سێیەم دێت لە ئاڕاستەکردنی نووسراودا، (ئەوانەی گەشتوونەتە تیمی پرۆژە). ناوەڕۆکی نوسراوەکانیش جگە لەبابەتە گشتییەکان، بریتین لە:

## خشتەی ژمارە (٩)

## پۆلێنی نووسراوەکانی نوێنەر (سۆران عمر سەعید)

| ز | ناوەڕۆک | ژمارە |
|---|---|---|
| | گشتی | ٨٢ |
| ١ | پرسیاری پەرلەمانی | ٢٤ |
| ٢ | نووسراو بۆ دادگاکان و دەستەی دەستپاکی | ١١ |
| ٣ | داواکردنی زانیاری | ٨ |
| ٤ | داوای ڕوونکردنەوە (استفسار) | ٠ |
| سەرجەم | | ١٢٥ |

## خشتەی ژمارە (١٠)

## پۆلێنی نووسراوەکانی نوێنەر (نەرمین مەعروف غەفور)

| ز | ناوەڕۆک | ژمارە |
|---|---|---|
| | گشتی | ٣٦ |
| ١ | داواکردنی زانیاری | ٢٨ |
| ٢ | پرسیاری پەرلەمانی | ٥ |
| ٣ | داوای ڕوونکردنەوە (استفسار) | ١ |
| ٤ | نووسراو بۆ دادگاکان و دەستەی دەستپاکی | ٠ |
| سەرجەم | | ٧٠ |

## خشتەی ژمارە (١١)

## پۆلێنی نووسراوەکانی نوێنەر (بڕیار ڕەشید شەریف)

| ز | ناوەڕۆک | ژمارە |
|---|---|---|
| | گشتی | ٤٩ |
| ١ | داوای ڕوونکردنەوە (استفسار) | ١١ |
| ٢ | داواکردنی زانیاری | ٤ |
| ٣ | نووسراو بۆ دادگاکان و دەستەی دەستپاکی | ٢ |
| ٤ | پرسیاری پەرلەمانی | ١ |
| سەرجەم | | ٦٧ |

## چوارەم/سەردانیکردنی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بۆ دامەزراوە گشتییەکان:

١. ئەرکێکی دیکەی نوێنەران بریتییە لە سەردانیکردن و بەسەرکردنەوەی وەزارەت و دامەزراوە گشتییەکان لەسەر هەردوو ئاستی ناوەند و هەرێم:

٢. لە ماوەی (٢٠٢٣/١٠/١ – ٢٠٢٤/٩/٣٠)دا، (٤٤٢) پێشوازی و سەردانیکردنی نوێنەران بۆ دامەزراوە گشتییەکانی حکومەتی ناوەند، (٢٤٤) سەردانیکردن بۆ دامەزراوەکانی هەرێم، (لەوانەی بە تیمی پرۆژە گەیشتوون).

٣. ئەوەی جێگەی سەرنجە، زۆربەی سەردانەکان بۆ گەیاندنی داواکاری و سکاڵای هاووڵاتیان و گەیاندنی هەندێک پرسی گشتی بووە، کەمتر سەردانیکردن ئەنجامدراوە بەمەبەستی ئاگاداربوون و بەدواداچوون بۆ ئاستی بەجێگەیاندن (الاداء)ی وەزارەت و فەرمانگەکان، بەگوێرەی برگەی (نۆیەم)ی ماددەی (٢٧) لە (یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی).

٤. هەندێک لە نوێنەران هۆکاری کەمی سەردانیکردنیان بۆ دامەزراوە گشتییەکان، لەسەر هەردوو ئاستی ناوەند و هەرێم، بۆ هۆکار دەگێڕنەوە لە دامەزراوەکان وەک پێویست کارئاسانیان بۆ ناکرێت.

٥. هەندێک لە نوێنەران، بەتیمی پرۆژەیان ڕاگەیاند کە بەشێوازی جۆراو جۆر لەسەر هەردوو ئاستی ناوەندو هەرێم، ڕێگرییان لێدەکرێت لەوەی سەردانی دامەزراوە گشتییەکان بکەن؛ بەڵام هیچ بەڵگەیەکی فەرمی بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕێگریکردنەکە بۆ تیمی پرۆژە نەنێردرا.

٦. نوێنەر (بریار رەشید شەریف) زۆرترین سەردانیکردنی هەبووە بۆ دامەزراوە گشتییەکانی حکومەتی ناوەندی، لەپلەی دووەمیشدا، نوێنەر

نوێنەر (کاروان عەلی یارەویس) دێت و نوێنەر (موسەننا ئەمین نادر) بەپلەی سێیەم دێت، (ئەوانەی گەشتوونەتە تیمی پرۆژە).

٧. لەسەر ئاستی هەرێمیش نوێنەر (بریار رەشید شەریف) زۆرترین سەردانیکردنی هەبووە بۆ دامەزراوە گشتییەکان ، لەپلەی دووەمیشدا، نوێنەر (سروە محەمەد رەشید) دێت و نوێنەر (چرۆ حەمە شەریف) بەپلەی سێیەم دێت، (ئەوانەی گەشتوونەتە تیمی پرۆژە).

## پێنجەم/ ئەندامێتی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە لیژنە تایبەتەکاندا:

سەرەڕای ئەندامێتی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە لیژنە هەمیشەییەکاندا، هاوکات هەندێک لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، وەک سەرۆک یان ئەندام لە لیژنە لاوەکییەکاندا رۆڵیان هەبووە، (بەگوێرەی ئەو نووسراوانەی کە نوێنەران پێشکەشی تیمی پرۆژەیان کردووە)، بریتین لە:

یەکەم/ سەرۆکایەتی لیژنە لاوەکییەکان بە سەرۆکایەتی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا:

خشتەی ژمارە (١٢)

| ز | ناوی نوێنەر | سەرۆک لەلیژنەی لاوەکیدا |
|---|---|---|
| ١ | ئاسۆ فەرەیدون عەلی | سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتیاری نەوت و غازی باکور. |
| ٢ | بریار رەشید شەریف | سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوون بۆ کارەکانی دەستەی دەروازە سنوریەکان. |

دووەم/ ئەندامێتی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە لیژنە لاوەکییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا

خشتەی ژمارە (١٣)

| ز | ناوی نوێنەر | ئەندامێتی لە لیژنە لاوەکییەکاندا |
|---|---|---|
| ١ | نەرمین مەعروف | -ئەندامی لیژنە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای وەزارەتی دارایی و فەرمانگەکانی سەربە وەزارەتی ناوبراو.<br>-ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوە سەبارەت سکاڵای هاووڵاتیان لەسەر کاری (جمعيات الاقساط) سەر بە کۆمپانیای جیهانی (کی کارد) و بانکی رافیدەین.<br>-ئەندامی لیژنەی کاتی بۆ (چاودێریکرنی پاراستنی موڵکەکانی دەوڵەت)<br>-شێوازی خەرجکردنی شایستە داراییەکانی هەرێم لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراق و ئاستی پابەند بوونی هەرێم بە جێبەجێکردنی بەندەکانی بودجەی فیدارڵی بۆ ساڵی دارایی (٢٠٢٣-٢٠٢٤-٢٠٢٥) |
| ٢ | دارا حەمە ئەحمەد: | -ئەندامی لیژنە بۆ بەسەرکردنەوەی زیندانەکانی ناوەڕاست و خواری عێراق.<br>-ئەندامی لیژنە بۆ چاودێریکردنی کارەکانی کۆمسیۆن لە رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا.<br>-ئەندامی لیژنە بۆ چێککردنەوەی ئامێرەکانی دەنگدان.<br>-هەڵسەنگاندنی راپۆرتەکانی هەندێک لە دەستە سەربەخۆکان. |
| ٣ | سروە محەمەد رەشید | -لیژنەی لێکۆڵینەوەی پرۆژەی کرینی ئالیات و معدات لامانة بغداد.<br>-لیژنەیەک بۆ چاودێری رێکەوتنامەی دروستکردنی (١٤٤) خوێندنگەی نمونەیی لە پارێزگای بەغداد.<br>-لیژنەی هاوڕێیایەتی عێراق (الصداقة العراقية) - (اليونانية - البرتغالية)<br>-لیژنەی چاودێری و سەرپەرشتیکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای دیالە. |
| ٤ | سۆران عمر سعید | ئەندامی لیژنە بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون لەسەر کۆمپانیای گشتی بەندەرەکانی عێراق بەتایبەت گرێبەست و داهات و کارەکانیان لەبەندەری فاو |

## شەشـــەم/ ئامـــادەبوون لە نووســـینگەی ســـلێمانی و هەڵەبـــجەی (ئەنجومەنی نوێنەران)

لە کاتێکدا بەشێکی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی پشتگیری بوونی نووســینگەکانی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق دەکەن و پێیـانوایە ئەم نووســینگانە بـۆ خزمەتـی هاووڵاتیـان کـراونەتەوەو راســتەوخۆ نـوێنەران لەگەڵ هاووڵاتیان بێجیاوازی گفتوگۆ دەکەن.

هەندێک لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، هاوشێوەی خولەکانی پێشوو، لەمساڵیشدا وەک پێویست گرنگییان بە ئامادەبوون لە نووسینگەکانی سلێمانی و هەڵەبجەی (ئەنجومەنی نـوێنەرانی عێراق)نەداوە، بە پاساوی ئەوەی بـوونی ئەو نوسـینگانە بەگرنـگ نـازانن، هاوکـات ئەمسـاڵ جیـاواز لە سـاڵانی رابـردوو رەخـنەو گلەییـان ئاڕاسـتەی (رێکخـراوی کوردسـتان بـۆ هەمووان) کرد بەوەی کە نابێت ئامادەبوونی نوێنەران لە نووسینگەکانی ئەنجومەنی عێراق لە راپۆرتەکانیدا بڵاوبکاتەوە.

لیسـتی ئامـادەبوونی نـوێنەرانی پارێزگـای سـلێمانی لە نووسـینگەکانی (ســـلێمانی و هەڵەبـــجە)دا لە راپـــۆرتەکەدا خـــراونەتەڕوو، ئەویـــش بـــۆ لەبەرچـاوگرتنی ئەو ئامانجـانەی کە (ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق) لە نووسینگەکاندا مەبەستێتی بەدیبێت. بەو ئومێدەی لە ساڵی ئاییندەدا ئەو ئەنـدامە بەڕێـزانەی کە ئامادەبوونیـان لە نووســینگەکانی ئەنجـومەنی نوێنەراندا بەگرنـگ نـازانن پرسـەکە لە ئەنجـومەنی نـوێنەران یەکلایـی بکەنەوە.

مـاددەی (١٥٠)ی پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نوێنەرانـدا هـاتووە: (تفـتح مكاتـب للمجلـس فـي المحافظـات لتـأمين التواصـل بـين أعضـاء مجلـس النواب والجماهير).

ئەمساڵ بە دوو هۆکار رێژەی ئامادەبوون لە نووسینگەی سلێمانی دابەزیوە:

**یەکەم/** هەندێک لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەگەڵ ئامادەبوون لەو نووسینگانە نین و بەتیمی پرۆژەیان راگەیاند: "کە ئیشی نوێنەر نیە بچێت لەو نووسینگانە دابنیشێت و وەک فەرمانبەر لەوێ دەوام بکات".

**دووەم/** گواستنەوەی نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشێوەی کاتی، بۆ ناو ئۆفیسی (رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت) نیگەرانی لای هەندێک لە نوێنەران دروستکردووە، بەشێک لەنوێنەران بەتیمی پرۆژەیان راگەیاند: "کە ئەوان ئامادەنین بچنە ئەو ئۆفیسە کاتییە وتێبینیمان لەسەر ئەو شوێنە هەیە چونکە شوێنێکی حیزبیە". لە کاتێکدا لە (٢٠٢٤/١/١١)داو بە ئامادەبونی نوێنەر (دارا حەمە ئەحمەد) شاندێک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە پێکهاتبوون لە (حەیدر موسەننا بەرێوەبەری گشتی کاروباری ئەندامان و ئاری جاسم نوێنەری جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و شکری محمود بەرێوەبەری گشتی دارایی و بیلال کنعان بەرێوەبەری گشتی فەرمانگەی ئەندازیاری و محمد عبدالواحد بەرێوەبەری ئاسایشی ئەنجومەن و ئەندازیاری بیناسازی بکر عبدالکریم) سەردانی نووسینگەی کاتییەکەی سلێمانیان کرد، شاندەکە بۆ دەستپێکردنی رێکارە یاساییەکانی روخاندن و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی نووسینگەی سلێمانی هاتبوون کە لە مانگی تشرینی دووەمی (٢٠٢٣)دا چۆڵکرا، بەهۆی داروخان و لێکترازانی بەشێکی زۆری خانووەکە، هاوکات شاندەکەی ئەنجومەنی نوێنەران سوپاس و پێزانینی خۆی بەفەرمی ئاراستەی رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت کردووە، لەپای ئەوەی بەشێکیان تایبەتکردووە بە نووسینگەی سلێمانی، هەتا بتوانێت درێژە بە کارەکانی بدات (بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣)).

**سێیەم/** ئەگەرچی لە پارێزگای هەڵەبجە نووسینگەی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) هەیە، کە لەبارەگای فەرمی ئەنجومەنی نوێنەراندایە،

بەڵام نوێنەرانی سنوری بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٣)، لە پارێزگای هەڵەبجە ئامادەبوونیان لە نووسینگەکەدا وەک پێویست نییە.

خشتەی ژمارە (١٤)

ئامادەبوونی نوێنەران، لەنووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

| ز | ناوی نوێنەر | ژمارەی ئامادەبوون |
|---|---|---|
| ١ | دارا حەمە احمد حسن | ٧٦ |
| ٢ | بڕیار ڕەشید شەریف | ٦٨ |
| ٣ | سۆران عمر سعید | ٣٢ |
| ٤ | نەرمین معروف غفور | ١٨ |
| ٥ | موسەننا ئەمین نادر | ٦ |
| ٦ | یادگار محمود نوسروڵا | ٣ |
| ٧ | ڕێبوار ئەوڕەحمان | ٢ |
| ٨ | ئاسۆ فەرەیدون علی | ١ |
| | بدریە ابراهیم رشید | ١ |
| | شوان محمد روستم | ١ |
| | کاروان علي یارویس | ١ |
| کۆی گشتی | | ٢٠٩ |

لەکۆی (١٨) نوێنەرەکەی پارێزگای سلێمانی (٧) نوێنەریان هیچ ئامادە بوونێکی لە نووسینگەکە نەبووە

خشتەی ژمارە (١٥)

ئامادەبوونی نوێنەران، لەنووسینگەی هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

| ز | ناوی نوێنەر | ژمارەی ئامادەبوون |
|---|---|---|
| ١ | چرۆ حەمە شەریف | ١٠ |
| ٢ | دکتۆر موسەنا ئەمین | ٣ |
| ٣ | ئاریان عەزیز ئەحمەد | ٠ |
| کۆی گشتی | | ١٣ |

## حەوتەم/ ئامادەبوون لە نووسینگە تایبەتەکانی نوێنەران.

**یەکەم/** لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢١/١٠/١٠)دا پارێزگای سلێمانی بەسەر (٥) بازنەدا دابەشکرا، بەشێک لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە سنووری بازنەکانی خۆیان نووسینگەی فەرمی تایبەت بە خۆیان لەدەرەوەی بارەگا حزبییەکان کردەوە، بەڵام هەندێکیان دوای ماوەیەکی زۆرکورت، نووسینگەکانیان داخست.

جگەلە نووسینگە تایبەتەکانی نوێنەران (غەریب ئەحمەد مستەفا) و (سۆران عمر سعید)لە سنوری بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٤)دا نەبێت، هەتا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە نووسینگەکانیان بەردەوامن لە کارکردن.

## نووسینگەی نوێنەر (غەریب ئەحمەد مستەفا):

نوێنەر (غەریب ئەحمەد مستەفا) نووسینگەی تایبەتی هەیە، (بەگوێرەی بەدواداچوونەکانی تیمی پرۆژە) نووسینگەیەکی پڕ جووڵەیە، هاووڵاتیان سەردانیدەکەن و تەنانەت شاندی باڵاو بەڕێوەبەرەگشتییەکان لەسەر ئاستی ناوەندو هەرێم، سەردانیان کردووەو راستەوخۆ لەگەڵ نوێنەر (غەریب ئەحمەد مستەفا)دا گفتوگۆو راگۆڕینەوەیان کردووە.

## نووسینگەی نوێنەر (سۆران عمر سعید):

نوێنەر (سۆران عمر سعید) نووسینگەی تایبەتی هەیەو لەلایەن تیمێکەوە سەرپەرشتی دەکرێت، ئەم نووسینگەیە لە ساڵی رابردوودا تەنها یەک سەردانی هاووڵاتیانیانی بۆ نووسینگەکە بلاوکردۆتەوەو وەک پێویست لەلایەن بەڕێوەبەرانی فەرمانگەکان و هاووڵاتیانەوە سەردانی نەکراوەو هاوکاتیش نوێنەر (سۆران عمر سعید) وەک پێویست ئامادەبوونی لە نووسینگەکەدا نەبووە.

لە نووسینگە تایبەتەکاندا، لاوازییەکی بەرچاو بە پرسی ئەرشیف و پشتڕاستکردنەوەی سکالاکان دەبینرێت.

## تێبینی:

(رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) هەبوونی نووسینگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە سنوری هەردوو ئیدارەی سەربەخۆی (راپەڕین و گەرمیان) بەگرنگ دەزانێت، هاوشێوەی ناوەندی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە، لەپێناو بەهێزکردنی رایەڵەی پەیوەندی (نوێنەرو دەنگدەر) بەگوێرەی ماددەی (١٥٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران.

# چەند بابەتێکی تایبەت بە
# نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی
# لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

##ساڵی سێیەم
## خولی پێنجەم

# چەند بابەتێکی تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ ساڵی سێیەم/ خولی پێنجەم (٢٠٢٣/١٠/١ – ٢٠٢٤/٩/٣٠)

## یەکەم/ دیاریکردنی (٣/١٦) بە پشووی فەرمی، ناساندنی وەک دەستکەوتێک لە بری بە پارێزگاکردنی هەڵەبجە.

دوای ئەوەی چەندین ساڵ هاووڵاتیان لەچاوەڕوانی هێنانەدی بەڵێنی نوێنەراندابوون، سەبارەت بە (پارێزگابوونی هەڵەبجە) لەگەڵ ئەوەی لە خولەکانی پێشووشدا، نوێنەرانی کورد کاریان لەسەر پرسەکە کردووە، (هەتا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە) پرسی بە پارێزگابوونی هەڵەبجە کۆتایی نەهاتووە.

لەبەرامبەردا هەندێک لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، دیاریکردنی رۆژی (٣/١٦) بە پشووی فەرمی لەهەموو عێراقدا، بەدەستکەوتێکی گەورەیان ناساند، لەکاتێکدا هاووڵاتیان چاوەڕێی مژدەی تەواوبوونی رێکارەکانی (بە پارێزگابوونی هەڵەبجە) بوون!

سەبارەت بە پرسەکە، تەنها ئەم دوو نووسراوە لەلایەن نوێنەرانەوە بۆ تیمی پرۆژە نێردراون:

یەکەم/ فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە (٢٠٢٤/٥/١٢)دا نووسراوی ژمارە (٣٤٨)ی ئاراستەی لیژنەی (ئەوقاف و کاروباری عەشایەر)ی ئەنجومەنی نوێنەران کردو تیایدا داوادەکات لەپشووە فەرمییەکانی عێراقدا هەردوو رۆژی (٣/١٦) و (٤/١٤) بکرێنە پشووی فەرمی، لە (٢٠٢٤/٥/٢٢)دا نوێنەر (غەریب ئەحمەد مستەفا) جێگری سەرۆکی (لیژنەی ئەوقاف و عەشایەر) ناوەڕۆکی نووسراوەکەی (فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ئاراستەی (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کردووە.

دووەم/ لە (٢٠٢٤/٥/١٨)دا نوێنەر (ئاریان عەزیز ئەحمەد) نووسراوی ژمارە (٧٥)ی ئاڕاستەی (لیژنەی یاسایی) و (لیژنەی ڕۆشنبیری و گەشتوگوازو شوێنەوار) کردووە، هەتا ڕۆژی (١٦/ئازار) بکرێتە پشووی فەرمی، لە نووسراوەکەدا داواکراوە وەک ڕێزلێنانێک بۆ قوربانیانی کیمیابارانکردن ئەو ڕۆژە بکرێتە پشووی فەرمی. سەرۆکی لیژنەی (ڕۆشنبیری و گەشتوگوازو شوێنەوار) بەنووسراوێکی فەرمی پێشنیارەکەی نوێنەر (ئاریان عەزیز ئەحمەد)ی بەرزکردۆتەوە و تیایدا هاتووە: " تفضلكم بالموافقة على اعتمادها واخذها بنظر الاعتبار لدى اعداد الصيغة النهائية لمشروع قانون مع وافر الاحترام والتقدير".

یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ (یاسای پشووە فەرمیەکان) ڕۆژی (٣/١٦)ی بەتەنها وەک ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە نەناساندووە وەک ئەوەی (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی داوایان کردبوو)، لە یاساکەدا بەمشێوەیە پشووی ڕۆژی (٣/١٦)ی ناساندووە: (١٦) ئازار/ یادی تاوانەکانی بەعسی سەدامی بەرامبەر گەلی عێراق (هەڵەبجە، ئەنفال، گۆڕە بەکۆمەڵەکان، ڕاپەڕینی شەعبانیە، کوشتنی زانایان و پارتەکان). (بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١)).

## دووەم/ مژدەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و چاوەڕوانی هاووڵاتیان بۆ بەدیهاتنیان!!!

یەکێک لەو بابەتانەی کە لەماوەی ئەمساڵدا تێبینیکراوە، ژمارەیەک لەنوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، پێش یەکلاییبوونەوە و ئەنجامی کۆتایی چەند بابەتێکی گرنگ، مژدەیان بە هاووڵاتیان دەداو وایان دەخستەڕوو کە ئەوبابەتە چارەسەرکراوە، بابەتەکە بوو بە یەکێک لە دیارترین ئەو بابەتانەی کە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا و ژمارەیەک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە واڵکرا.

چەند نموونەیەک لە مژدەکان:

- "ئەگەر بە ٦٥ نوێنەر ی کورد و سەرجەم حزب و لایەنە سیاسیەکان ناتوانین کێشەی موچە چارەسەر بکەین، با پێکەوە دەست لەکارکێشانەوەمان پێشکەش بکەین و بیینە دەرەوە لەم حکومەت و سیستەمە سیاسیەی ئێستای عێراق".
- "یەکەم کارمان لە دوای پشووی پەرلەمان بریتی دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان".
- "لەژێر ڕۆشنایی فرۆشتنی نەوت و گرتنەدەستی مەلەفی نەوتی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراق بۆ ئەمساڵیش پێش دەستپێکردنی وەرزی سەرما بە نووسراوی فەرمی لە مانگی (٥)ی ئەمساڵ (٢٠٢٣)دا داوامانکردووە لەکاتی خۆیداو بەو نرخەی دەدرێت بە هاووڵاتیانی عێراق، نەوت بدرێت بە هاووڵاتیانی کوردستان و پەلەبکرێت لە دابەشکردنیدا، بەدرێژایی ئەم چەند مانگە کارمان لەسەر ئەم مەلەفە کردووە. پاشان لە( ٥/ ١٠)دا دووبارە بە نووسراوی فەرمی داوامانکردووە کە هەرچی زووەو نەوتی سپی بۆ هەرێمی کوردستان دابینبکرێت، بەو نرخەی کە بۆ پارێزگاکانی عێراق دابیندەکرێت کە (١٥٠) دینارە بۆهەر لیترێک (واتە بەرمیلی ٣٠٠٠٠ هەزار دینار) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پاڵپشتی داواکارییەکەمانی کردووە، بەپێی ماددەی ١١٢ی دەستور پێویستە لەسەر حکومەتی عێراق پابەندبێت بە پێدانی نەوت بە هاووڵاتیانی کوردستان بە هەمان ئەو برو نرخەی دەدرێت بە هاووڵاتیان لە پارێزگاکانی تری عێراق، بەردەوامدەبین تاپابەندکردنی وەزارەتی نەوت بەپێدانی ئەو مافەی هاووڵاتیانی هەرێم".
- " موچەی هەرێم، چارەسەری بنەڕەتی بۆ دەکرێت".
- لەرێگەی سکاڵاکەمانەوە لەدادگای فیدراڵی، کێشەی مووچەخۆرانی هەرێم چارەسەرکرا.
- "هەواڵێکی خۆش و بەپەلە: هەر ئێستا حکومەتی عێراق رازیبوو بە پرۆژەکەمان کە دوای جەژن مووچەخۆران دەتوانن حساب بانکی لە بانکی

TBIبـکەنەوەو لە ڕێـی بـانکی TBIموچەکانیـان بـدرێت. ئێسـتا خۆشبەختانە سەریگرت" .

- "لەمەولا هەر فەرمانبەرێک باوەڕی بە (هەژماری من) نیـیە ئەوا دەتوانیـت دوای جەژن لە بـانکی TBI حسـاب بـانکی بکـاتەوەو لەوێـوە مـوچە وەربگرێت".
- "جـگە لە مـوچە، لەمەودوا موچەخـۆرانی هەرێـم سـودمەند دەبـن لە هەر قەرز و سلفەیەک کە بانکی TBI لە عێرق دەیداتە بەشداربووانی".
- "لە دەرئەنجامی سکاڵاکەمان و بڕیارەکەی دادگای فیـدڕاڵی بە پابەنـدکردنی هەردوو حکـومەتی عێراقـی فیـدراڵ و هەرێمـی کوردسـتان خۆشـبەختانە کێشەی مووچەی مووچەخۆران بەرەو چارەسەر دەڕوات".

## سێیەم/ ئەو کێشانەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، زۆرتـرین بەدواداچوونیـان بـۆ کردووە.

ئەو بابەتـانەی کـە نـوێنەرانی پارێزگـای سـلێمانی لەسـاڵی سـێیەمی خـولی پێنجـەمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێـراق)دا زۆرتـرین بەدواداچوونیـان بـۆ کـردوون (ئەگەر تێبینـی بکرێـت) زۆرێـک لەم کێشـانە، لەسـاڵی رابردووشـدا نـوێنەرانی پارێزگـای سـلێمانی کـاریـان لەسـەرکـردوون، تەنـانەت زۆربەی ئەم کێشـانە کـەڵەکـەبـووی خولەکـانی رابـردووی (ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق)ن کـە چەنـدین سـاڵە ئەم بابەتـانە بە هەڵپەسـێردراوی مـاونەتەوە، هاووڵاتیـان چەنـدین سـاڵە لەچـاوەڕوانی چارەسـەرکردنیاندان و هاوکـات بەشـێکی سـەرەکـی بـوون لەبەرنـامەی هەڵبژاردنـی لایەنە سیاسـیەکـان و بەڵێنەکـانی هەڵبژاردنی بەربژێرەکان.

لەمـاوەی ئەمسـاڵدا (١٦) پرسـی سـەرەکـی کـە زۆرتـرین بەدواداچوونیـان بۆکراوە، بریتیین لە:

١. بەنیشتیمانیکردنی (توطین) مووچەی فەرمانبەران.

٢. کردنەوەی لقی بانکی ناوەندی عێراق لە سلێمانی.

٣. کردنەوەی لقی بانکی رافیدەین و رەشید لە سلێمانی.

٤. پێنەدانی مووچەی سێ مانگی کۆتایی ساڵی (٢٠٢٣)ی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

٥. دابەشنەکردنی مووچە مانگانە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا.

٦. بەپارێزگابوونی هەڵەبجە.

٧. بایکۆتی تورکیا، بۆسەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی.

٨. کێشەو گرفتەکانی نەخۆشخانەکانی پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی نەخۆشخانەی هیوا.

٩. نەکردنەوەی سەنتەری مەمۆگرافی.

١٠. دابەشکردنی نەوتی سپی ماڵان و لەکاتی خۆیدا و بەهەمان نرخەکەی لە ناوەند.

١١. هاوتاکردنی نرخی بەنزین لە هەرێم لەگەڵ نرخی بەنزین لە ناوەند.

١٢. دانەمەزراندنی خوێندکارە سێ یەکەمەکانی زانکۆکانی هەرێم.

١٣. کەموکورتی لە بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان و خراپی جۆرێتی ئارد.

١٤. داننەنانی حکومەتی ناوەند بە هەندێک لە زانکۆکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا.

١٥. تەواونەکردنی نەخۆشخانەی رانیە.

١٦. دروستنەکردنی بەنداوی نوێ.

## کێشە چارەسەرکراوەکان، بە هەوڵی نوێنەرانی لە خولەکانی پێشوو ئێستادا

١. هاوتاکردنی مووچەی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ مووچەی خانەنشینانی عێراق.

٢. خەرجکردنی شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێم.

٣. هاوتاکردنی مووچە و ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسی ناوچە جێناکۆکەکان لەگەڵ مووچەو ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسی عێراق.

٤. دیاریکردنی ڕۆژی (٣/١٦)ی هەمووساڵێک بە پشووی فەرمی لە سەرتاسەری عێراقدا.

٥. دانپێدانانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی عێراق. بە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی کۆیە.

## پێنجەم/ تێکەڵکردنی کاری حیزب و نوێنەرایەتیکردن

لە ئاکامی بەدواداچوونەکاندا تێبینیکراوە، هەندێک لە نوێنەران (هەر وەک ساڵانی ڕابردوو) بەشێک لە سەردان و بەدواداچوونەکانیان بۆ فەرمانگە و دامەزراوە گشتییەکان، بەیاوەری لێپرسراوە حیزبییەکانی خۆیان ئەنجامیانداون، ئەم دیاردەیەش متمانەبوون بە ئاستی بەجێگەیاندن (الاداء)و سەربەخۆیی نوێنەر دەخاتە ژێر پرسیار، چونکە لەم کاتەدا هاووڵاتیان ئەو سەردانە بە سەردانێکی حزبی دەبینن، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم جۆرە سەردانانە ئاماژەیە بۆ هەژموونی حیزب بەسەر فەرمانگە حکومییەکاندا.

## شەشەم/ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، سکاڵا لە دادگاکانی عێراق تۆماردەکەن:

یەکێک لەو ڕێکارانەی کە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی گرتوویانەتەبەر بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان، پەنابردن بووە بۆ (دادگای باڵای فیدراڵی عێراق)، لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا (٣)جار نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی سکاڵایان لە دادگاکان و داواکاری گشتی عێراق تۆمارکردووە، لەو سکاڵایانەش (٢) ڕەتکراونەتەوە و (١) سکاڵاش هەتا کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، یەکلایی نەکراوەتەوە.

## خشتەی ژمارە (١٦)

### یەکەم/ ئەو نوسراوانەی ئاڕاستەی داداگای باڵای فیدراڵی کراون:

| ز | نوێنەر | بەروار | بابەت | ئەنجامی |
|---|---|---|---|---|
| .١ | سۆزان عمر سەعید | ٢٠٢٤/٤/١٥ | هۆکاری خەرجکردنی سێ مووچەی ساڵی (٢٠٢٣)ی فەرمانبەرانی هەرێم | ئەم بابەتە لە تایبەتمەندی دادگای فیدراڵی نییە |
| .٢ | بریار رەشید شەریف | ٢٠٢٤/٥/١٤ | بڕیاری دادگای فیدراڵی ژمارە (٢٤٤وموحدتها٢٦٩/ اتحادية/٢٠٢٣) | ئەم بابەتە لە تایبەتمەندی دادگای فیدراڵی نییە |
| .٣ | | ٢٠٢٤/٥/١٠ | نادەستوری بوونی ماددەی (٤/١٣) و (١/١٦و٢) لە یاسای ئەنجومەنی شوارای هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨، هەروەها نادەستوری بوونی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجومەنی شوارای هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ | ئەم بابەتە هەتا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە یەکلایینەکراوەتەوە |

دووەم/ ئەو نوسراوانەی ئاڕاستەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری کراون:

خشتەی ژمارە (١٧)

| ز | نوێنەر | بەروار | بابەت | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شوان محەمەد ڕۆستەم<br>کاروان عەلی یاروەیس | ٢٠٢٣/١٠/٢٢ | جێبەجێ نەکردنی مادەی (٦) بڕگەی (٥) یاسای ژمارە (١٣) ساڵی (٢٠١٥)پاراستنی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی عێراق تایبەت بە ئەنجام نەدانی پشکنینی DNA بۆ (١٧١) روفاتی ئەنفالکراوی گەرمیان | یەکلاییکراوەتەوە |
| ٢ | سۆران عمر سەعید | ٢٠٢٤/١/٣٠ | نوسراوی ژمارە (٥٦٠٤) | ئەم بابەتە یەکلاییکراوەتەوە، داواکاری گشتی داوای ڕێکارە یاساییەکان دەکات. |
| ٣ | سۆران عمر سەعید | ٢٠٢٤/٢/٢٥ | جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی داگای باڵای فیدراڵی | هەر دەسەڵاتێک بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی جێبەجێنەکات دەستوری پێشێل کردووە زەرەرمەند لە جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی دادگا.<br>ئەوەشی بڕیاری دادگای فیدراڵی جێبەجێ نەکات لەلایەن ئەوەی زیانی بەرکەوتووە لەجێبەجێ نەکردنی بڕیارەکە مافی تۆمارکردنی سکاڵای تاوانکاری هەیە بەپێی یاسای (اصول المحاکمات الجزائیة). |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | سۆران عمر سەعید | ٢٠٢٤/٤/٢٤ | نوسراوی ژمارە (٥٥٩٣) | بابەتی نوسراوەکە یەکلایینەکراوەتەوە |
| ٥ | سۆران عمر سەعید | ٢٠٢٤/٤/٢٤ | نوسراوی ژمارە (٥٥٦٧) | یەکلایینەکراوەتەوە دادگا داوای لێدوانی کەسانی دیکەی پەیوەندیدار بەبابەتی سکاڵاکە دەکات |

## شەشەم/ ئەو پرسانەی ئاراستەی دەستەی دەستپاکی عێراق کراون

یەکێکی دیکە لەو رێکارانەی کە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی گرتوویانەتەبەر بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان، پەنابردن بووە بۆ (دەستەی دەستپاکی عێراق)، لە ماوەی ساڵی رابردوودا، تەنها پەرلەمانتار (سۆران عمر سەعید) (٢) دۆسیێی ئاراستەی (دەستەی دەستپاکی عێراق) کردووە (لەوانەی کە گەیشتوونەتە تیمی پرۆژە)، هەتاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، هیچ دۆسیێیک یەکلاییکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (١٨)

ئەو دۆسیێیانەی ئاراستەی دەستەی دەستپاکی عێراق کراون

| ز | نوێنەر | بەروار | بابەت | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سۆران عمر | ٢٠٢٤/١/٣٠ | تایبەت بە کۆمپانیای (م.ت) | حەواڵەکراوە بۆ دادگای لێکۆڵینەوەی کەرخ/٢ |
| ٢ | سۆران عمر | ٢٠٢٤/٣/١٩ | نوسراوی ژمارە (٥٥٩٢) | حەواڵەکراوە بۆ دادگای لێکۆڵینەوەی کەرخ/٣ |

## حەوتەم/ بەراوردی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەماوەی دووساڵدا

لەساڵی رابردوودا کۆی ئەو چالاکییانەی گەیشتنە تیمی پرۆژە و لە راپۆرتی نۆیەمدا بڵاوکرانەوە (١٢١٦)چالاکی بوون، لەم راپۆرتەدا،

(١٦٥٨)چالاکی گەیشتووەتە تیمی پڕۆژە، بەراورد بەساڵی رابردوو ژمارەی چالاکییەکان زیادیان کردووە.

سەبارەت بە ئامادەبوونی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە نووسینگەی سلێمانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)دا، لەساڵی رابردوودا (٢٦٥)جار نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی ئامادەبوون، بەڵام لەم ساڵدا ژمارەکە (٢٠٩) بۆ بەراورد بدەساڵی رابردوو، ئامادەبوونی نوێنەران کەمیکردووە، لەم نووسینگانە نوێنەران چەندین هاووڵاتی و رێکخراو و بەرپێوەبەر و کارمەندانی چەندین فەرمانگەیان بینیوەو داواکاریەکانیان گەیاندووەتە دامەزراوە گشتییەکان، ئەمەش گۆڕانێکی ئەرێنییە بەراورد بە خولەکانی پێشوو، لەخولەکانی پێشوودا، زۆربەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، لەبارەگا حزبییەکاندا ئۆفیسی تایبەت بەخۆیان هەبوو، لەوێ هاووڵاتیانیان دەبینی، کە زیاتر ئەندام و لایەنگرانی حزبەکانیان سەردانیاندەکردن، نووسینگەکانی ئەنجومەنی نوێنەران تاڕادەیەکی زۆر فەراموش کرابوون.

- چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە(١/١٠/٢٠٢٢ - ٣٠/٩/٢٠٢٣)

- چالاکی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە سەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردن

- هەڵسەنگاندنێک بۆ بەجێگەیاندن (الاداء)ی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ ساڵی سێیەم

# چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی
# ساڵی سێیەم/ خولی پێنجەم

(٢٠٢٣/١٠/١ - ٢٠٢٤/٩/٣٠)

## چەند تێبینیەک لەسەر چالاکییەکان:

لێرەدا تەنها ئەو چالاکییانە بڵاوکراونەتەوە کە (**گەیشتوونەتە تیمی پڕۆژە**) و پێش بڵاوکردنەوەیان، کۆی ئەو چالاکییانە، نێردراونەتەوە بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، وەڵام و هەڵوێستی نوێنەرانیش بەمشێوەیە بوون:

1. سوپاسی هەندێک لە نوێنەران دەکەین کە پێداچوونەوەیان بە لیستی چالاکییەکانیاندا کردۆتەوەو وەڵامی کۆتایی تیمی پڕۆژەیان داوەتەوەو ژمارەی کۆتایی چالاکییەکانیان بۆ تیمی پڕۆژە پشتڕاستکردۆتەوە.

١. بەداخەوە، هەریەکە لە نوێنەران (بەدریە حسێن عەزیز) و (بەدریە ئیبراهیم رەشید)، وەڵامی تیمی پڕۆژەیان نەدایەوەو ئامادەنەبوون ژمارەو جۆری چالاکییەکانیان بۆ تیمی پڕۆژە، پشتڕاست بکەنەوە، تەنها ئەو چالاکییانە بڵاوکراونەتەوە کە خۆیان لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بڵاویانکردبوونەوە.

٢. نوێنەر (یادگار مەحمود نەسروڵا)، بەپاساوی ئەوەی تێبینی لەسەر پێوەرەکانی ئەم هەڵسەنگاندنە هەیەو (بەبێ ئەوەی تێبینییەکانی بۆ تیمی پڕۆژە بنێرێت)، بەداخەوە، داوایکرد کە ناوی لەم راپۆرتەدا نەهێنرێت و چالاکییەکانی بڵاونەکرێتەوە.

٣. چالاکییە (حیزبی، تەشریفاتی، بۆنە و ئاهەنگی نەتەوەیی و نیشتمانیی، سەردانیکردن لەگەڵ لێپرسراوی حیزبی، پرسە و بۆنە کۆمەڵایەتی)یەکان، هەژمارنەکراون.

٤. نووسراوە وەڵامنەدراوەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بۆدامەزراوە گشتییەکان و نووسراوەکانی تایبەت بە کێشەو داواکارییە کەسییەکان، بەهۆی سەرنج و تێبینی نوێنەران لەسەر ئەو جۆرە نووسراوانە، هەژمارنەکراون.

سەبارەت بە هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی بەجێگەیاندن (الاداء)ی نوێنەران، (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) ئەم چەند سەرنجە دەخاتەڕوو:

١. لەبەرئەوەی نوێنەرایەتیکردن پۆستێکی گشتییە و بەدەنگی هاووڵاتیان بەدەستهێنراوە، مافی هەموو هاووڵاتییەکە زانیاری هەبێت لەسەر ئاستی بەجێگەیاندنی نوێنەرەکانی، چونکە نوێنەر ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی دەنگدەرە.

٢. گرنگە نوێنەر لەهەموو کەس زیاتر دەستکراوەبێت لەپێدانی زانیاریی بە هاووڵاتیان، رێکخراوەکان، میدیاکان...هتد.

٣. لەسەرەتای دەستبەکاربوونی هەرخولێکی ئەنجومەنی نوێنەراندا، تیمی پرۆژەی (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) سەردانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی دەکات، چالاکی و شێوازی کارکردن و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و شێوازی کۆکردنەوەی چالاکییەکان، بۆ نوێنەران روونندەکاتەوە. لە سەرەتای ئەم خولەشدا، تیمی پرۆژە وەک نەریتی خۆی و پلانی پرۆژەکە، سەردانی (١٨) نوێنەرەکەی پارێزگای سلێمانی کردووەو هیچ نوێنەرێک لاری لەهەنگاوەکان نەبووەو دەستخۆشیان هەبووە کە رێکخراوێکی کۆمەڵی مەدەنی بەمکارە هەڵدەستێت، تاکە داواکاریشیان لە تیمی پرۆژە بریتیبووە لەبەردەوامێتی لەبەدواداچوون و پاراستنی بێلایەنی.

## خشتەی ژمارە ( ١٩)
## کۆی گشتی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
## ( ساڵی سێیەم/ خولی پێنجەم)

| ز | نوێنەر | تێچین (مودا‌خەلە)، ئاراستەکردنی نوسراو، سەردانیکردن، بەداوادچوون، کۆبوونەوەو میوانداری لیژنە هەمیشەییەکان لە ناوەند | سەردان و بەداوادچوون لە هەرێم ودەرەوەی وڵات | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سۆران عمر سعید | ١٩٨ | ١٥ | ٢١٣ |
| ٢ | بڕیار ڕەشید شەریف | ١٦٤ | ٤٤ | ٢٠٨ |
| ٣ | نەرمین مەعروف غەفور | ١٦١ | ١٩ | ١٨٠ |
| ٤ | موسەننا ئەمین نادر | ٨٤ | ٤٠ | ١٢٤ |
| ٥ | کاروان عەلی یاروەیس | ٩٨ | ٢٢ | ١٢٠ |
| ٦ | سروە محمد ڕەشید | ٧٧ | ٣٤ | ١١١ |
| ٧ | غەریب احمد مستەفا | ٦٢ | ٤٠ | ١٠٢ |
| ٨ | دارا حەمە ئەحمەد | ٦٥ | ٢٧ | ٩٢ |
| ٩ | چرۆ حەمە شەریف | ٥٥ | ٢٩ | ٨٤ |
| ١٠ | ڕێبوار ئەوڕەحمان | ٨١ | ٠ | ٨١ |
| ١١ | بەدریە حسین عەزیز | ٤٧ | ١٧ | ٦٤ |
| ١٢ | سروە عبدالواحد قادر | ٥٨ | ٠ | ٥٨ |
| ١٣ | ئاسۆ فەریدون عەلی | ٣٨ | ١٠ | ٤٨ |
| ١٤ | شوان محمد ڕۆستەم | ٣٨ | ١٠ | ٤٨ |
| ١٥ | یادگار مەحموود | ٤٢ | ٥ | ٤٧ |
| ١٦ | مۆفەق حسین قادر | ٤٠ | ١ | ٤١ |
| ١٧ | ئاریان عەزیز احمد | ٣٣ | ٤ | ٣٧ |
| ١٨ | بەدریەابراهیم ڕەشید | نە چالاکی بۆ تیمی پرۆژە ناردووە، نە خۆشی چالاکی بڵاوکردۆتەوە | | |
| کۆی گشتی | | ١٣٤١ | ٣١٧ | ١٦٥٨ |

# چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردن

## لە (٢٠٢٣/١٠/١ بۆ ٢٠٢٤/٩/٣٠)

پارێزگای سلێمانی بەگوێرەی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢٠) یاسای هەڵبژاردنەکانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢١/١٠/١٠)دا بەسەر (٥) بازنەدا دابەشکرا، بازنەکانیش بەپێی ناوچەو ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی دەنگدەران بەم شێوەیە دابەشکران:

خشتەی ژمارە (٢٠)
سنووری بازنەی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای سلێمانی

| بازنە | ناوچە |
| --- | --- |
| ١ | باکووریی سلێمانی (چەند گەڕەکێکی ناو شاری سلێمانی لەگەڵ قەزاکانی (شارباژێر، ماوەت). |
| ٢ | باشووری سلێمانی (ڕاپەڕین، بازیان، بەکرەجۆ) +قەرەداغ. |
| ٣ | هەڵەبجە+پێنجوێن+سەیدسادق + شارەزوور. |
| ٤ | پشدەر + ڕانیە + دوکان. |
| ٥ | کەلار+کفری+چەمچەماڵ+ دەربەندیخان. |

## بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (١):

سنووری ئەم بازنەیە ناوچەکانی(باکووری سلێمانی، شارباژێر، ماوەت) دەگرێتەوە، چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە بازنەیەدا بەمشێوەیە بوون:

خشتەی ژمارە (٢١)
چالاکییەکانی بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (١)

| ز | نوێنەر | تێچین (موداخەلە)، ئاراستەکردنی نوسراو، سەردانیکردن، بەداواداچوون، کۆبوونەوەو میوانداری لیژنە هەمیشەییەکان لە ناوەند | سەردان و بەداواداچوون لە هەرێم ودەرەوەی وڵات | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نەرمین مەعروف | ١٦١ | ١٩ | ١٨٠ |
| ٢ | دارا حەمە ئەحمەد | ٦٥ | ٢٧ | ٩٢ |
| ٣ | ڕێبوار ئەورەحمان | ٨١ | ٠ | ٨١ |
| ٤ | یادگار مەحموود | ٤٢ | ٥ | ٤٧ |
| کۆی گشتی | | ٣٤٩ | ٥١ | ٤٠٠ |



# بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٢):

سنووری ئەم بازنەیە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە: (باشووری سلێمانی)، (قەزای قەرەداغ و ناحیەکانی (عەربەت- بازیان- بەردەقارەمان - ئەڵایی)، چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە بازنەیەدا بەمشێوەیە بوون:

خشتەی ژمارە (٢٢)

چالاکییەکانی بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٢)

| ز | نوێنەر | تێچین (موداخەلە)، ئاراستەکردنی نوسراو، سەردانیکردن، بەداواداچوون، کۆبوونەوەو میوانداری لیژنە هەمیشەییەکان لە ناوەند | سەردان و بەداواداچوون لە هەرێم ودەرەوەی وڵات | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بڕیار ڕەشید شەریف | ١٦٤ | ٤٤ | ٢٠٨ |
| ٢ | ئاسۆ فەریدون علی | ٣٨ | ١٠ | ٤٨ |
| ٣ | بەدریە ابراهیم ڕەشید | نە چالاکی بۆ تیمی پرۆژە ناردووە، نە خۆشی چالاکی بڵاوکردۆتەوە | | |
| کۆی گشتی | | ٢٠٢ | ٥٤ | ٢٥٦ |



# بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٣)

سنووری ئەم بازنەیە بریتییە لە (هەڵەبجە، پێنجوێن، سەید سادق، شارەزوور) چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە بازنەیەدا بەمشێوەیە بوون:

خشتەی ژمارە (٢٣)
چالاکییەکانی بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٣)

| ز | نوێنەر | تێچین (موداخەلە)، ئاڕاستەکردنی نوسراو، سەردانیکردن، بەداواداچوون، کۆبوونەوەو میوانداری لیژنە هەمیشەییەکان لە ناوەند | سەردان و بەداواداچوون لە هەرێم وەدەرەوەی وڵات | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | موسەننا ئەمین نادر | ٨٤ | ٤٠ | ١٢٤ |
| ٢ | چرۆ حەمە شەریف | ٥٥ | ٢٩ | ٨٤ |
| ٣ | ئاریان عەزیز احمد | ٣٣ | ٤ | ٣٧ |
| کۆی گشتی | | ١٧٢ | ٧٣ | ٢٤٥ |



# بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٤)

سنووری ئەم بازنەیە بریتییە لە قەزاكانی (دوكان - رانیە - قەڵادزێ) ناحییەكانی (خەلەكان، بنگرد، خدران، حاجی ئاوا، سەركەبكان، پیرەمەگرون، سورداش، چوارقورنە، سەروچاوە، سەنگەسەر، ژاراوە، هێرۆ، هەڵشۆ، ئیسێوە) چالاكییەكانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە بازنەیدا بەمشێوەیە بوون:

خشتەی ژمارە (٢٤)

چالاكییەكانی بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٤)

| ز | نوێنەر | تێچین (موداخەلە)، ئاڕاستەكردنی نوسراو، سەردانیكردن، بەدواداچوون، كۆبوونەوەو میوانداری لیژنە هەمیشەییەكان لە ناوەند | سەردان و بەدواداچوون لە هەرێم وەدەرەوەی وڵات | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سۆران عمر سعید | ١٩٨ | ١٥ | ٢١٣ |
| ٢ | غەریب احمد مصطفی | ٦٢ | ٤٠ | ١٠٢ |
| ٣ | بەدریە حسین عەزیز | ٤٧ | ١٧ | ٦٤ |
| ٤ | سروە عبدالواحد قادر | ٥٨ | ٠ | ٥٨ |
| كۆی گشتی | | ٣٦٥ | ٧٢ | ٤٣٧ |



# بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٥)

سنووری ئەم بازنەیە بریتییە لە قەزاکانی: (دەربەندیخان، کەلار، کفری، چەمچەماڵ)، ناحیەکانی: (مەیدان، باوەنور، رزگاری، سەرقەڵا، شۆڕش، تەکیە، ئاغجەلەر) چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە بازنەیەدا بەمشێوەیە بوون:

خشتەی ژمارە (٢٥)

چالاکییەکانی بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٥)

| ز | نوێنەر | تێچین (موداخەلە)، ئاراستەکردنی نوسراو، سەردانیکردن، بەداوادچوون، کۆبوونەوەو میوانداری لیژنە هەمیشەییەکان لە ناوەند | سەردان و بەداوادچوون لە هەرێم ودەرەوەی وڵات | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کاروان عەلی یاروەیس | ٩٨ | ٢٢ | ١٢٠ |
| ٢ | سروە محمد رەشید | ٧٧ | ٣٤ | ١١١ |
| ٣ | شوان محەمەد رۆستەم | ٣٨ | ١٠ | ٤٨ |
| ٤ | مۆفەق حسین قادر | ٤٠ | ١ | ٤١ |
| کۆی گشتی | | ٢٥٣ | ٦٧ | ٣٢٠ |



# بەراوردی چالاکی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی
# لە ساڵی یەکەم و دووەمی و سێیەمی نوێنەرایەتیدا

یەکەم/ بەراورد لەسەر کۆی چالاکییەکان:

خشتەی ژمارە (٢٦)

| ماوە | ژمارەی چالاکی |
| --- | --- |
| ساڵی یەکەمی نوێنەرایەتی | ٤٧٣ |
| ساڵی دووەمی نوێنەرایەتی | ١٢٢٦ |
| ساڵی سێیەمی نوێنەرایەتی | ١٦٥٨ |
| کۆی گشتی | ٣٣٥٧ |



## دووەم/ ئامادەبوون لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

خشتەی ژمارە (٢٧)

| ماوە | ژمارەی چالاکی |
|---|---|
| ساڵی یەکەمی نوێنەرایەتی | ١١٤ |
| ساڵی دووەمی نوێنەرایەتی | ٢٦٥ |
| ساڵی سێیەمی نوێنەرایەتی | ٢٠٩ |
| کۆی گشتی | ٥٨٨ |



- هەڵسەنگاندنێک بۆ بەجێگەیاندن (الاداء)ی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ ساڵی سێیەم
- چەند زانیارییەکی گشتی لەسەر
- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ ساڵی سێیەم/ خولی پێنجەم
- پاشکۆکان

# هەڵسەنگاندنێک بۆ ساڵی سێیەم
# بەجێگەیاندن (الاداء)ی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی
# لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ خولی پێنجەم

بەچەند خاڵێك هەڵسەنگاندن و سەرنج و تێبینییەكان بۆ ساڵی سێیەمی بەجێگەیاندن (الاداء)ی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ خولی پێنجەم) دەخەینەڕوو، بەو ئومێدەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بتوانن لە ساڵی داهاتوودا سەرنج و تێبینییەكان بەهەند وەربگرن و سودمەندبن بۆیان، هەڵسەنگاندنەكانیش لەسەر ئەم تەوەرانە ئەنجامدراوە:

**یەكەم/** پابەندبوون بە جێبەجێکردنی بەرنامە و بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی لیستەکان و کارنامەی حکومەت.

**دووەم/** بەشداریکردن و تێچین (موداخەلە)ەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە دانیشتنەکانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)دا.

**سێیەم/** چاودێری ئاستی بەجێگەیاندن (الاداء)ی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

**چوارەم/** سەردانیکردن و بەدواداچوونی نوێنەران بۆ فەرمانگە فیدراڵییەکان.

**پێنجەم/** لاوازی هەماهەنگی نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە نێو خۆیاندا لەسەر پرسە گشتییەکان.

**شەشەم/** ناوەڕۆکی بەشێک لە نووسراوەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی.

**حەوتەم/** نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و هاووڵاتیان.

## یەکەم/ ئاستی پابەندیتی بە جێبەجێکردنی بەرنامە و بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی لیستەکان و کارنامەی حکومەت.

کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ بەرنامەی لیستەکان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، چەندین بەڵێنی جۆراوجۆر لە بەرنامەی لیستەکان و بەرنامەی کاندیدەکاندا بەرچاو دەکەون، هاووڵاتی لەکاتی خوێندنەوەی ئەو بەرنامە و بەڵێنانەدا واگومان دەبات، پاش هەڵبژاردن گۆڕانکارییەکی گەورە دێتە ئاراوە، بەڵام جگەلەوەی بەڵێنەکان جێبەجێنەکراون، هەندێکجاریش کێشە و گرفتەکان زیاتربوون، لە کاتێکدا زۆربەی زۆری ئەو کێشەو گرفتانە لەبەرنامەی هەڵبژاردنی لیستەکاندا چارەسەریان بۆ پێشنیارکراوە، ئەمەش ئەندامانی هەڵبژێردراو دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر دەنگدەراندا.

<u>گرنگترین تەوەرەکانی کۆی بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستەکان، بریتیبوون:</u>

١. چاکسازیی لە کەرتەکانی: (کارگێڕیی، ئابوریی، تەندروستی و ژینگە، پەروەردە، خوێندنی باڵا، وەرزش، کۆمەڵایەتی... هتد).
٢. چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، بۆ نموونە: (مووچە، نەوت، ناوچەجێناکۆکەکان و جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستور.
٣. دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی.
٤. زیادکردنی پشکی بودجەی هەرێم لە بەشە بودجەی عێراق.
٥. قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران.
٦. رەخساندنی هەلیکار و گرنیگیدان بە گەنجان، ژنان، کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان...هتد.
٧. چاکسازی لە دامەزراوەکانی فیدراڵی و چەسپاندن و بەهێزکردنی نا ناوەندێتی کارگێڕیی.
٨. گەڕانەوەی پاشەکەوتی مووچە.
٩. مانگانە، دابەشکردنی مووچە.

**یەکەم/** ساڵی یەکەمی ئەم خولە بە چەندین کێشەو قەیرانی سیاسیی دەستپێکرد و ماوەی سێ مانگیش (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کارەکانی راگرت.

**دووەم/** پاش سێ ساڵ لە دەستبەکاربوونی ئەندامانی خولی پێنجەم لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) بە روونی ئەوە دەردەکەوێت کە نوێنەران دەستەوسانن لە جێبەجێکردنی زۆربەی ئەو بەڵێنانەی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا کە لیستەکانیان خستیانەڕوو، لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی خولەکەدا، ئومێدێکی وا بەدیناکرێت بۆ هەنگاونان بەرەو جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن.

**سێیەم/** ئاستی پابەندێتی نوێنەرانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەگشتی، بە ئەرکەکانی نوێنەرایەتی، کە لە ماددەی (٦١)ی دەستووری (٢٠٠٥)ی عێراق و یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ لە یاسای (ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی)دا دیاریکراون:

١. بانگهێشتکردن و لێپرسینەوە لەئاستێکی نزمدایەو لەماوەی ئەمساڵدا تەنها متمانە لە(سەرۆکی تۆڕی میدیای عێراق)ی وەرگیراوەتەوە، هیچ وەزیرێک بانگهێشتی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران نەکراوە.

٢. چاودێریکردنی حکومەت و دەزگا سەربەخۆکان زۆر لاوازە، بۆیە هەتادێت بازنەی گەندەڵی فراوانتردەبێت و هاووڵاتیان گلەیی زۆریان لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان هەیە.

٣. لەکۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکاندا، میوانداری وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان و سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان، کراوەو پرسیاریان ئاراستەکراوە.

## دووەم/ بەشداریکردنی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە گفتوگۆو تێچینەکان (موداخەلات)ی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

**یەکەم/** لەماوەی (٢٠٢٣/١٠/١) بۆ (٢٠٢٤/٩/٣٠) لە کۆی (١٨) نوێنەرەکەی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) تەنها (١٥) نوێنەر بەشداری گفتوگۆو تێچیینەکان (موداخەلات)ی دانیشتنەکانی کردووە، کە کۆی گشتیان دەکاتە (٧٢) تێچیین. بەراورد بە ساڵی رابردوو، ژمارەی گفتوگۆو تێچیینەکان کەمیانکردووە، لەساڵی رابردوودا نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، (٧٧)جار بەشدارییان کردووە.

نوێنەر (موسەننا ئەمین نادر) زۆرترین تێچینی هەبووە، کە (١٧) جاربووە، بەپلەی یەکەم دێت، نوێنەر (بریار رەشید شەریف) بە(١٥) تێچین لەپلەی دووەمدایەو، نوێنەر (غەریب ئەحمەد مستەفا) بە (١٤) تێچین لەپلەی سێیەمدایە. (٧) نوێنەری پارێزگای سلێمانیش لەماوەی ساڵەکەدا هیچ تێچینێکیان نەبووە.

**دووەم/** یەکێک لەگرفتەکانی بەردەم ژمارەیەک لە نوێنەرانی کورد لە ساڵانی رابردوودا، بریتییە لە کەمی بەشداریکردنیان لە گفتوگۆو تێچیینەکانداو وەک پێویست نەیانتوانیوە بە زمانی عەرەبی قسەبکەن، بەڵام دوای بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران لەرۆژی (٢٠٢٣/٨/١٤)دا بە دانانی(وەرگێر - مترجم)، ئەم پاساوە بەرکار نەماو دەبوایە ژمارەی نوێنەرانی بەشداربوو لەتێچیینەکان، ژمارەی بەشدارییەکانیش زیادیبکردایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەگەیشتووەتە ئاستی ساڵی رابردوو.

**سێیەم/** هیچ کام لە تێچینەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، کاریگەریان نەبووە لەسەر دەرکردنی بڕیارێک یان پاشگەزبوونەوە لە بڕیارێک، هاوکات ناوەڕۆکی تێچینەکانی هەندێک لە نوێنەران، لاوازیان

پێوەندیارە، کەوادەردەکەون وەک ئەوەی تەنها بۆ زیادکردنی ژمارەی تێچینەکان بووبن.

**چــوارەم/** لەخشــتەی ژمــارە (٢١)ی راپــۆرتی نوێیەمــدا، کــە تــایبەتبوو بــە ژمــارەی بەشــداریکردنی نــوێنەرانی پارێزگــای ســلێمانی لــە گفتوگــۆو تێچینەکــانی مــاوەی (٢٠٢٢/١٠/١) بــۆ (٢٠٢٣/٩/٣٠)، ژمــارەی تێچیینەکــانی نــوێنەران (غەریــب ئەحــمەد مســتەفا)و (رێــوار ئەورەحــمان) بەهەڵە نووســرابوون، لەبەرئەوە لەم راپۆرتەدا هەمان خشتەی ساڵی رابردوو بە راستکراوەیی بڵاوکراوەتەوە.

ژمارەی موداخەلەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی (٢٠٢٢/١٠/١ – ٢٠٢٣/٩/٣٠)

| ز | نوێنەر | ژ. موداخەلە |
|---|---|---|
| ١. | موسەننا ئەمین نادر | ٢١ |
| ٢. | سروە عبدالواحد | ١٢ |
| ٣. | غەریب احمد مصطفی | ٦ |
| ٤. | سروە محمد رەشید | ٥ |
| ٥. | بریار رەشید شەریف | ٥ |
| ٦. | دارا حمە احمد | ٣ |
| ٧. | مۆفەق حسین قادر | ٣ |
| ٨. | نەرمین مەعروف | ٣ |
| ٩. | ئاسۆ فەریدون علی | ٢ |
| ١٠. | رێبوار ئەورەحمان | ٢ |
| ١١. | سۆران عمر سعید | ٢ |
| ١٢. | شوان محمد روستم | ٢ |
| ١٣. | یادگار مەحمود نەسروڵا | ٢ |
| ١٤. | ئاریان عەزیز ئەحمد | ١ |
| ١٥. | چرۆ حەمە شەریف | ١ |
| ١٦. | کاروان علي یاروەیس | ١ |
| ١٧. | بەدریە ابراهیم رشید | ٠ |
| ١٨. | بەدریە حسێن عەزیز | ٠ |
| کۆی گشتی | | ٦٧ |

ژمارەی موداخەلەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی (٢٠٢٢/١٠/١ – ٢٠٢٣/٩/٣٠)

| ز | نوێنەر | ژ. موداخەلە |
|---|---|---|
| ١. | موسەننا ئەمین نادر | ٢١ |
| ٢. | غەریب احمد مصطفی | ١٢ |
| ٣. | سروە عبدالواحد | ٨ |
| ٤. | سروە محمد ر | ٥ |
| ٥. | رێبوار ئەورەحمان | ٦ |
| ٦. | بریار رەشید | ٥ |
| ٧. | دارا حمە احمد | ٣ |
| ٨. | مۆفەق حسین | ٣ |
| ٩. | نەرمین مەعروف غفور | ٣ |
| ١٠. | ئاسۆ فەریدون علی | ٢ |
| ١١. | سۆران عمر سعید | ٢ |
| ١٢. | شوان محمد روستم | ٢ |
| ١٣. | یادگار مەحمود نەسروڵا | ٢ |
| ١٤. | ئاریان عەزیز ئەحمد | ١ |
| ١٥. | چرۆ حەمە شەریف | ١ |
| ١٦. | کاروان علي یاروەیس | ١ |
| ١٧. | بەدریە ابراهیم رشید | ٠ |
| ١٨. | بەدریە حسێن عەزیز | ٠ |
| کۆی گشتی | | ٧٧ |

## سێیەم/ چاودێریکردنی ئاستی بەجێگەیاندن (الاداء)ی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

لە بڕگەکانی (حەوتەم، نۆیەم)ی ماددەی (٢٧)ی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨دا، کە تایبەتە بە تایبەتمەندییەکانی چاودێرییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەسەڵاتی چاودێریکردنی بەجێگەیاندن (الاداء)ی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دراوە بە نوێنەران، کە لەبڕگەی (حەوتەم)یدا هاتووە: داواکردنی زانیاری و بەڵگەنامە لە هەر دەزگایەکی فەرمی، سەبارەت بە هەر بابەتێکی پەیوەست بە بەرژەوەندی گشتی، مافی هاووڵاتیان، جێبەجێکردنی یاساکان، یان جێبەجێکردنیان لەلایەن دامەزراوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەستە سەربەخۆکانەوە.

لە بڕگەی (نۆیەم)یشدا هاتووە: ئەنجامدانی سەردان و بەسەرکردنەوە بۆ وەزارەت و فەرمانگەکانی دەوڵەت بۆ دڵنیابوونەوە لە جێبەجێکردنی بڕگەکانی دەستوور و یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی و بڕیارە کارپێکراوەکان بەشێوەیەکی دروست.

لە سەردانیکردن و نووسراوەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانیدا ئەم دەسەڵاتە وەک پێویست بەکارنەهاتووە.

## چوارەم/ سەردانیکردن و بەدواداچوونی نوێنەران بۆ فەرمانگە فیدراڵییەکان.

یەکێک لەو ئامانجانەی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) لە چوارچێوەی پڕۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)دا کاری بۆ دەکات، دروستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی بەردەوامە لە نێوان نوێنەران و فەرمانگەکانی سنووری (پارێزگای سلێمانی، پارێزگای هەڵەبجە، ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و ڕاپەڕین)دا، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخراو (١٠) گفتوگۆی کراوەی ئەنجامداوە، ئەم چالاکییانە هاندەرێکی باشبوون بۆ نوێنەران کە فەرمانگە فیدراڵییەکان لەسنووری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەداو لەبازنەکانی هەڵبژاردنەکانی خۆیاندا بەسەربکەنەوە، سەردان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ فەرمانگە فیدراڵییەکاندا بەردەوامبێت، لەساڵی سێیەمی ئەم خولەدا بەشێک لە نوێنەران، فەرمانگە فیدراڵییەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەیان بەسەرکردۆتەوەو

سکالاوو داواکاریەکانی فەرمانگەکانیان گەیاندۆتە دامەزراوە گشتییەکان لە بەغدادو هەرێم.

## پێنجەم/ لاوازی هەماهەنگی نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەسەر پرسەگشتییەکان.

**یەکەم**/ یەکێک لەو گرفتانەی کە تێبینیکراوە لەماوەی ئەم سێ ساڵەی خولی پێنجەمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)دا ئەوەیە، کە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە نێوخۆیاندا هەماهەنگی پێویستیان نییە لەسەر پرسە گشتییەکان و داواکاری چین و توێژەکان، چ لەکاتی گوێگرتن لە هاووڵاتییان، یان لەسەردان و بەدواداچوونەکانیاندا بۆ دامەزراوە گشتییەکان، کێبرکێیەکی توندو ناپێویست لەنێوانیاندا دەبینرێت، هەندێکجار بەجیا پێشوازیان لە دەستەو توێژێکی پارێزگای سلێمانی کردووە لەبەغدادو بەجیاش لەگەڵیاندا کۆبوونەتەوە، تەنانەت ئەم دیاردەیە لەناو ئەندامانی خودی یەک فراکسیۆنیشدا هەبووە.

**دووەم**/ بەهۆی نەبوونی هەماهەنگی و پەیوەندی پتەو لەنێوان نوێنەراندا، زۆرجار بۆ یەک بابەت، چەند نوێنەرێک هەمان نووسراو و داواکارییان بەجیا ئاڕاستەی دامەزراوە گشتییەکان کردووە بۆ نمونە:

- نوێنەرێکی پارێزگای سلێمانی لە بەرواری (٢٠٢٤/١/٣)دا داوای لە (وەزارەتی ژینگەی عێراق) کردووە بۆ دابینکردنی (٢٠) هەزار درەخت بۆ باخچەکانی دەڤەری ڕاپەڕین و قەزای دوکان، ڕەزامەندی وەزارەتی ژینگەی بەدەستهێناوە (بەگوێرەی نووسراوەکەی کە ناردوویەتی بۆ تیمی پرۆژە)، بەهەمانشێوە نوێنەرێکی دیکەی پارێزگای سلێمانی لە (٢٠٢٤/٣/١٠)دا بە نووسراوێک داوای ئەنجامدانی پرۆژەیەکی ژینگەیی کردووە لە ناوچەکانی (بالیسان، شێخ وەسانان، دۆڵی جافایەتی، قەلادزێ

و پشدەر) وەڵامی وەزارەتی ژینگە ئەوەبووە کە (پێشوەخت بڕی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار نەمام و درەخت بۆ پشدەرو ئیدارەی راپەڕین تەرخانکراوە).

- سەبارەت بە (داواکاری بەشێک لە خوێندکارانی کوردی زانکۆی کەرکوک، کە داوایانکردووە، پرسیاری تاقیکردنەوەکانیان بە زمانی کوردی بێت)، سێ نوێنەری پارێزگای سلێمانی بەجیا لەمانگەکانی (٦،٥،٤)دا سێ نووسراویان بۆ هەمان بابەت ئاڕاستەی وەزارەتی (خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی) کردووە، وەزارەتیش بەیەک نووسراو وەڵامی هەرسێ نوێنەرەکەی داوەتەوە.

هەموو نوێنەرێک مافی ئەوەی هەیە بەدواداچوون بۆ هەرکێشە و گرفتێک بکات، بەڵام بەدواداچوونەکان ئەنجامی باشتریان دەبێت ئەگەر راوێژ و هەماهەنگی تەواو هەبێت لەنێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانیدا، هاوکات یەکڕیزی و یەکدەستییان دەردەخات و ئاماژەشە بۆ دوورکەوتنەوەیان لە دابەشبوونی ئایدۆلۆژی و حیزبی.

**سێیەم/** ژمارەیەک لەنوێنەران هێندەی پەلەیانە بۆ راگەیاندنی هەوڵەکانیان، هێندەی هەوڵیان بۆ گەیشتن بە دەرەنجام نەبووە، بۆ نموونە:

١. کاتێک نوێنەرێک نوسراوێکی ئاڕاستەی دامەزراوەیەکی گشتی کردووە، پێش وەڵامدانەوەی دامەزراوەکە، نوسراوەکەی خۆی بە دەستکەوتێکی گەورە ناساندووە، لەکاتێکدا دواتر ناوەڕۆکی نوسراوەکەی رەتکراوەتەوە (بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی بەردەستی تیمی پرۆژە).

٢. هاوکات هەندێک نووسراو وەڵامەکەی بریتیبووە لەوەی کە ناوەڕۆکی نووسراوەکە پەیوەندی بەلایەنی ئاڕاستەکراوەکەوە نییەو لایەنی پەیوەندیداری بە پرسەکەوە بۆ دەستنیشانکردووە.

٣. لەگەڵ بوونی (١٣) بابەتی گرنگدا (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی) ئامادەنەبوون لەپێناو بەرژەوەندی گشتی پارێزگاکەدا وەک یەکدەستە کار لەسەر یەک بابەتیان بکەن، سەرەڕای چەندین نووسراو و بەدواداچوون، کێشەکان هەتاکاتی ئامادەکردنی راپۆرتەکە، وەک خۆیان ماونەتەوەو چارەسەرنەکراون.

## شەشەم/ ناوەڕۆکی بەشێک لە نووسراوەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

**یەکەم/** هەندێک لەنوێنەرانی پارێزگای سلێمانی وەک پێویست ئاگادارنەبوون لەچۆنێتی ئاڕاستەکردنی نووسراوەکانیان بۆ دامەزراوە گشتییەکان بە گوێرەی یاساو بڕیارەکانی حکومەتی عێراقی، بۆ نموونە چەند جارێک نووسراو کراوە بۆ چەند بابەتێک، لە وەڵامدا دامەزراوە گشتییەکان ئاماژەیان بە چەند بڕگەیەکی یاسایی کردووە، کە بە گوێرەی ئەو بڕگە یاساییانە ئەو کارەی نوێنەرەکان بەدواداچوونیان بۆکردووە، ناکرێت، یان پەیوەندی بەو لایەنەوە نییە کە نووسراوەکەی ئاڕاستەکراوە، بۆ نموونە:

- پێچەوانەی ماددەی (١٤/ چوارەم/ أ) لە یاسای بودجەی گشتی فیدڕاڵی بۆ ساڵەکانی (٢٠٢٣، ٢٠٢٤، ٢٠٢٥)دا کە تیایدا هاتووە (يمنع التعيين والتعاقد في دوائر الدولة كافة) ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵانی رابردوو، نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، چەندین داواکاری (دامەزراندن و گرێبەست)یان ئاڕاستەی دامەزراوە گشتییەکانی ناوەند کردووە، بەمەبەستی دامەزراندن و گرێبەستکردنی فەرمانبەران لە کاتێکدا ئەمە بە دەق لە یاسادا ئاماژەی پێکراوەو ئەنجومەنی نوێنەرانیش ئەم یاسایەی پەسەند کردووە.
- هەندێک نووسراو کە ناوەڕۆکەکەیان پەیوەندیدارە بە هەرێمی کوردستان و حکومەتی خۆجێیی پارێزگای سلێمانییەوە، بەڵام

ئاڕاستەی دامەزراوە گشتییەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق کراون، لەوەڵامی وەزارەتەکاندا هاتووە، " "ناوەڕۆکی نووسراوتان پەیوەندیدارە بە هەرێمی کوردستانەوە یان پارێزگای سلێمانییەوە".

- هەندێکجار نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بەجیا بۆ یەک بابەت نووسراویان ئاڕاستەی وەزارەتێکی دیاریکراو کردووە، وەزارەتیش بەیەک نووسراو وەڵامی نوێنەرانی داوەتەوە، بۆ نموونە سەبارەت بە (داواکاری بەشێک لە خوێندکارانی کوردی زانکۆی کەرکوک، کە داوادەکەن پرسیاری تاقیکردنەوەکانیان بە زمانی کوردی بن)، سێ نوێنەری پارێزگای سلێمانی لەنوسراوی ژمارە (٢٩٦) لە(٢٠٢٤/٤/٣)، نوسراوی ژمارە (٧٥٢) لە(٢٠٢٤/٥/٧) و نوسراوی ژمارە (١٥٣) لە (٢٠٢٤/٦/٩) دا سێ نووسراویان بۆ هەمان بابەتی (دانانی پرسیاری تاقیکردنەوەکان بەزمانی کوردی بۆ خوێندکارانی کوردی زانکۆی کەرکوک) ئاڕاستەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی)یان کردووەو وەزارەتیش بەیەک نووسراو وەڵامی هەرسێ نوێنەرەکەی داوەتەوە.

**دووەم/** بەهەمان شێوەی ساڵانی رابردوو بەهۆی زۆری ئەو نووسراوانەی کە نوێنەران راستەوخۆ ئاڕاستەی (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق)یان کردووە، (ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق) لە (٢٠٢٣/١٠/٢٢)دا نووسراوی ژمارە (ت.ح.م/٠٥/٥٠٩٦٦) ئاڕاستەی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کردووەو تیایدا ئاماژە بە نووسراوێکی نووسینگەی سەرۆک وەزیران دەکات بە ژمارە (٢٣٠٢٦٥/٤٠٠٠) لە (٢٠٢٣/١/٢٤)، داوادەکات نوێنەران راستەوخۆ نووسراوەکانیان بۆ ئەو وەزارەت و دەزگایانە بنێرن. کە پەیوەندیدارن بەناوەڕۆکی نووسراوەکانیانەوە.

**سێیەم/** لە برگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٥)ی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ی (یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی)، ئاماژە بۆ ئەوە

دەکات، "دەبێت دامەزراوە گشتییەکان لەماوەی ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا لە بەرواری وەرگرتنی نووسراوەکان وەڵامی نوێنەران بدەنەوە". بەڵام کاتێک سەرنجی بەرواری وەڵامدانەوەی دامەزراوە گشتییەکان دەدرێت، چەندین نوسراو دوای زیاتر لەمانگێک، وەڵامدراونەتەوە.

سەبارەت بەم بابەتە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠٢٣/١٠/٥)دا تایبەتکرد بە میوانداریکردنی (نوێنەرانی حکومەت) بۆ گفتوگۆکردن لەسەر (نوسراوەکانی لیژنە هەمیشەییەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دیاریکردنی میکانیزمەکانی هاوکاری و بەهێزکردنی ڕۆڵی چاودێریی)، بەڵام دانیشتنەکە ئەنجامنەدرا.

**سێیەم/** زۆرترین نووسراوەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، کە تایبەتن بە سکاڵاو داواکاری کەسی یان چەند کەسێکی دیاریکراو و ئاراستەی دامەزراوە گشتییەکان کراون، بریتین لەداواکاری: (دامەزراندن، گواستنەوەی فەرمانبەر لە فەرمانگەیەکەوە بۆ فەرمانگەیەکی دیکە، هاوکاری دارایی نەخۆش، خوێندن لە دەرەوەی وڵات، پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران، گواستنەوەی زیندانییەک لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی دیکە، ... هتد)، زۆربەی ئەم نووسراوانە یان ڕەتکراونەتەوە یاخود ناوەڕۆکەکەیان جێبەجێنەکراوە.

## حەوتەم/ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و هاووڵاتیان.

یەکەم/ سەرەڕای بەدواداچوون بۆ پرسە گشتییەکان، هاوکات نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، هەماهەنگی و بەدواداچوون و بەدەمەوەچوونیان بۆ سکاڵاو داواکاری و هاوکاریکردنی هاووڵاتیان ئەنجامداوە.

لەماوەی (٢٠٢٣/١٠/١ –٢٠٢٤/٩/٣٠)دا هاووڵاتیانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەو ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و گەرمیان، چەندین داواکارییان ئاراستەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کردووە،

نــوێنەرانیش (لە رێــگەی نووســراوەوە یــان، ســەردانیکردنی دامەزراوە گشتییەکان، یاخود لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە)، بەدواداچوونیان بــۆکردوون، تەنــانەت لەنووســینگەکانی (ســلێمانی و هەڵەبــجە)ی ئەنجومەنی نوێنەران و نووسینگە تایبەتەکانی خۆیشیاندا، راستەوخۆ گوێیان لە هاووڵاتیان گرتووەو گفتگۆو راگۆڕینەوە لەسەر کێشەو داواکاریەکانیان کراوە.

دووەم/ هەنــدێک لەنــوێنەرانی پارێزگــای ســلێمانی، چەنــدجارێک بەتایبەتیش لەمانگی (رەمەزان)دا ژمارەیەک سەبەتەی خۆراکییان بەسەر هەژارانی سنوری بازنەکانی خۆیاندا دابەشکردووە.

سێیەم/ هەندێک لەنوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، هاوکاری دارایی هاووڵاتیــانی کەمــدەرامەت و تووشــبوانی (شــێرپەنجە)و هەنــدێک لە توێژەکانی کۆمەڵگەیان کردووە، بەشێوەی مانگانە یان پچرپچڕ.

# چەند زانیارییەکی گشتی لەسەر
# ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ ساڵی سێیەم/ خولی پێنجەم

## لە ماوەی (٢٠٢٣/١٠/١) – (٢٠٢٤/٩/٣٠)

(سەرچاوە: پێگەی ئەلکترۆنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێگەی ئەلکترۆنی دامەزراوەی مەدارک، کەناڵەکانی راگەیاندن)

١. لە (٢٠٢٣/١١/٤) دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، بڕیاری ژمارە (٩ الاتحادية/ ٢٠٢٣)ی دەرکرد تایبەت بە کۆتایهێنان بە ئەندامێتی (محەمەد ریکان حەلبوسی) لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)

٢. (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) تەنها (٥١) دانیشتنی ئەنجامداوە، ئەمەش پێشێلی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٢) پەیڕەوی ناوخۆیە کە تیایدا هاتووە: (پێویستە لانیکەم ئەنجومەنی نوێنەرانی هەفتانە (٨) دانیشتن ئەنجامبدات).

٣. لە کۆی (٥١) دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەراندا، (٢٩) یاسا دەنگیان پێدراوە، (بڕوانە پاشکۆی ژمارە () لەبەشی عەرەبی ئەم راپۆرتەدا).

٤. هیچ دانیشتنێکی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجامنەدراوە، وەک ئەوەی کە لەبەرنامەی کاری دانیشتنەکاندا ئاماژەی بۆکراوە.

٥. هیچکام لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامەکانی ئەنجامنەدراوە.

لەماوەی ئەمساڵدا و لەکۆی (٥١) دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تەنها (١) یەک میوانداری ئەنجامدراوە ئەویش لە دانیشتنی ژمارە (١٩)،(٢٠٢٣ /١٠/٤) میوانداری وەزیری پەیوەندییەکان کرا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە زارەکییەی کە لەلایەن نوێنەر (حەنان ئەلفەتلاوی) ئاراستەی کرابوو.

٦. لەسەر پێگەی فەرمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) تەنها (//////) دانە لە (کۆنووسی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)دا بڵاوکراوەنەتەوە.

٧. (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە ماوەی ئەمساڵدا، تەنها ناوی ئەندامانی ئامادەبووی (٨) لە دانیشتنەکانی بڵاوکردۆتەوە، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ (ماددەی (١٨) لە پەیڕەوی ناوخۆو هەردوو ماددەی (١٠ – ١١)ی یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی)، کە تیایدا هاتووە: پێویستە ئەنجومەنی نوێنەران ناوی (ئامادەبووان) و (ئامادەنەبووان)ی هەموو دانیشتنەکان بڵاو بکاتەوە.

٨. بە هۆی زۆری ئامادەنەبوونی ئەندامان لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا، لە دانیشتنی ژمارە (٥)، لە(٢٠٢٤/٢/١) دەنگدرا بە پەسەندکردنی بڕیارێکی پەرلەمان سەبارەت بە لێبڕینی بڕی (یەک ملیۆن دینار) لە مووچەی نوێنەران بۆ هەر ڕۆژێکی ئامادەنەبوون بەبێ مۆڵەتی فەرمی، بەمەرجێک ئەم بڕیارە لە خولی داهاتووەوە دەستپێبکات.

٩. لە دانیشتنی (١٣)، لە(٢٠٢٤/٣/١٠) دەنگدرا بە پەسەندکردنی زیادکردنی بڕگەی (لابردنی سەرۆکی تۆڕی میدیایی عێراقی لە پۆستەکەی) بۆ بەرنامەی کاری دانیشتنەکە.

١٠. لە دانیشتنی (١٣)، لە(٢٠٢٤/٣/١٠) دەنگ درا بە لادانی (سەرۆکی تۆڕی میدیایی عێراقی) لە پۆستەکەی.

١١. پاش نزیکەی ساڵێک بەسەر لادانی (محەمەد حەلبوسی) سەرۆکی ئەنجومەن لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە، لە (٢٠٢٤/١٠/٣١)دا (ئەنجومەنی نوێنەران) بۆ دەنگدان لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ کۆبووەوە و (مەحمود مەشهەدانی)، بە دووەم سەرۆکی ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردرا.

# پاشكۆی ژماره (١)

## قوانين

باسم الشعب

رئاسة الجمهورية

قرار رقم (١٢)

بناءً على ما أقره مجلس النواب استناداً إلى أحكام البند (اولاً) من المادة (٦١) والبند (ثالثاً) من المادة (٧٣) من الدستور،

قرر رئيس الجمهورية بتاريخ ٢٠٢٤/٥/٢٧

إصدار القانون الآتي:

رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٤

قانون

العطلات الرسمية

المادة -١- أولاً: تعد الايام التالية عطلة رسمية عامة:

أ- الجمعة والسبت من كل اسبوع.

ب- (١) محرم الحرام رأس السنة الهجرية.

ج- (١٠) محرم الحرام استشهاد الامام الحسين (ع) في يوم عاشوراء.

د- (١٢) ربيع الاول المولد النبوي الشريف.

هـ- (١-٣) شوال عيد الفطر المبارك.

و- (١٠-١٣) ذي الحجة عيد الاضحى المبارك.

ز- (١٨) ذي الحجة يوم الغدير.

ح- (١) كانون الثاني رأس السنة الميلادية.

ط - (٦) كانون الثاني عيد الجيش العراقي.

ي- (٢١) آذار عيد نوروز.

ك- (١) آيار عيد العمال العالمي.

ل- (١٦) آذار ذكرى جرائم البعث الصدامي بحق الشعب العراقي (حلبجة، الانفال، المقابر الجماعية، الانتفاضة الشعبانية، قتل العلماء والاحزاب).

# پاشكۆی ژمارە (٢)

لینکی پەڕەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووک)

| نوێنەر | بەستەر |
|---|---|
| ئاریان عەزیز ئەحمد | https://www.facebook.com/arian.taugozi |
| ئاسۆ فەریدون عەلی | https://www.facebook.com/asso.faraidoon.ali |
| بریار رشید شریف | https://www.facebook.com/bryarrashidsharif |
| بدریه ابراهیم رشید | https://www.facebook.com/badria.albarazanjy |
| بدریه حسین عزیز | https://www.facebook.com/badriyahajihussein?locale=ar_AR |
| جرو حمه شریف | https://www.facebook.com/profile.php?id=١٠٠٠٧١٩١٢٤١٨٢٦٤ |
| دارا حمه احمد حسن | https://www.facebook.com/DaraSekanyani |
| ریبوار اورحمن | https://www.facebook.com/rebwarawrahmanofficial |
| سروه عبدالواحد | https://www.facebook.com/profile.php?id=١٠٠٠٤٤٣١٥٥٣٥٣٢٩ |
| سروه محمد رشید | https://www.facebook.com/profile.php?id=١٠٠٠٧٠٥٠٥٩٠٣٩٦٥ |
| سوران عمر سعید | https://www.facebook.com/soranomar٦ |
| شوان محمد روستم | https://www.facebook.com/@Shwan.M.Rostam |
| غریب احمد مصطفی | https://www.facebook.com/gharib.a.mustafa |
| کاروان علي یارویس | https://www.facebook.com/karwanyarwais |
| مثنی امین نادر | https://www.facebook.com/Dr.Muthanna.Amin |
| موفق حسین قادر | https://www.facebook.com/Mofaq.Hussein.Qadir |
| نه رمین معروف غفور | https://www.facebook.com/Dr.Narmin.Maruf.Ghafur |
| یادکار محمود نصرالله | https://www.facebook.com/yadgar.mahmoud.٥ |

# پاشکۆی ژمارە (٣)

## سەردانیکردنی شاندی ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی نوێنەرای عێراقبۆ نوسینگەی سلێمانی

مكتب السليمانية لمجلس النواب :: نوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی عێراق
January 11 ·

کوردی – عربی
سەردانی نوسینگەی سلێمانی دەکەن شاندی ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران.
بە ئامادەبونی پەرلەمانتار دارا سێکانیانی شاندێک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کەپێکهاتبوون لە بەرێزان حیدر مسەنا بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئەندامان و ئاری جاسم نوێنەری جێگری پەرلەمانی عێراق و شکری محمود بەڕێوەبەری گشتی دارایی و بیلال کنعان بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی ئەندازیاری و محمد عبدالواحد بەڕێوەبەری ئاسایشی ئەنجومەن و ئەندازیاری بیناسازی بکر عبدالكريم سەردانی نوسینگەی سلێمانیان کرد ڕۆژی پێنجشەممە ١١/١/٢٠٢٤،
لەلایەن بەڕێوەبەری نوسینگە ئاری صلاح الدين فرج و فەرمانبەرانی نوسینگە پێشوازیان لێکرا.
شاندەکە بۆ دەستپێکردنی ڕێکارە یاساییەکانی ڕوخاندن و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی نوسینگەی سلێمانی هاتبون کە لە مانگی یانزەی ٢٠٢٣ چۆڵکراوە بەهۆی داروخان و لێکترازانی زۆربەی بیناکە.
ئامادەبووان سوپاس و پێزانینیان ئاڕاستەی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنی کرد کە بەشێکیان تایبەت کردووە تاوە نوسینگەی سلێمانی بتوانێت درێژە بە کارەکانی بدات.

وفد من مجلس النواب العراقي يزور مكتب السليمانية
بحضور النائب دارا سيكانياني زار وفد من الامانة العامة لمجلس النواب العراقي مكتب السليمانية تكون من السادة الاستاذ حيدر مثنى مدير عام الشؤون النيابية و الاستاذ ئارى جاسم ممثل عن نائب رئيس مجلس النواب و الاستاذ شكري محمود مدير عام الدائرة المالية و الاستاذ بلال كنعان مدير عام الدائرة الهندسية والاستاذ محمد عبد الواحد مدير القسم الامنى فى المجلس و المهندس بكر عبدالكريم وذلك يوم الخميس 11-1-2024. وكان في استقبالهم السيد ئارى صلاح الدين فرج مدير المكتب و السادة الموظفين .
وجاء الوفد لبدء الإجراءات القانونية لهدم وإعادة بناء مكتب السليمانية الذي تم إخلاؤه في شهر تشرين الثاني لسنة 2023 بسبب انهيار معظم المبنى.
وقد ابدى السادة الحضور الشكر والتقدير لمنظمة التنمية المدنية CDO لتخصيصها جناحا لمكتب السليمانية لمجلس النواب لمواصلة اعمال وأنشطة المكتب.

# - پاشکۆی وێنەکان

## چالاکییەکانی ڕێکخراو لە گەڵ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی
## نشاطات منظمة كوردستان للجميع مع ممثلي محافظة السليمانية

راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی نۆیەمی پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی
اعلان و نشر تقرير التاسع (محافظة السليمانية وممثلوها)







NEWS
KNN
PAYAM
NRT NRT


KNN
PAYAM
NRT NRT
لەگەڵ پاشکۆی


NEWS
KNN
PAYAM
NRT NRT
لەگەڵ پاشکۆی



گفتوگۆیکراوەی نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و فەرمانگە فیدراڵییەکانی ئیدارەی راپەڕین
جلسة حوارية بين نواب السليمانية والدوائر الاتحادية في إدارة رابرين



## پێشکەشکردنی (١٠) بەرنامەی رادیۆیی راستەوخۆ (ساڵی دەیەم)
## تقديم (١٠) برامج الاذاعية المباشرة (السنة العاشرة)




میوانداریکردنی نوێنەر (سروە محەمەد رەشید) لەبەرنامەی بەرنامەی یەکەمدا
أستضافة النائبة (سروه محمد رشيد) في البرنامج الاول




میوانداریکردنی نوێنەر (موسەننا ئەمین نادر) لەبەرنامەی بەرنامەی دووەمدا
أستضافة النائب (مثنى امين نادر) في البرنامج الثاني




میوانداریکردنی نوێنەر (شوان محەمەد رۆستەم) لەبەرنامەی بەرنامەی سێیەمدا
أستضافة النائب (شوان محەمد روستم) في البرنامج الثالث




میوانداریکردنی نوێنەر (شوان محەمەد رۆستەم) لەبەرنامەی بەرنامەی سێیەمدا
أستضافة النائب (موفق حسین قادر) في البرنامج الثالث




میوانداریکردنی نوێنەر (بەدریە حسین عەزیز) لەبەرنامەی بەرنامەی پێنجەمدا
أستضافة النائبة (بدرية حسين عزيز) في البرنامج الخامس




میوانداریکردنی نوێنەر (یادگار مەحموود نەسروڵڵا) لەبەرنامەی بەرنامەی شەشەم
أستضافة النائبة (يادگار محمود نصرالله) في البرنامج السادس




میوانداریکردنی نوێنەر (بەدریە ابراهیم رەشید) لەبەرنامەی بەرنامەی حەوتەم
أستضافة النائبة (بدرية ابراهيم رشيد) في البرنامج السابع




میوانداریکردنی نوێنەر (سۆران عمر سەعید) لەبەرنامەی بەرنامەی هەشتەم
أستضافة النائب (سوران عمر سعيد) في البرنامج الثامن




میوانداریکردنی نوێنەر (دارا حەمە ئەحمەد) لەبەرنامەی بەرنامەی نۆیەم
أستضافة النائب (دارا حەمە أحمد) في البرنامج التاسع




میوانداریکردنی نوێنەر (نەرمین مەعروف غەفور) لەبەرنامەی بەرنامەی دەیەمدا
أستضافة النائبة (نرمين معروف غفور) في البرنامج العاشر

## بەشێک لە چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

## قسم من نشاطات نواب محافظة السليمانية

گوێگرتن لە سکاڵاو داوای هاووڵاتیان لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

الاستماع لشكاوى واسئلة المواطنين في مكتب السليمانية لمجلس النواب العراقي









الله اكبر


الله اكبر


مجلس النواب العراقي
ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
مكتب السليمانية
مجلس النواب
ئەنجومەنی نوێنەران
الله اكبر

## ئامادەبوونی نوێنەران لەنووسینگەی هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەران

## حضور النواب في مكتب حلبجة لمجلس النواب








## سەردانیکردنی تیمی پرۆژە بۆ نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی

## زيارات فريق المشروع الى مكتب السليمانية لمجلس النواب العراقي






مجلس النواب العراقي
ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
مكتب السليمانية
مجلس النواب
ئەنجومەنی نوێنەران


مجلس النواب العراقي
ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
مكتب السليمانية
مجلس النواب
ئەنجومەنی نوێنەران

## سەردانیکردنی تیمی پرۆژە بۆ نووسینگەی هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەران

## زيارات فريق المشروع الى مكتب حلبجة لمجلس النواب







## سەردانیکردن بۆ نووسینگە تایبەتەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلیمانی

## زيارات الى مكاتب خاصة لنواب السليمانية




سەردانیکردن بۆ نووسینگەی نوێنەر (غەریب ئەحمەد مستەفا)
زيارة الى مكتب النائب (غريب احمد مصطفى)



سەردانیکردن بۆ نووسینگەی نوێنەر (سۆران عمر سەعید)
زيارة الى مكتب النائب (سوران عمر سعيد)



سەردانیکردن بۆ نووسینگەی نوێنەر (ئاسۆ فەرەیدون عەلی)
زيارة الى مكتب النائب (اسو فريدون علي)



## سەردانیکردنی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بۆ دامەزراوە گشتییەکان لەهەرێمی کوردستان

## زيارات زيارات نواب السليمانية الى المؤسسات العامة في اقليم كوردستان



سەردانیکردنی نوێنەر (نەرمین مەعروف) بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەو باری شارستانی سلێمانی
زيارة النائبة (نەرمین مەعروف) الى مديرية الجنسية والاحوال المدنية السليمانية



سەردانیکردنی نوێنەر (بڕیار ڕەشید شەریف) بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
زيارة النائب (بريار رشيد شريف) الى رئاسة بلدية السليمانية



سەردانیکردنی نوێنەر (غەریب ئەحمەد مستەفا) بۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێم
زيارة النائب (غريب احمد مصطفى) الى وزارة الاوقاف والشؤن الدينية في اقليم



سەردانیکردنی نوێنەر (شوان محەمەد رۆستەم) بۆ ئیدارەی گەرمیان
زيارة النائب (شوان محمەد رستم) الى الادارة كرميان



سەردانیکردنی نوێنەر (دارا حەمە ئەحمەد) بۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەهەرێم
زيارة النائب (دارا حەمە احمد) الى وزارة العمل والشؤن الاجتماعية في الاقليم



سەردانیکردنی نوێنەر (سۆران عمر سعيد) بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی راپەڕین
زيارة النائب (سوران عمر سعيد) الى مديرية المرور العامة في ادارة رابرين



سەردانیکردنی نوێنەر (بەدریە حسین عەزیز) بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی راپەڕین
زيارة النائب (بدرية حسين عزيز) الى مديرية الدفاع المدني في ادارة رابرين




سەردانیکردنی نوێنەر (مۆفەق حسین قادر) بۆلای کۆمەڵێک چالاکوان و رۆشنبیری چەمچەماڵ
زيارة النائب (موفق حسين قادر) مع مجموعة نشطاء ومثقفي جمجمال



سەردانیکردنی نوێنەر (سروە محەمەد رەشید) بۆ نوسینگەی پاسپۆرتی سلێمانی/ ٢ گەرمیان
زيارة النائب (سروه محمد رشيد) الى مكتب جوازات السليمانية/٢ كرميان



سەردانیکردنی نوێنەر (یادگار مەحمود نەسروڵا) بۆ نەخۆشخانەی هیوا
زيارة النائبة (يادگار محمود نصرالله) الى مستشفى هيوا



سەردانیکردنی نوێنەر (چرۆ حەمەشەریف) بۆ وەزارەتی پێشمەرگە
زيارة النائبة (چرۆ حەمەشەریف) الى وزارة البيشمرگة



سەردانیکردنی نوێنەر (کاروان عەلی یاروەیس) بۆ قائیمقامیەتی قەزای گەرمیان
زيارة النائب (كاروان علي يارويس) الى قائمقامية قضاء كرميان

## سەردانیکردنی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بۆ دامەزراوە گشتییەکانی ناوەند

## زيارات زيارات نواب السليمانية الى المؤسسات العامة في المركز




سەردانیکردنی نوێنەر (دارا حەمە ئەحمەد) بۆ وەزارەتی داد
زيارة النائب (دارا حمة احمد) الى وزارة العدل




سەردانیکردنی نوێنەر (بریار رەشید شەریف) بۆ وەزارەتی نەوت

زيارة النائب (بريار رشيد شريف) الى وزارة النفط



سەردانیکردنی نوێنەر (نەرمین مەعروف غەفور) بۆ وەزارەتی دارایی
زيارة النائبة (نرمين معروف غفور) الى وزارة المالية



سەردانیکردنی نوێنەر (ڕێبوار ئەوڕەحمان) بۆ ئەنجومەنی گشتی ڕاژە
زيارة النائب (ڕێبوار اورحمان) الى مجلس الخدمة العامة



سەردانیکردنی نوێنەر (ئاسۆ فەرەیدون عەلی) بۆ کۆمپانیای نەوتی باکور
زيارة النائب (اسو فريدون علي) الى شركة النفط الشمال




سەردانیکردنی نوێنەر (موسەننا ئەمین نادر) بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شارستانی و پاسپۆرت و نشینگە
زيارة النائب (مثنى امين نادر) الى مديرية الاحوال المدنية والجوازات والاقامة



سەردانیکردنی نوێنەر (سۆران عمر سەعید) بۆ دیوانی چاودێری دارایی
زيارة النائب (سوران عمر سعيد) الى ديوان الرقابة المالية



سەردانیکردنی نوێنەر (کاروان عەلی یاروەیس) بۆ وەزارەتی گواستنەوە
زيارة النائب (كاروان علي يارويس) الى وزارة النقل



سەردانیکردنی نوێنەر (یادگار مەحمود نەسروڵا) بۆ بەشی کوردی تۆڕی راگەیاندنی عێراقی
زيارة النائبة (يادگار محمود نصرالله) الى القسم الكوردي لشبكة الاعلام العراقية



سەردانیکردنی نوێنەر (سروە محەمەد رەشید) بۆ فەرمانگەی پزیشکی دادی
زيارة النائبة (سروه محمد رشيد) الى دائرة الطب العدلي



بەیاوەری هاووڵاتیان، سەردانیکردنی نوێنەر (شوان محەمەد رۆستەم) بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

برفقة المواطنين، زيارة النائب (شوان محمەد رستم) الى نائب رئيس مجلس النواب



سەردانیکردنی نوێنەر (بدریە حسێن عەزیز) بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زيارة النائبة (بدرية حسين عزيز) الى وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

## سەدانیکردنی تیمی پرۆژە بۆ بەشێک لە فەرمانگەکانی پارێزگای سلێمانی
## زيارات فريق المشروع الى بعض دوائر محافظة السليمانية



سەردانیکردنی بەڕێوەبەرێتی دروستکراوی دانەوێڵەی سلێمانی
زيارة مديرية تصنيع الحبوب/ السليمانية




سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامەو باری شارستانی سلێمانی
زيارة الى مديرية الجنسية والاحوال المدنية السليمانية



سەردانیکردنی فەرماندەیی لیوای (٢١)ی پاراستنی سنور
زيارة الى قيادة لواء (٢١) حرس الحدود



سەردانیکردنی نەخۆشخانەی هیوا
زيارة الى مستشفى هيوا



سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای هەڵەبجە
زيارة الى مديرية الاقامة محافظة حلبجة



سەردانیکردنی فەرمانگەی کارتی  نیشتمانی هەڵەبجە
زيارة الى دائرة البطاقة الوطنية حلبجة



سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگی پارێزگای هەڵەبجە
زيارة الى مديرية شرطة كمارك محافظة حلبجة



مقارنة بين انتخاب مجالس محافظات الأقليم وانتخابات مجالس محافظات العراق: أول انتخابات لمجالس المحافظات في العراق وإقليم كوردستان كانت في عام (٢٠٠٥)، وقد جرت بالتوازي مع انتخابات مجلس النواب العراقي.

| الدورة | يوم الأنتخاب |
| --- | --- |
| الدورة الأولى لأنتخابات مجالس المحافظات العراقية | ٣٠ /كانون الثاني/٢٠٠٥ |
| الدورة الثانية لانتخابات مجالس المحافظات العراقية | ٣١/كانون الثاني /٢٠٠٩ |
| الدورة الثالثة لانتخابات مجاس المحافظات العراقية | ٢٠/نيسان/٢٠١٣ |
| في عام ٢٠١٩ وبضغط من المواطنين قرر مجلس النواب العراقي انهاء عمل مجالس المحافظات | |
| الدورة الرابعة لمجالس المحافظات العراقية | ١٨/ كانون الثاني /٢٠٢٣ |

كما أشرنا سابقا، في إقليم كردستان تم إجراء الانتخابات لمجالس المحافظات مرتين فقط، وحتى الان مصير ألجولة الثالثة مجهول.

| الدورة | تأريخ الانتخابات |
|---|---|
| الدورة الأولى لانتخابات مجالس محافظات الأقليم | ٣٠/كانون الثاني ٢٠٠٥ |
| الدورة الثانية لأنتخابات مجالس محافظات الأقليم | ٣٠/نيسان/٢٠١٤ |
| في (٢٠٢٣/٩/٢٤)، أصدرت المحكمة الاتحادية العليا في العراق القرار رقم (١٢٤/اتحادية/٢٠٢٣)، الذي أنهى عمل مجالس محافظات إقليم كردستان،وتم تعليق نشاطاتها بشكل مباشر | |

كوردستان للجميع تربط تأجيل إجراء الانتخابات لمجالس المحافظات بالأسباب التالية:

* عدم ثقة المواطنين بالانتخابات

* فقدان ثقة المواطنين بمجلس المحافظات، حيث يعتقد أن المجالس لا تمتلك السلطات اللازمة

* خوف الأطراف السياسية من خسارة مقاعدها في الانتخابات

* غياب الثقة بتسليم السلطات الموكلة.

## أهمية مجالس المحافظات

* وضع السياسات العامة للمحافظة وتحديد الأولويات في جميع المجالات بالتنسيق مع الوزارات والجهات ذات الصلة، وفي حالة نشوء نزاع، يكون القرار النهائي لمجلس المحافظة.

* تمتلك المجالس سلطة الرقابة ضمن حدود المحافظات، ما يسهم في تقوية الهيئات الرقابية التي تعد من أبرز عوامل تقدم الدول

* التحقيق مع المحافظ أو نوابه في حالات مثل: هدر المال العام، الإخلال بالواجبات، غياب النزاهة، أو إساءة استخدام السلطة

* مراقبة أنشطة الوزارات المختلفة داخل المحافظة لضمان أدائها وفق الأصول. ويستثنى من ذلك المحاكم، الوحدات العسكرية، الكليات، المعاهد، والهيئات التابعة للحكومة الاتحادية

* تقديم مشاريع خدمية من خلال مجلس المحافظة، مع تركيز الحكومة على التخطيط الاستراتيجي

* تسهيل إنجاز معاملات المواطنين

* أهمية هذه المجالس تبرزعندما تعمل حكومة وبرلمان الإقليم بتناغم وتنسيق مستمر مع المجالس

## تعطيل عمل مجالس المحافظات

من الواضح أن الأطراف السياسية الأساسية هي السبب الرئيسي وراء تعطيل الانتخابات في إقليم كوردستان،في كل مرة يكون هناك ضغط سياسي لإجراء الانتخابات، تجرى العملية، وعلى العكس عندما لا ترغب القوى السياسية المهيمنة في الانتخابات، يتم تأجيلها باستخدام حجج متعددة، مع تمديد مدة المجالس المنتخبة

على سبيل المثال خلال ٣٢ عاما من الحكم الكوردي، لم تجري سوى انتخابات واحدة للمجالس البلدية، بينما أجريت انتخابات مجالس المحافظات مرتين فقط في الإقليم، على هذا النحو::

| ت | الدورة الأنتخابية | من | الى |
|---|---|---|---|
| ١ | انتخابات مجالس البلدية | ٢٠٠٠ | ٢٠٢٤ |
| ٢ | الدورة الأولى لمجالس المحافظات في الأقليم | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ |
| ٣ | الدورة الثانية لانتخابات مجالس المحافظات في الأقليم | ٢٠١٤ | ٢٠٢٤ |

تعطيل وإضعاف مجالس المحافظات من قبل القوى السياسية، وذلك من خلال ترشيح شخصيات غير مؤهلة للمجالس، إذ تولي القوى السياسية الأولوية لولاءات الأفراد الجماعية وليس لمهاراتهم وخبراتهم، حيث يركزون على عدد المقاعد التي يمكنهم الحصول عليها بدلا من جودة الخدمة التي يمكن تقديمها.

١* القوى السياسية عند ترشيحها لمرشحيها تتبع منهجية تعتمد على منح الفرص لكوادرها، حيث يتم ترشيح شخصيات فقط بسبب انتهاء مهامهم أو أدوارهم الأخرى، دون النظر إلى كفاءاتهم وقدراتهم.

٢* بعد مباشرة أعضاء المجالس لمهامهم، غالبا ما تنسى الأحزاب هؤلاء الأعضاء وكتلهم البرلمانية، ولا توليهم اهتماما لدعم مشاريعهم وأفكارهم التي تسهم في تنفيذ الوعود الانتخابية وأداء مهام المجالس المحلية، وفي كثير من الأحيان تعود القوى السياسية لكتلها فقط حين يتعلق الأمر بقضايا سياسية تستخدم للتفاوض أو لتحقيق مكاسب سياسية معينة.

٣* وفقا لقانون رقم (٣) لعام ٢٠٠٩ الخاص بمجلس المحافظات في الإقليم، تخضع المجالس لرقابة برلمان كوردستان،ومع ذلك وخلال السنوات التسع الماضية، لم يمارس البرلمان دوره الرقابي بشكل ملحوظ لدعم أو تعزيز المجالس أو التعاون المستمر معها.

٤* أصدر برلمان كوردستان قانون رقم (٣) لعام ٢٠٠٩ الذي ينظم عمل مجالس المحافظات، وأجرى تعديلات عليه عام ٢٠١٩، بما في ذلك تمديد فترة الدورة الحالية للمجالس.

٥* منذ بدء الدورة الحالية لمجالس المحافظات عام ٢٠١٤، كان من الضروري تعديل القانون رقم (٣) لتفادي التعارض مع قوانين أخرى تعيق عمل المجالس، لكن البرلمان لم يتخذ خطوات لمعالجة هذه القضايا.

٦* ينص قانون مجالس المحافظات رقم (٣) لعام ٢٠٠٩ على أن بإمكان البرلمان حل هذه المجالس في حال عدم قيامها بمهامها، ومع ذلك لم يتخذ أي إجراء من هذا القبيل خلال أي دورة برلمانية.

٧* تعاني مجالس المحافظات من عقبات عديدة في تعاملها مع حكومة الإقليم، حيث تواجه هذه المجالس صعوبة في ممارسة دورها الرقابي على الإدارات المحلية بسبب عدم التعاون الكافي من بعض الجهات التنفيذية.

٨* تقع على عاتق حكومة الإقليم مسؤولية تحديد موعد جديد لدورة المجالس، إلا أن هذه المسؤولية لم تنفذ حتى الآن، حيث لم تقم أي حكومة متعاقبة بالوفاء بهذا الالتزام.

٩* عدم إجراء الانتخابات في مواعيدها القانونية (كل أربع سنوات) أدى إلى فقدان المواطنين الثقة في المجالس المنتخبة.

١٠* تنظر الحكومة إلى هذه المجالس وكأنها مجرد كيانات زائدة عن الحاجة.

١١* بينما تعمل المجالس لتعزيز اللامركزية، تعمل الحكومة على تقوية المركزية.

١٢* منع تنفيذ بعض بنود ومواد قانون رقم (٣)

١٣* تهتم الحكومة بالمجالس فقط في سياق الأزمات.

١٤* إضافة إلى ما سبق، فإن ضعف المجالس يعود أحيانا إلى أعضائها أنفسهم، حيث يتجاهل كثير منهم أداء مهامهم الأساسية، مثل حضور الاجتماعات الدورية للجان، بينما ينشغل بعضهم بالدراسة أو العمل في مناطق نائية، مما يؤدي إلى ضعف المشاركة واستمرار غيابهم.

١٥* المواطنون يعتبرون مجالس المحافظات جهات خدمية، لكن أداء المجالس المخيب للآمال أدى إلى تجاهل دورها الأساسي.

١٦* من اللافت للنظر أن المواطنين لا يظهرون اهتماما كبيرا بوجود أو غياب هذه المجالس، رغم المطالب الشعبية السابقة بحلها، كما حدث في تظاهرات تشرين عام ٢٠١٣ في العراق، حين كان حل مجالس المحافظات مطلبا رئيسيا بسبب إخفاقها في تقديم الخدمات، وقد ألغيت هذه المجالس فعليا لمدة عشر سنوات قبل إعادة انتخابها في العام الماضي.

## هل نجحت مجالس المحافظات؟

على الرغم من أن المادة (١٢٢) من دستور العراق (٢٠٠٥) منحت صلاحيات واسعة للمحافظين لإدارة شؤونهم بعيداعن السلطة المركزية من خلال مجالس المحافظات، التي كان من المفترض أن تكون بمثابة برلمان مصغر لكل محافظ، حيث يتم تشكيل حكومة محلية ذات طابع خدمي وتنموي، تركز على تقديم الخدمات والتنمية. ومع ذلك، تبين أن هذه المجالس لم تكن ناجحة في تنفيذ الأهداف التي كانت من أجلها، وأبرز فشل كان في إدارة شؤون المحافظات، السبب الرئيسي لذلك هو أن هذه المجالس كانت ذات طابع سياسي أكثر من كونها مجالس تهتم بالتنمية والارتقاء بالمحافظات.

بلا شك، عندما تم منح صلاحيات متنوعة لمجالس المحافظات بموجب الدستور العراقي لعام ٢٠٠٥، كان الهدف من ذلك هو تمكين هذه المجالس من تقديم الخدمات اللازمة وتلبية احتياجات المواطنين في كل محافظة على حدة ، و كان يفترض أن يؤدي هذا إلى تسريع تنفيذ الأعمال وتقديم الخدمات بشكل أفضل

لكن الواقع في بعض المحافظات اختلف، حيث أدى التسييس الزائد واستخدام بعض القوى السياسية لمجالس المحافظات لتحقيق مصالحها الخاصة ضد الحكومة المركزية إلى وجود تحديات في تطبيق هذه الصلاحيات، كما أن المركزية في بعض المؤسسات الحكومية قد أسهمت في تأخير تنفيذ المهام والخدمات الموكلة للمجالس.

بعد حوالي عشرين عاما من تجربة هذه المجالس، يمكن ملاحظة أن تأثير هذه المجالس على الواقع المحلي كان متباينا بين النجاح والإخفاق.

وقد أسهمت عدة عوامل في تنفيذ صلاحيات هذه المجالس، منها التركيبة السياسية في كل محافظة وكيفية استغلال هذه المجالس

كأدوات سياسية أكثر من كونها هيئات خدمية تركز على تنمية المنطقة وتقديم الخدمات للمواطنين. وهذه الأسباب يمكن تصنيفها إلى قسمين:

## القسم الأول: عوامل خارجة عن إرادة المجالس

(ظهور تنظيم داعش، الأزمات المالية والاقتصادية، تدهور العلاقات بين الإقليم وبغداد، الأزمات السياسية داخل الإقليم، لا سيما بين الحزب الديمقراطي الكوردستاني والاتحاد الوطني الكوردستان، تفاقم الخلافات الداخلية بين الأحزاب السياسية، عدم متابعة أعمال مجالس المحافظات من قبل برلمان كردستان).

## القسم الثاني: عوامل مرتبطة مباشرة بأداء المجالس

- ضعف إدارتها بسبب نقص الكفاءة والخبرة الفنية والتنظيمية لأعضائها، مما أثر على جودة القرارات الصادرة عن لجانها الدائمة.
- افتقارها إلى الخبرة العملية والإدارية الكافية لتسيير شؤون المحافظات.
- في كثير من الأحيان، اتخذت قراراتها دون دعم إداري أو تقني ودون تنسيق مناسب، مما جعل تنفيذ المسؤوليات يعتمد على الرغبات الشخصية.
- غياب التنسيق الكامل بين المجالس والحكومة والوزارات، حيث رفضت قرارات لمجلس محافظة السليمانية من قبل مجلس الوزراء بحجة أنها ليست من صلاحيات المجالس.

وأخيرا يمكننا القول إن مجالس محافظات الإقليم لم تتمكن من تنفيذ صلاحياتها بالشكل المطلوب، وبالتالي لم تنجح في كسب رضا المواطنين.

وەرزی دووەم

# بەشی یەکەم:

## چالاکییەکانی پڕۆژەی
## (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)
## تایبەت بە
## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
## لە (٢٠٢٣/١٠/١ – ٢٠٢٤/٩/٣٠)

## پێشەکی

پاش ئەوەی لە (٢٠٢٣/٩/٢٤)دا دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بە بڕیاری ژمارە (١٢٤/الاتحادية/ ٢٠٢٣) کۆتایهێنا بە کاری ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم راستەوخۆ کارەکانیان راگرت و زۆرێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش وەک ئەوەی دەمێک بوو چاوەڕوانی بڕیارێکی لەو جۆرە بوون، تا پاساویان هەبێت ئەنجومەن بەجێبهێڵن، راستەوخۆ ئەنجومەنیان چۆڵکردو تەنها بۆ مووچەوەرگرتن سەردانی ئەنجومەنیان دەکرد.

لەدوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵییەوە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) لەهەوڵدابووە بۆ ئەوەی هەرچی زووترە چارەنوسی ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم یەکلایی بکرێتەوە، چونکە لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیدا هیچ ئاماژەیەک بۆ چارەنوسی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم نەکراوەو هاوکاتیش سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمیش بەفەرمی ئەم پرسەی یەکلایی نەکردۆتەوە، روونیش نییە کەی هەڵبژاردن بۆ خولی نوێی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم ئەنجام دەدرێت، ئەمەش یەکێک بوو لەو کاریگەرییە نەرێنیانەی پشت راگرتنی کاری ئەنجومەنەکان.

هەربۆیە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) هەڵمەتێکی فراوانی راگەیاند، بەناوی (هەڵمەتی کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم) بەو ئومێدەی چالاکی و هەنگاوەکانی ئەم هەڵمەتە ببنە فشارێک بۆ ئاوڕدانەوە لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم و داواکاریشین لەم هەڵمەتەدا لایەنە سیاسییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و هاووڵاتیان پشتگیرمان بن لە سەرخستنی ئەم هەڵمەتەدا، تابتوانین بەهەوڵی هەموولایەک شکۆی

دامەزاوە هەڵبژێردراوەکان بپارێزین و رێز لە یاساو رێز لە ئیرادەی هاووڵاتیان بگرین و کۆتایی بە نەریتی درێژکردنەوەی ئەنجومەنە هەڵبژێرداروەکان بهێنین لە هەرێمی کوردستاندا.

بەشی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەم راپۆرتەی ئەمسالدا تەرخانکراوە بۆ هەڵمەتی کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم و ئەوچالاکییانەی کە لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتەدا لە ماوەی رابردوودا ئەنجامدراون، لەم راپۆرتەدا خراونەتەڕوو.

## چالاکییەکانی پرۆژەی

## (پارێزگای سلێمانی ونوێنەرانی) تایبەت بە (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) لە

## (٢٠٢٣/١٠/١ — ٢٠٢٤/٩/٣٠)

(ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) لە میانی چالاکییەکانی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) دا تایبەت بە (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، ئەم چالاکیانەی ئەنجامدان:

### یەکەم/ ئامادەو پێشکەشکردنی بەرنامەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)

یەکێک لەو چالاکییانەی ساڵانە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) لە پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)دا گرنگی پێدەدات، ئەنجامدانی بەرنامەی رادیۆییە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە رادیۆی نەوا، ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو دەریخستووە کە بەرنامەکان هۆکارێکن بۆ بەردەوامی پەیوەندی نێوان نوێنەری هەڵبژێردراو و هاووڵاتیان، کە هاووڵاتی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نوێنەرەکەیدا گفتوگۆ دەکات، لەبەرنامەکانی ئەمساڵدا جگە لە دەستەی سەرۆکایەتی، هاوکات سەرۆکی سەرجەم فراکسیۆنەکانی ئەنجومەنیش بەشداری بەرنامەکانیان کرد. جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو بە هۆی ڕاگرتنی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لەلایەن (دادگای باڵای فیدراڵی عێراق)ەوە تەوەری بەرنامەکانی ئەمساڵ باسکردن بوو لە ئەزموونی نۆ ساڵی دەستەی سەرۆکایەتی و فراکسیۆنەکانی ناو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و خستنەڕووی خاڵی بەهێز و لاوازیان و ڕێگریەکانی بەردەمیان، هاوکات پێشنیاریش بۆ خولی نوێی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەبەرنامەکاندا خرانەڕوو.

ئەم بەرنامانەش هاوکات، لە سەر هەردوو پێگەی ئەلکترۆنی (رادیۆی نەوا https://www.radionawa.com/Ku/show-

(detail.aspx?jimare=١٤٥) و (رێکخـــــراوی کوردســــــاتن بـــــۆ هەمـــــــووان www.keodd.org)یش دادەنران.

خشتەی ژمارە (١)

بەرنامە رادیۆییەکان بۆ (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)

| ز | رێکەوت | میوان | پۆست/ فراکسیۆن |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٢٤/١/١٦ | ئازاد محمد امین | سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی |
| ٢ | ٢٠٢٤/١/٢٣ | بەرزان شیخ محمد | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی |
| ٣ | ٢٠٢٤/١/٣٠ | مەهدی محمود | سکرتێری ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی |
| ٤ | ٢٠٢٤/٢/٦ | ڕێبوار ئەحمد | سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان |
| ٥ | ٢٠٢٤/٢/١٣ | محمد رەسول مراد | سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٦ | ٢٠٢٤/٢/٢٠ | زیاد کاکە رەزا | سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٧ | ٢٠٢٤/٢/٢٧ | میدیا احمد | سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری کوردستان |
| ٨ | ٢٠٢٤/٣/٥ | کاسترۆ مەعروف | سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی نیشتمانی |
| ٩ | ٢٠٢٤/٣/١٢ | - | - |
| ١٠ | ٢٠٢٤/٣/١٩ | خەدیجە عبدالجبار | ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان |

تێبینـی: بڕیـار بـوو بەرنـامەی نـوێیەم میوانـداری (ئـامـانج نەجیـب شـەمعون سـەرۆکی (لیسـتی رافیـدەین) بـکرێـت، بەڵام نـاوبراو ئـامـادەی بەرنـامەکە نەبوو.

## دووەم/ سەردان و بەدواداچوونی رۆژانە بۆ (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)

بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی دەستەی سـەرۆکـایەتی و لـیژنە هەمیشـەییەکـان و ئەنـدامـانی (ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی)، هەروەک سـاڵانی رابـردوو تیمـی پـرۆژە لە سـەردانیـکردن بـۆ (ئەنجومەنی پارێزگـای سـلێمانی) بەردەوام بـووە، بەڵام بەهـۆی بڕیـارەکەی دادگـا بـاڵای فیـدراڵی عێـراقەوە، سـەبارەت بە کـۆتایهێنـان بەکـاری ئەنجـومەنی پارێزگاکـانی هەرێـم، دەسـتبەجێ زۆریـنەی ئەنـدامانی ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی چۆڵـکردو تەنها بۆ وەرگـرتنـی مـووچەو هەنـدێک کـاری تـایبەت بەخـۆیـان

سەردانی تەلاری ئەنجومەنی پارێزگایان دەکرد، هەربۆیە لەم ساڵدا تیمی پرۆژە سەردانەکانی لەچاو ساڵانی رابردوودا کەمتر کردووە.

## سێیەم/ ماڵپەڕی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان www.keodd.org).

ئەم ماڵپەڕە لە ساڵی (٢٠١٧)دا دامەزراوەو هەتا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، چەندین هەواڵی تایبەت بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تێدا بڵاوکراونەتەوە، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی سەرجەم بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگاو پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن.

لە ئێستادا کە ماڵپەڕی فەرمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داخراوەو هاوکاتیش پەڕەی فەرمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووک)داخراوە، ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان، تاکە ماڵپەڕە کە زۆرترین زانیاری و ئەرشیفی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەخۆ گرتبێت.

کۆی ژمارەی سەردانیکردنی هەواڵ و بەشەکان لە پێگەکە گەیشتوونەتە (١,١٦٥,٦٦٦) یەک ملیۆن و سەدو شەت وپێنج هەزارو شەست شەش سەردانیکردن.

## چوارەم/ هەڵمەتی کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم

پاش ئەوەی چارەنوسی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بەنادیاری مانەوە، لە پێناو کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و کارکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ خولی نوێی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) لەمانگی (٧)ی ساڵی (٢٠٢٤) هەڵمەتی (کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)ی راگەیاند، وەک ئاشکرایە لەساڵی (٢٠١٨)ەوە ماوەی شەش ساڵە هەڵبژاردن بۆ (ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم) ئەنجامنەدراوەو هەروەها لە ساڵی (٢٠٢٣)دا (دادگای فیدراڵی عێراق) کارکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی

هەرێمی راگرت، بەڵام تائێستاش ئەو بابەتە بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و ئەنجومەنەکان چوونەتە قۆناغی مت بوونەوەو هاوکاتیش نەبووتە جێی بایەخی (پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسیەکانی هەرێم) هەر بۆیە لە پێناو کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)، بەهاوکاری رێکخراوی (NED)ی ئەمریکی هەڵمەتی کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم رادەگەیاند، و داواش لە لایەنە سیاسییەکان و پەرلەمان و حکومەتی داهاتوو ورێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و یاسا ناسان و هاووڵاتیانیش دەکات لەسەرخستنی ئەم هەڵمەتەدا هاوکارو پشتیوان بن.

ئاشکرایە کە هەرێمێکی بەهێز بەندە بە زیندوویەتی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی و نوێکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان بەگوێرەی دەستوری عێراق و یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان کە هەر چوار ساڵێکی بۆ تەمەنی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاریکردووە.

ئامانجی هەڵمەتی کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم:

1. هەمووارکردنەوەی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩))
2. هەمووارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)
3. دیاریکردنی رێژی هەڵبژاردنی خولی نوێی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.
4. جەختکردنەوەو داکۆکیکردن لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە، کە سەرەڕای ئەوەی یەکێکە لەداواکاری و

خواستی هاووڵاتیانی پارێزگاکە، هاوکاتیش هەنگاوێکی کردەیی جدیی دەبێت لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بۆ تەواوکردنی ڕێکارەکانی بەپارێزگا بوونی هەڵەبجە.

چالاکییەکانی هەڵمەتی کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم:

ئەم هەڵمەتە لە چەند چالاکییەکی جیاواز پێکدێت، کە بریتین لە:

یەکەم/ ئەنجامدانی ڕاپرسی لە نێوان دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

دووەم/ ئەنجامدانی ڕاپرسی لە نێوان (١٠٠) هاووڵاتی کە سەردانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیان کردووە.

سێیەم/ ئەنجامدانی ۆرکشۆپێک بۆ وەرگرتنی ڕای (ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و مامۆستایانی زانکۆو چالاکوانانی مەدەنی و فەرمانگەکانی حکومەتی خۆجێی سلێمانی و مەکتەبی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسییەکان) سەبارەت بە یاسای ژمارە (٣)و گرنگی بوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان.

چوارەم/ کۆکردنەوەو پۆلێکردنی ئەنجامی ڕاپرسییەکان و ڕاسپاردەکانی ۆرکشۆپەکە و تۆمارکردنیان لە شێوەی ڕاپۆرتێکدا.

پێنجەم/ سەردانیکردنی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکانی ئەم چالاکییەو داواکردن لێیان دوا بەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەنگاو و فشارەکانیان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بێت.

شەشەم/ سەردانیکردنی سەرۆکایەتی نوێی پەرلەمانی کوردستان بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکە وداواکردن لێیان کە هەمووارکردنەوەی هەردوو یاسای ناوبراو بکەنە ئەولەویەتی کارەکانیان.

حەوتەم/ سەردانیکردنی کابینەی نوێی حکومەت و پێشکەشکردن راسپاردەکانی ئەم چالاکییەو داواکردن لێیان کە لەنزیکترین کاتدا، رۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاری بکەن.

## پێنجەم/ ۆرکشۆپی تایبەت بە (هەڵمەتی کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم)

(رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) بە هاوکاری رێکخراوی (NED) ئەمریکی، لە چوارچێوەی پرۆژەی پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)دا بەئامانجی کاراکردنی رۆڵی ئەنجومەنی پارێزگاکان و دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنی خولی نوێی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم (هەڵمەتی کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی راگەیاند... رێکەوتی (٢٠٢٤/٨/١٥) ۆرکشۆپێکی تایبەت بەو پرسە رێکخرا لە ۆرکشۆپەکەدا میوانداری هەریەکە لەم گروپانەی کرد

١. ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.
٢. یاسا ناسان و مامۆستایانی زانکۆ.
٣. چالاکوانان ورێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.
٤. مەکتەبی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسییەکان.
٥. فەرمانگەکانی حکومەتی خۆجێی سلێمانی.

سەرەتا دوو راپرسی تایبەت کە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامی دابوون لەنێوان (ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) و (١٠٠ لەو هاووڵاتیانەی کە سەردانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)یان کردبوو.

دواتر بەشداربووان بەسەر پێنج گروپدا دابەشکراو لە گروپینێکدا کەنزیکەی سێ کاتژمێری خایاند، راو سەرنج و رەخنەو پێشنیاری خۆیان

لەسەر پێنج تەوەری تایبەت بە (کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم) ئامادەکرد.
بڕیاریشە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) لە درێژەی چالاکییەکانی (هەڵمەتی کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان) لیژنەیەکی تایبەت بۆ پۆلێنکردن و یەکسختنی پێشنیاری گروپەکان و ئەنجامی هەردوو راپرسی ئاماژەبۆکراو بەشێوەی راسپاردە ئامادەبکات و بیخاتە بەردەستی هەریەکە لە (لایەنە سیاسیەکان، سەرۆکایەتی خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان و کابینەی نوێی حکومەت هەرێمی کوردستان) داوایان لێبکرێت کە:

١. لایەنە سیاسییەکانی هەرێم فشارەکانیان بۆ هەڵبژاردنی خولی نوێی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم دەستپێبکەن وەک چۆن لەرابردوودا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان فشاریان دەکرد.
٢. خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان هەموارکردنەوەی هەردوو یاسای ژمارە (٣) و ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) بخاتە پێشینەی کارەکانی.
٣. کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لە پێشینەی کارەکانی کابینەکە دابنێت.
٤. هەریەکە لە(لایەنە سیاسییەکان و پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان) ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە پێکبهێنن.

## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵێکدا
## (٢٠٢٣/١٠/١ — ٢٠٢٤/٩/٣٠)

1. پاش بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی سەبارەت بە کۆتایهێنان بە کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەهۆی نادەستوری بوونی درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنیان، راستەوخۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پابەند بوونی خۆی بە بڕیارەکە دەربڕی و سەرجەم کارەکانی خۆی راگرت.
2. لە پاش بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا، لە دەوامکردن بەردەوام بوون.
3. پاش راگرتنی کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، جگە لە چەند ئەندامێک کە بەشێوەیەکی پچڕپچڕ دەوامیان کردووە، زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەوامیان راگرت و تەنها بۆ وەرگرتنی مووچە یان بۆ بابەتێکی کەسی خۆیان سەردانی ئەنجومەنیان دەکرد.
4. لەکۆی پێنج ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە خۆیان کاندید کردبوو بۆ پەرلەمانی کوردستان، تەنها (ئازاد محەمەد ئەمین) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، توانی دەنگی پێویست بهێنێت بۆ بوون بە ئەندامی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامەکانیش بریتیبوون: (ئازاد محەمەد ئەمین/ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، (بەرزان شێخ محەمەد/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، (ڕێبوار ئەحمەد مەولود/ سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان)، (زیاد کاکە رەزا/ سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی

کوردستان)،
(هاوژین ئیسماعیل).

5. (ئازاد محەمەد ئەمین) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پاش دەستبەکاربوونی وەک ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و دەستهەڵگرتنی لە ئەندامێتی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) بەگوێرەی برگەکانی (شەشەم) و (حەوتەم) لە ماددەی (٢٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، (بەرزان محەمەد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەرکەکان جێبەجێدەکات.

6. چارەنووسی هەریەکە لە دەستلەکارکێشانەوەی ئەم ئەندامانەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی یەکلایی نەکراوەتەوە: (ڕێکەوت محەمەد زەکی، لەفراکسیۆنی یەکێتی) و (میدیا ئەحمەد و ڕەمەزان نامق/ لە فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری) پاش ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ڕابردوودا دەستلەکارکێشانەوەی هەرسێ ئەندامی ناوبراوی پەسەندکرد، (تاکاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە) ئەو سێ ئەندامە نە خانەنشینکراون، نە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەنجومەن و نە دەشتوانن بگەڕێنەوە سەر کاری پێشوویان.

7. ساڵی ڕابردوودا، ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بەبێ ئەوەی هەستن بەکارەکانی خۆیان ماوەی ساڵێکە مووچەکانیان وەردەگرن، هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم مانگانە موچەکەی دوو ملیۆن و ٨٠٠ هەزار دینارە واتە موچەی ئەو ١٠٠ ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، مانگانە ٢٨٠ ملیۆن دینار و لە ساڵێکدا دەگاتە سێ ملیار و ٣٦٠ ملیۆن دینار.

| ئەنجومەن | ئەندام | مووچە بۆ یەک مانگ | کۆی مووچە |
|---|---|---|---|
| ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر | ٣٠ | ٢،٨٠٠،٠٠٠ | ٨٤,٠٠٠,٠٠٠ |
| ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | ٣٢ | | ٨٩,٦٠٠,٠٠٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك | ٢٨ | | ٧٨,٤٠٠,٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | | ٢٥٢,٠٠٠,٠٠٠ |

## ئەرکودەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە پەیڕەوی ناوخۆی (هەموارکراو)ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا

## ئەرکودەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن

**ماددەی** (٢٥):

**یەکەم:** چاودێریی کردنی کاروباری لیژنەکانو بەدواداچوونیان، پاشان پێشکەشکردنی ڕاپۆرت بە سەرۆکی ئەنجومەن لە بارەیانەوە.

**دووەم:** لەدانیشتنی تازەدا کورتەی کۆنووسی دانیشتنی ڕابردوو دەخوێنێتەوە، لەگەڵ ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو.

**سێیەم:** بەشداریی لە کارەکانی دەستەی سەرۆکایەتیدا دەکات.

**چوارەم:** سەرپەرشتییکردنی کاروبارە کارگێڕیەکانی ناو ئەنجومەن و ئاڕاستەی نوسراوەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری دەکات بەپێی ئەو دەسەڵاتەی سەرۆك بۆی دیاریدەکات.

**پێنجەم:** بەجێگەیاندنی ئەو دەسەڵات و ئەرکانەی کە لەلایەن سەرۆکەوە پێیدەدرێت.

**شەشەم:** لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا (بەهۆی گەشتکردن، ئیفاد، نەخۆشی، مۆڵەت)، ئەرکەکانی جێبەجێدەکات.

**حەوتەم:** نوێنەرایەتیی ئەنجومەن دەکات لە کاتی ئامادەنەبوون یان ڕاسپاردنی سەرۆکدا.

# بەشی دووەم:

## چالاکییەکانی
## هەڵمەتی کاراکردنی ئەنجومەنی
## پارێزگاکانی هەرێم

## چالاكییەكانی هەڵمەتی كاراكردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێم:

ئەم هەڵمەتە لە چەند چالاكییەكی جیاواز پێكدێت، كە بریتین لە:

یەكەم/ ئەنجامدانی راپرسی لە نێوان دەستەی سەرۆكایەتی و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

دووەم/ ئەنجامدانی راپرسی لە نێوان (١٠٠) هاووڵاتی كە سەردانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیان كردووە.

سێیەم/ ئەنجامدانی ۆركشۆپێك بۆ وەرگرتنی رای (ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و مامۆستایانی زانكۆو چالاكوانانی مەدەنی و فەرمانگەكانی حكومەتی خۆجێی سلێمانی و مەكتەبی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسییەكان) سەبارەت بە یاسای ژمارە (٣)و گرنگی بوونی ئەنجومەنی پارێزگاكان.

چوارەم/ كۆكردنەوەو پۆلێكردنی ئەنجامی راپرسییەكان و راسپاردەكانی ۆركشۆپەكە و تۆماركردنیان لە شێوەی راپۆرتێكدا.

پێنجەم/ سەردانیكردنی لایەنە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان و پێشكەشكردنی راسپاردەكانی ئەم چالاكییەو داواكردن لێیان دوا بەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان هەنگاو و فشارەكانیان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان بێت.

شەشەم/ سەردانیكردنی سەرۆكایەتی نوێی پەرلەمانی كوردستان بۆ پێشكەشكردنی راپۆرتەكە وداواكردن لێیان كە هەمواركردنەوەی هەردوو یاسای ناوبراو بكەنە ئەولەویەتی كارەكانیان.

حەوتەم/ سەردانیكردنی كابینەی نوێی حكومەت و پێشكەشكردن راسپاردەكانی ئەم چالاكییەو داواكردن لێیان كە لەنزیكترین كاتدا، رۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان دیاری بكەن.

یەکەم/ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
لە دوو راپرسیدا
١. راپرسی لەگەڵ ئەندامانی
(ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)

٢.راپرسی لە گەڵ بەشێک لەو
هاووڵاتییانەی کە سەردانی
(ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)ان
کردووە.

## راپرسی ژمارە (١)

## تایبەت بە دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

تێبینی/ لەم راپرسییەدا لە کۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، تەنها(٢٤) ئەندام وەڵامی راپرسییەکەیان داوەتەوە.

## تەوەری یەکەم

### ❖ دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان

**پرسیار:** ئایا ئەو دەسەڵاتانەی بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاریکراون لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، کەمن یان زیادن؟

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | بەڵێ کەمن | ١ | بەڵێ زیادن | ٥ | بەگوێرەی پێویستن |




**پرسیار:** چ خاڵێکی دیکە بۆ دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان زیاد بکرێن؟

لەوەڵامدا ئەندامانی ئەنجومەن ئەم دەسەڵاتانەیان پێشنیار کردووە کە بۆ (ئەنجومەنی پارێزگاکان) زیادبکرێن.

| ز | دەسەڵات | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | لەکاتی بوونی ناکۆکی لە نێوان بڕیارەکانی ئەنجومەن و ڕای وەزارەتەکان، ئەولەویەت بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بن. | ٥ |
| ٢ | ئەنجومەنی پارێزگاکان بەرزترین دەسەڵاتی پارێزگاکە بن | ٤ |
| ٣ | دەسەڵاتی تەواو بدرێت بە دانان و لادانی پارێزگارو جێگرەکانی و بەڕێوەبەری گشتی و قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان. | ٣ |
| ٤ | دەسەڵاتی دانان و لادانی سەرۆکی زانکۆ و جێگرەکەی و ڕاگری کۆلێجەکانی زانکۆ بدرێتە ئەنجومەنی پارێزگاکان. | ٣ |
| ٥ | دەسەڵاتی خەرجکردنی بەشێک لەداهاتی پارێزگاکەیان بۆ سنوری پارێزگاکە خەرج بکەن | ٢ |
| ٦ | باشترە یاسای خۆجێی بۆ پارێزگا دەربکات بەمەرجێک بەریەککەوتنیان نەبێت لەگەڵ یاساکانی هەرێم و عێراق. | ٢ |
| ٧ | دەسەڵاتی لێپرسینەوە لە پلەکانی خوار بەڕێوەبەرە گشتیەکان، بەڕێوەبەرە فەرعییەکان. | ٣ |
| ٨ | سەربەخۆیی دارایی ئەنجومەنەکان. | ٢ |
| ٩ | دەسەڵاتی بەڕێوەبەر لە ئاستی قەزاکان بدرێت بە ئەنجومەنی پارێزگاکان. | ١ |
| ١٠ | تەنها ٣ کاندید بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتیەکان دیاری بکرێن. | ١ |
| ١١ | بۆ متمانەدا بە بەڕێوەبەری گشتی تەنها یەک کاندید بنێردرێتە ئەنجومەن بۆ دەنگدان لەسەری. | ١ |
| ١٢ | باشتر وایە پارێزگار لەناو ئەندامانی ئەنجومەنەوە هەڵبژێردرێت. | ١ |
| ١٣ | دەسەڵاتی چاودێریکردنی فەرمانگە فیدراڵییەکان بدرێتە ئەنجومەنی پارێزگاکان. | ١ |
| ١٤ | هەر پارێزگایەک ئەنجومەنی تایبەت بەخۆی هەبێت و خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی بێت. | ٢ |
| ١٥ | بەرزکردنەوەی پلەی وەزیفی ئەندامی ئەنجومەن بۆ وەکیل وەزیر. | ١ |
| ١٦ | حکومەتی خۆجێی پابەند بکرێت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان. | ٢ |
| ١٧ | لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان، ئەنجومەن دەسەڵاتی چاودێری و خزمەتگوزاری هەبێت. | ١ |
| ١٨ | ئەنجومەنەکان بتوان خزمەتگوزاری پێشکەشی دادگاکان و خوێندنی باڵاو پێشمەرگە بکەن. | ١ |
| ١٩ | بۆ ئەو دەسەڵاتانەی پێیاندراوە پێویست نەکات بگەڕێنەوە بۆ سەرووی خۆیان. | ١ |
| ٢٠ | دەسەڵاتی ڤیتۆیان هەبێت بەرامبەر ئەو بڕیارانەی کە لەبەرژەوەندی هاووڵاتیان نین. | ١ |
| ٢١ | دەسەڵاتی ڕاگرتنی هەر پرۆژەیەک کە گەندەڵی تێدا بکرێت. | ٢ |
| ٢٢ | دەسەڵاتی پێشنیازی دامەزراندن بۆ فەرمانگەکان بە گوێرەی پێویستی و بەدادپەروەری. | ١ |
| ٢٣ | ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕۆڵی ئەنجومەنی قەزاو ناحییەکانیش ببینن. | ١ |
| کۆی گشتی | | ٤٣ |

## ❖ مەرجەکانی ئەندامێتی

**پرسیار**: ئایا مەرجەکان ولێهاتوویی و توانستەکانی ئەندامانی ئەنجومەن بارتەقای دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنن؟

**١٠ بەڵێ** **١٤ نەخێر**




**پرسیار**: ئایا دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەو مەرجانەی کە بۆ ئەندامی ئەنجومەنەکان دیاریکراون لە یاسای ژمارە (٣)دا، جێبەجێدەکرێن؟

**٣ بەڵێ** **٢١ نەخێر**



**پرسیار**: تا چەند ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی توانیویانە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان جێبەجێبکەن؟

**١٣ زۆر باش** **٨ باش** **٣ کەم** **زۆر بەکەمی**




**پرسیار**: چ مەرجێک بەگونجاو دەزانیت بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی پارێزگاکان؛وەڵامی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەمشێوەیەبووە:

| ز | وەڵام | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | پسپۆڕی | ٦ |
| ٢ | تەمەنی ئەندامی ئەنجومەنی لە (٣٠) ساڵ کەمتر نەبێت | ٦ |
| ٣ | بڕوانامە و مەرجی تەمەن | ٦ |
| ٤ | شارەزایی هەبێت لە کارگێڕیدا | ٥ |
| ٥ | ئەزمونی کارکردن | ٤ |
| ٦ | بڕوانامە لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت | ٣ |
| ٧ | تەمەنی ئەندامی ئەنجومەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت | ٢ |
| ٨ | لانیکەم خزمەتی زیاتر لە (٥) ساڵی کارکردنی هەبێت لە کەرتی گشتی یان تایبەت | ٢ |
| ٩ | دووربێت لەبیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی | ٢ |
| ١٠ | شایستەیی و توانای سەردانی مەیدانی هەبێت | ٢ |
| ١١ | پسپۆڕی کارگێڕی و یاسایی یان پەروەردەیی یان هونەری و تەندروستی هەبێت | ٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | ئەزموونی ئیداری و سیاسی | ١ |
| ١٣ | پسپۆڕی ئەندازیاری و یاسایی. | ١ |
| ١٤ | یەکلاییکردنەوەی ئەندامی ئەنجومەن بۆ کاری هاوولآتیان و یەکەکارگێڕییەکان، بەپێچەوانەوە بەگوێرەی پەیرەو سزا بدرێت | ٢ |
| ١٥ | هەموو قەزایەک نوێنەری هەبێت لە ئەنجومەنەکاندا. | ٢ |
| ١٦ | بەرژەوەندی هاوولآتیان بخاتە پێشەوە. | ١ |
| ١٧ | هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم ببێت. | ١ |
| ١٨ | خاوەن بڕوانامەیەک بێت بگونجێت لەگەڵ کارەکانی ئەنجومەن | ١ |
| ١٩ | لێهاتوویی لە دەربڕین و بەدواداچوون. | ١ |
| کۆی گشتی | | ٤٦ |

## تەوەری دووەم

### ❖ فەرامۆشکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

**پرسیار**: هەریەکە لەم لایەنانەی خوارەوە چۆن ئەنجومەنی پارێزگاکانیان فەرامۆشکردووە؟

(لایەنە سیاسیەکان - پەرلەمانی کوردستان - حکومەتی هەرێمی کوردستان - پارێزگار وفەرمانگە خۆجییەکان)

**یەکەم/ لایەنە سیاسیەکان:**

| ز | وەڵام | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | گرنگی بەفراکسیۆنەکانیان نادەن و ئەنجومەنیان فەرامۆش کردووە. | ٧ |
| ٢ | دەستوەردانی لایەنە سیاسیەکان لە کاروبارە هەستیارەکان ورێککەوتن و پشکپشکێنەی سیاسی. | ٧ |
| ٣ | کەسانی پسپۆڕ نانێرنە ئەنجومەنەکان. | ٥ |
| ٤ | لایەنە سیاسیەکان بڕوایان بە لامەرکەزیەتی ئیداری و مالی نییە، | ٤ |
| ٥ | لایەنە سیاسیەکان وەک پێویست گرنگی بە ئەندامەکانیان نادەن. | ٤ |
| ٦ | نەبوونی سزاو پاداشت بۆ ئەندامەکانیان. | ٢ |
| ٧ | بەبێ پرسی ئەنجومەن ئاڵوگۆڕی پۆستەکان دەکەن. | ١ |
| ٨ | ئەندامانی هەڵبژێردراو دەبێت بگەڕێنەوە بۆ مەرجەعە سیاسیەکەیان. | ١ |
| ٩ | هەرحزبە و بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی سەیری ئەنجومەنی پارێزگاکانی دەکرد. | ١ |
| ١٠ | لایەنە سیاسیەکان دەستوەردانیان نەکردووە لاکاروباری ئەندامەکانیان لە ئەنجومەن. | ١ |
| ١١ | کاریگەریان لەسەر ئەنجومەن نەبووە، بەڵکو کاریگەریان لەسەر ئەندامانی خۆیان هەبووە. | ١ |

| | |
|---|---|
| کۆی گشتی | ٣٤ |

## دووەم/ پەرلەمانی کوردستان

| ز | وەڵام | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | پەرلەمان چاودێری ئەنجومەنەکانی نەکردووە. | ١٠ |
| ٢ | پەیوەندی نێوان ئەنجومەن و پەرلەمان لاوازە. | ٣ |
| ٣ | پەرلەمان هیچ گرنگی بە ئەنجومەنەکان نەداوە. | ٣ |
| ٤ | دەبوایە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٣)ی هەموار بکردایەتەوە. | ٣ |
| ٥ | گرنگی بەماوەی خولەکانی ئەنجومەنەکان نادەن، ماوەی کارکردنیان بۆ درێژ دەکەنەوە.. | ١ |
| ٦ | پەرلەمان ئەنجومەنەکانی فەرامۆش کردبوو، خۆی بەبەرپرسیار نەدەزانی لە بەرامبەریان. | ١ |
| ٧ | پەرلەمان کەمتەرخەم نەبوو. | ١ |
| ٨ | لایەنە سیاسییەکان کە پێکهێنەری پەرلەمانیشن، ئەوانیش بەشدارن لە جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەندا. | ١ |
| ٩ | لایەنی جێبەجێکاری ئاگادار نەکردۆتەوە لە یاسای ئەنجومەنەکان. | ١ |
| ١٠ | پەرلەمان وەڵامی نوسراوەکانی ئەنجومەن ناداتەوە. | ١ |
| | کۆی گشتی | ٢٥ |

## سێیەم/ حکومەتی هەرێمی کوردستان

| ز | وەڵام | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | حکومەت ئەنجومەنەکانی وەک زیادە سەیر کردووە. | ٦ |
| ٢ | حکومەت دژو ناکۆک بوو لەگەڵ بڕیارو ڕێنماییەکانی ئەنجومەندا. | ٥ |
| ٣ | حکومەت کاری بۆ بەهێزکردنی مەرکەزیەت دەکرد، لە کاتێکدا ئەنجومەنەکان کار بۆ لامەرکەزی دەکەن. | ٥ |
| ٤ | گرنگی بە ئەنجومەنەکان نەدەدا. | ٤ |
| ٥ | هەندێکجار حکومەت پێشێلی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکانی کردووە. | ٣ |
| ٦ | حکومەت وەڵامی بەشێک لە نوسراوەکان ناداتەوە. | ٢ |
| ٧ | دابین نەکردنی پێداویستییەکانی ئەندامان و ئیدارەی ئەنجومەن. | ٢ |
| ٨ | ئاگادار نەکردنەوەی ئەنجومەن لە نوسراوە فەرمییەکاندا. | ٢ |
| ٩ | ڕێگریکردن لە جێبەجێکردنی بڕگەو ماددەکانی یاسای ژمارە (٣). | ١ |
| ١٠ | دووریەکی زۆر لەنێوان حکومەت و ئەنجومەنەکان هەبوو. | ١ |
| ١١ | حکومەت ئەنجومەنەکان لە سیستمی بەڕێوەبردندا بەشداری پێناکات. | ١ |
| ١٢ | حکومەت گوێ لە بۆچوونەکانیان ناگیرێت. | ١ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣ | حکومەت بڕیارەکانی ئەنجومەنەکان جێبەجێناکات. | ١ |
| ١٤ | حکومەت تەنها بەرووکەش گرنگی بە ئەنجومەنەکان دەدات. | ١ |
| ١٥ | شۆڕنەکردنەوەی دەسەڵاتەکان و زۆرجار پێشێلکردنی دەسەڵات و تایبەتمەندی ئەنجومەنەکان. | ١ |
| ١٦ | ڕێگرە لە بەردەم ئەنجومەنەکاندا لە هەر شتێکدا کە بەدڵی دەسەڵات نەبێت. | ١ |
| ١٧ | لایەنە سیاسییەکان کە پێکهێنەری حکومەتیشن، بەشدارن لە جێبەجێنەکردنی بڕیارەکاندا. | ١ |
| ١٨ | هاوکار نەبووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافانەی کە یاسای ژمارە (٣) داویەتی بە ئەنجومەن پارێزگاکان. | ١ |
| ١٩ | مافە یاساییەکانی بۆ لیژنە هەمیشەییەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی فەراهەم نەکردووە. | ١ |
| ٢٠ | هەندێکجار بێگەڕانەوە بۆ ئەنجومەنەکان، پۆستە ئیدارییەکانین پڕەکردوە بە نایاسایی. | ١ |
| ٢١ | پەیوەستنەبوون بەیاساکان. | ١ |
| کۆی گشتی | | ٤٢ |

## پارێزگارو فەرمانگەکانی حکومەتی خۆجێیی:

| ز | وەڵام | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | پارێزگارو فەرمانگە حکومییەکان زیاتر پابەندی وەزارەتەکانی خۆیان بوون، نەک ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەهۆی جیاوازی لە نێوان یاسای ئەنجومەنەکان و یاسای وەزارەتەکان. | ٨ |
| ٢ | پەیوەندیەکان لەئاستی پێویست دانەبوون. | ٣ |
| ٣ | بەشێک لە فەرمانگەکان بێ ئاگابوون لە کاری ئەنجومەنەکان. | ٢ |
| ٤ | ڕەزامەندبوون لەسەر دەستبەکاربوونی هەندێک لەقائیمقام و بەڕێوەبەرە گشتیەکان لەدەرەوەی ئەنجومەن | ٢ |
| ٥ | ئەنجومەنیان بەلاوە گرنگ نییە، جگە لەو کاتانەی ئەنجومەن لێپرسینەوە لە کارەکانیان دەکات. | ١ |
| ٦ | بڕیارەکانی ئەنجومەنەکان جێبەجێناکەن. | ١ |
| ٧ | پارێزگار بە هۆی پلە ئیدارییەکەی، خۆی لەسەروی ئەنجومەنەوە دەبینێت. | ١ |
| ٨ | پارێزگار سیستمی دەسەڵاتی مەرکەزی پیادەدەکرد، پێچەوانەی یاسای ژمارە (٣). | ١ |
| ٩ | پارێزگار تەنها لەکاتی هەڵبژاردندا ئەنجومەنی بەلاوە گرنگ بووە. | ١ |
| ١٠ | فەرمانگەکان تاڕادەیەک هەماهەنگن. | ١ |
| ١١ | هەر پرۆژەیەک یان هەر بڕیارێکی کارگێڕی دەربچێت لە پارێزگا بەهەماهەنگی و ئاگاداری و پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنەوە بێت. | ١ |
| ١٢ | نەگێڕانەوەی کۆی گشتی بودجەی ئەنجومەن و کۆی بودجە بۆ پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنەوە. | ١ |
| ١٣ | هەندێک لە فەرمانگەکان، هاوکار نەدەبوون لەگەڵ لیژنە هەمیشەکانی ئەنجومەن | ١ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤ | لەرووی پێدانی زانیارییەوە، بەتایبەت زانیاری لەسەر (داهاتی ناوخۆ)هیچ زانیاریەکیان نەدەدا بە ئەنجومەن. | ١ |
| ١٥ | پەیوەست نەبوون بەلێپرسینەوەی ئەنجومەن. | ١ |
| کۆی گشتی | | ٢٦ |

**پرسیار:** لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحییەکان دایت، یان وەک یاسای پارێزگارێکنەخراوەکان لە هەرێمێکدا یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٨ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحییەکان لاببرێت؟

**٩ لەگەڵ مانەوەیاندام** **١٥ لەگەڵ لابردنیاندام**




# تەوەری سێیەم

**پرسیار:** ئایا تاچەند ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان هۆکار بوون بۆ لاوازکردنی ئەنجومەنەکان؟

**١٧ زۆر** **٢ کەم** **٥ هیچ**



# تەوەری چوارەم

**پرسیار:** رۆڵی هەریەکە لەمانە دیاریبکە لە پشتگیری یان فەرامۆشکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا؟

(هاووڵاتیان - راگەیاندن - ریکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی)

**یەکەم/ هاووڵاتیان:**

| فەرامۆشکردن | | |
|---|---|---|
| ز | وەڵام | ژمارە |
| ١ | زۆر پشتگیری ئەنجومەنەکان ناکەن و بەگوێی حکومەتی هەرێم و ئیدارەخۆجێیەکان دەکەن. | ١ |
| ٢ | وەک پێویست زانیاریان لەسەر ئەنجومەنەکان نەبووە لە کاتی کێشەکاندا سەردانی ئەنجومەنیان نەکردووە. | ٤ |
| ٣ | بێدەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان، وایکردووە هاووڵاتیان پەنایان بۆ نەبەن. | ١ |
| ٤ | بەهۆی شارەزانەبوون لە یاسای ژمارە (٣) وەک پێویست هاوکار نەبوون. | ١ |
| ٥ | لەبری پەنا بردن بۆ ئەنجومەن، هەندێک لە هاوولاتیان پەنایان بۆ بارەگا حیزبییەکان دەبرد، بۆ چارەسەری کێشەکان. | ١ |
| ٦ | هاوولاتیان بەشێوەیەکی گشتی دژی هەموو دەزگایەیەکی وەک ئەنجومەن و پەرلەمان. | ١ |
| ٧ | ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان بێ نرخ کراون و هاووڵاتیانیش پشتگیری هیچ ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو ناکەن. | ١ |
| ٨ | فەرامۆشکردن بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان لە کاتی خۆیاندا ئەنجامنادرێن. | ١ |
| ٩ | هاووڵاتی نەکراوەتە سەنتەری کارکردن بۆیە هاووڵاتیان ئەنجومەنیان فەرامۆش کردووە. | ١ |
| ١٠ | بەهۆی نەبوونی بودجە و بودجەی پەرەپێدان هاووڵاتیان ئەنجومەنەکانیان فەرامۆش کرد. | ١ |
| ١١ | هاووڵاتیان بەشێکی زۆریان ئاگاداری کارو چالاکییەکانی ئەنجومەن نەبوون. | ١ |
| کۆی گشتی | | ١٤ |

| پشتگیری | | |
|---|---|---|
| ز | وەڵام | ژمارە |
| ١ | هاووڵاتیان بەردەوام ئەنجومەنیان وەک پردی پەیوەندی نێوان خۆیان و دەسەڵات داناوە. | ٤ |
| ٢ | کاتێک هاووڵاتیان پەنایان بۆ ئەنجومەن دەبرد، کە لە حکومەت و فەرمانگەکان بێ هیوا دەبوون. | ٣ |
| ٣ | هاووڵاتیان سکاڵاو داواکاریەکانیان بەردەوام گەیاندۆتە ئەنجومەن. | ٢ |
| ٤ | بەشێک لە هاوولاتیان جیاوازی نێوان ئەنجومەن و پەرلەمانیان نەدەکرد. | ٢ |
| ٥ | هاووڵاتیان پشتگیری ئەنجومەنەکان بوونە هەمیشە بەڵام بەداخەوە دۆخە سیاسیەکە | ١ |

| | | |
|---|---|---|
| | هەموو شتێکی تێکداوە. | |
| ٦ | هاووڵاتیان بەردەوام پشتگیری تەواوی ئەنجومەنی پارێزگاکان بوون. | ١ |
| ٧ | بەردەوام داواکاری و سکاڵایان بۆ ئەنجومەن هێناوە. | ١ |
| ٨ | هاووڵاتیان ئەنجومەنەکانیان بە پارێزەری مافەکانی خۆیان دەزانی. | ١ |
| ٩ | هاووڵاتیان رۆڵیان هەبووەو ئارەزوومەند بوون ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەکتیڤ تر بن، چونکە کارئاسانیان بۆ دەکرێت. | ١ |
| ١٠ | بەگشتی بەچاوی رێزەوە سەیری ئەنجومەنەکانیان کردووە، لە بوونی هەرکێشەیەکدا هانایان بۆ ئەنجومەن بردووە. | ١ |
| ١١ | گەورەکردنی ئەنجومەن و ئەندامانی ئەنجومەن لەلایەن بەشێک لە هاووڵاتیانەوە، ئەگەر ئیشەکەی بۆ جێبەجێ کرابێت. | ١ |
| ١٢ | هاووڵاتیان دەیانەوێت ئەنجومەن بەهێز بێت، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ کێشەکانیان بکات. | ١ |
| ١٣ | هاووڵاتیان لە نوێنەرەکانیانەوە نزیکن. | ١ |
| ١٤ | ئەو هاووڵاتیە هەژارانەی کە هەمیشە کێشەی کارگێڕی و خزمەتگوزاریان هەبووە، بەردەوام پشتگیری ئەنجومەن بوون. | ١ |
| ١٥ | پشتگیری ئەنجومەنیان کردووە، بەوەی بەردەوام سەردانیان کردووین. | ١ |
| ١٦ | هاووڵاتیان ئەنجومەنیان بە مەرجەع زانیوە، بۆیە پشتگیری ئەنجومەن بوون و سەردانیان کردووە. | ١ |
| ١٧ | هاووڵاتیان ئەنجومەنیان ئاگادار دەکردوە لە گەندەڵی و ناپاسایانە کە دەکران. | ١ |
| کۆی گشتی | | ٢٤ |

## دووەم/ راگەیاندن:

| ز | وەڵام | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | راگەیاندن زۆر باش هاوکاری ئەنجومەن بوون بەردەوام چاودێری بڕیارو کارو چالاکییەکانی ئەنجومەن بوون و لە رێگەی راپۆرتەکانیانەوە ئەنجومەنیان بە هاووڵاتیان ناساندووە. | ١٤ |
| ٢ | لەبەر ئەوەی سەر بەلایەنە سیاسیەکان بوون، لایەنگییریان دەکرد لە رووماڵی چالاکییەکانی ئەنجومەندا. | ٦ |
| ٣ | راگەیاندن بەهەردوو باری ئەرێنی و نەرێنی کاریان لەگەڵ ئەنجومەن کردووە، هەندێکیان هاووڵاتیانیان لە ئەنجومەنەکان نائومێد دەکرد، هەندێکی تریشیان هاوکارو پشتیوان بوون. | ٤ |
| ٤ | هەندێک لە کەناڵەکان تەنها بەدوای کێشەکانی ناو ئەنجومەن و فراکسیۆنەکانەوە بوون و رۆڵی ئەنجومەنیان بە ناپێویست باسدەکرد. | ٢ |
| ٥ | هەندێک لە کەناڵەکان تەنها لە کێشەگەورەکاندا ئامادەییان هەبوو. | ١ |
| ٦ | هەندێکیان بەردەوام دژایەتی ئەنجومەنەکانیان دەکرد. | ١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | راگەیاندن بەرپرسانە مامەڵەناکات، لەژێر هەژموونی شەقامدایە. | ١ |
| ٨ | بەشێکیان رەخنەیان دەگرت بەبێ ئەوەی کاری ئەنجومەن روون بکەنەوە. | ١ |
| ٩ | لاوازی رۆڵی بەشێک لە راگەیاندنەکان، بەوەی بەجۆرێکی تر بابەتەکانیان دەگەیاند، هاندەر نەبوون و رۆڵیان باش نەبووە. | ١ |
| کۆی گشتی | | ٣١ |

## سێیەم/ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

| پشتگیری | | |
|---|---|---|
| ز | وەڵام | ژمارە |
| ١ | رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان بەردەوام هەڵسەنگاندنیان بۆ کاری لیژنەکان چالاکییەکان کردووە. | ١٠ |
| ٢ | رۆڵی ئەرێنیان هەبووە و هاوکاربوون بۆ گەیاندنی پێشنیارو داواکاری و سەرنجی هاووڵاتیان بەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی. | ٨ |
| ٣ | بەبەردەوامی ئامادەبوونیان هەبووە لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەن. | ١ |
| کۆی گشتی | | ١٩ |
| | | |
| فەرامۆشکردن | | |
| ز | وەڵام | ژمارە |
| ١ | رێکخراوەکان وەک پێویست نەبوون لە گەڵ ئەنجومەن. | ٧ |
| ٢ | رێکخراوەکان کەمتر دەهاتنە ئەنجومەن، بەگشتی لەو کێشانەدا کە پەیوەندیداربوو بەکار خۆیانەوە سەردانیان دەکرد. | ٤ |
| ٣ | لەرێگەی فشارەوە نەتوانراوە پشتگیری خۆیان بۆ ئەنجومەن دەربرن و گرنگیان پێنەداوە. | ١ |
| ٤ | تەنها رێکخراوە سەربەخۆکان پشتگیری ئەنجومەنیان کردووە، ئەوانیش زۆر لاوازن. | ١ |
| ٥ | رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە ١٠٪ یان کاری فەرمی خۆیان دەکەن و زۆر کەمیان حەق بەبابەتەکان دەدەن زۆربەیان بۆ قازانجی ماددی و مەعنەوی خۆیان کاردەکەن. | ١ |
| ٦ | بەشێک لە رێکخراوەکان هاووتەریبی بۆچوونی سیاسیان کاریان دەکرد. | ١ |
| ٧ | رێکخراوەکان هەمیشە بەنەفەسی ئۆپۆزیسیۆن قسەدەکات. | ١ |
| ٨ | رێکخراوەکان رەخنەدەگرن، کەمتر هاندەرە. | ١ |
| ٩ | بەشێکی زۆری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بە قسە پشتگیریان کردووە، بە کەمتر بەکردار. | ١ |
| ١٠ | هەندێک لەرێکخراوەکان وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن سەیری ئەنجومەنیان دەکرد. | ١ |
| ١١ | هەندێکیان هەماهەنگ بوون، بەڵام لە چاو زۆری ژمارەیان لەئاستی پێویستدا نەبوون، | ١ |
| کۆی گشتی | | ٢٠ |

# تەوەری پێنجەم

**پرسیار:** ئایا ئەنجومەنی پارێزگاکان سەرکەوتوو بوون؟

**١٠ بەڵێ**    **٨ تاڕادەیەک**    **٦ نەخێر**




**پرسیار:** سوودەکانی بوونی ئەنجومەنێکی پارێزگایەکی کارا بەخاڵ دیاری بکە:

| ژ | وەڵام | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | کەمکردنەوەی گەندەڵی و ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی داهات. | ٩ |
| ٢ | جێبەجێکردنی سیستمی لامەرکەزی کارگێری و دارایی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان. | ٨ |
| ٣ | چاودێری حکومەتی خۆجێی و لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران. | ٧ |
| ٤ | هەڵبژاردنی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحییەکان و بەڕێوەبەرەگشتییەکان و چاودێریکردنیان و لێپرسینەوەیان لەکاتی کەمتەرخەمیدا. | ٥ |
| ٥ | کەمکردنەوەی ڕۆتین لە دامودەزگاکانی حکومەتی خۆجێی. | ٥ |
| ٦ | گەیاندنی کەموکوڕی و داواکاری هاووڵاتیانی سنوری دەسەڵاتی ئەنجومەنەکان، بەوەزارەتە پەیوەندیدارەکان. | ٥ |
| ٧ | بڕەودان بەدیموکراسیەت و بەهۆی بەشداری ڕاستەوخۆی هاووڵاتیان لە ئەنجومەن دا. | ٤ |
| ٨ | گەیاندنی خزمەتگوازری بۆ سەرجەم ناوچەکانی سنوری ئەنجومەنەکان. | ٣ |
| ٩ | خێرا گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان | ٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | لێپرسینەوە لەو دامەزگاو بەرپرسانەی بەپێی یاسای ئەنجومەن لە خزمەت هاووڵاتیاندا نەبوون، یان دەسەڵاتەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار هێناوە. | ٣ |
| ١١ | سەرپەرشتی و چاودێریکردنی کارو پرۆژەکان بەشێوازی باشتر | ٣ |
| ١٢ | بڕیاردان لەسەر پرۆژەکان بە پێی گرنگی و ئەولەویەت. | ٢ |
| ١٣ | گەیاندنی سکاڵاو داواکاری هاووڵاتیان بە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار. | ٢ |
| ١٤ | دەرکردنی بڕیارو ڕێنمایی پێویست بۆ ڕێکخستنی شار و شارۆچکەکان. | ٢ |
| ١٥ | پێشنیاری کردنەوەی فەرمانگەو بەش و هۆبەی پێویست لەشارەکاندا بۆ خزمەتی هاووڵاتیان. | ٢ |
| ١٦ | فراوانکردنی سنوری چەندین گوند لە سودو قازانجی هاووڵاتیان. | ٢ |
| ١٧ | کەمکردنەوەی مەرکەزیەت. | ٢ |
| ١٨ | چارەسەرکردنی کێشەی فەرمانگەکان، بەجێبەجێکردنی بەشێک لە داواکارییەکانیان لە ڕێگەی لایەنی پەیوەندیدارەوە. | ٢ |
| ١٩ | گرنگیدان بەتەواوی سێکتەرەکان | ١ |
| ٢٠ | کەمکردنەوەی دەستی حزب لەدامودەزگاکان | ١ |
| ٢١ | پتەوکردنی  پەیوەندی لەنێوان هاووڵاتیان و دامودەزگاکان | ١ |
| ٢٢ | چاودێریکردنی سەرجەم ئەوبابەتانەی کەلەیاسای ژمارە (٣)دا ئاماژەیان پێکراوە | ١ |
| ٢٣ | دانانی کەسی شیاو لەپلەو پۆستەکان دوور لەتەزکیەی حزبی | ١ |
| ٢٤ | پڕکردنەوە پۆستەکان لەڕێگای سیقیەوە بێ جیاوازی | ١ |
| ٢٥ | هاووڵاتی بە ئاسانی دەنگی دەگاتە نوێنەرەکانیان | ١ |
| ٢٦ | هاووڵاتی بەئازادانە داواکاری و سکاڵای خۆی پێشکەش دەکات. | ١ |
| ٢٧ | بەدواداچوون بۆ سکاڵای هاووڵاتیان. | ١ |
| ٢٨ | بڕیاردان لەسەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکان. | ١ |
| ٢٩ | چاودێریکردنی فەرمانگە حکومیەکان و پرۆژەخزمەتگوزارییەکان. | ١ |
| ٣٠ | دەرکردنی بڕیارو ڕێنمایی و ڕاسپاردە. | ١ |
| ٣١ | بەهەند وەرگرتنی بەرژەوەندی هاووڵاتیان لە بڕیارەکانی ئەنجومەندا | ١ |
| ٣٢ | دانانی پارێزگارێکی بەتوانا. | ١ |
| ٣٣ | یەکە کارگێڕییەکان ڕێکدەخەنەوە. | ١ |
| ٣٤ | بەپێی فراوانبوونی پارێزگا، یەکەی کارگێڕی نوێ دادەنێن. | ١ |
| ٣٥ | بودجەی پارێزگاو یەکەک کارگێڕییەکان پەسەند دەکەن. | ١ |
| ٣٦ | پێکهێنانی حکومەت خۆجێیی. | ١ |
| ٣٧ | پتەوکردنی سیستمی لامەرکەزی. | ١ |
| ٣٨ | بە پیرەوەچوونی ئەو هاووڵاتیانەی کە لە دامودەزگاکانی حکومەتەوە وەڵامنەدەدرانەوە. | ١ |
| ٣٩ | کارکردن بۆ دادوەری لەدابەشکردنی خزمەتگوزری لە نێوان پارێزگاکاندا. | ١ |
| ٤٠ | پەیرەوکردنی جۆرێک لە دادپەروەری لە دابەشکردنی پرۆژەکان بەپێی پێوەری جوگرافی و چڕی دانیشتوان. | ١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤١ | چاودێریکردنی چۆنییەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکان. | ١ |
| ٤٢ | بوونی نوێنەری راستەقینەی خەڵک و ئاشنا بەخەڵک و سنورەکان. | ١ |
| ٤٣ | بوونی دڵسۆزی و کێبرکێیی باشتر و ئەنجامدانی کارو بەدواداچوونەکان. | ١ |
| ٤٤ | دەرکردنی بریارو رێنمایی بۆ رێکخستنی حکومەت خۆجێی. | ١ |
| ٤٥ | دوورکەوتنەوە لە بیرۆ کراسی. | ١ |
| ٤٦ | چاودێریکردنی فەرمانبەرو فەرمانگەکان و پارێزگاری لە مافی گشتی. | ١ |
| ٤٧ | گەیاندنی بەشێک لە پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بۆ گوندەکان. | ١ |
| ٤٨ | دەبێتە هۆی دابەشکردنی دەسەلاتەکان. | ١ |
| ٤٩ | لە رێگەی ئەنجومەنەوە حکومەتی خۆجێی پێکدەهێنرێت. | ١ |
| ٥٠ | هاووڵاتیان زووتر دەنگیان دەگاتە نوێنەرەکانیان. | ١ |
| ٥١ | دەتوانرێت لە نزیکترین شوێن بریار بدرێت بۆ کێشەی هاووڵاتیان. | ١ |
| ٥٢ | بریارەکان زووتر دەردەچن بۆ خزمەتی هاووڵاتیان. | ١ |
| ٥٣ | چاودێری پرۆژە خزمەتگوزارییەکان | ١ |
| ٥٤ | رێگریکردن لە ستەمی کۆمپانیاکانی خانووبەرە لەسەر هاووڵاتیان. | ١ |
| ٥٥ | جێبەجێکردنی یاسا لەسەرجەم سێکتەرەکاندا. | ١ |
| ٥٦ | گفتوگۆکردن لەسەر کێشەو گرفتی هاووڵاتیانی سنوری ئەنجومەن. | ١ |
| ٥٧ | پاراستنی بەرژەوەندی ناوچەکان بە پێی تایبەتمەندی. | ١ |
| ٥٨ | ئەنجومەن راستەوخۆ دەچێتە ناو هاووڵاتیان و گوێبیستیان دەبێت. | ١ |
| ٥٩ | کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەتی خۆجێی بۆ چارەسەری کێشەکانی هاووڵاتیان. | ١ |
| ٦٠ | زیادکردنی پانتایی لێپرسینەوە لەلایەن دەزگای هەڵبژێردراوی خەڵکەوە. | ١ |
| ٦١ | بوونی سەرچاوەی دەسەڵات لە پارێزگاکاندا. | ١ |
| ٦٢ | نوێنەر راستەوخۆ بەرپرس دەبێت لەبەردەم هاووڵاتیاندا. | ١ |
| ٦٣ | بوونی کێبرکێ لەنێوان شارو شارۆچکەکان لەرووی خزمەتگوزاری. | ١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٤ | لێپرسینەوە لە بەرپرسی کەمتەرخەم. | ١ |
| ٦٥ | ئاڵوگۆڕ و دانانی بەرپرسان. | ١ |
| ٦٦ | بەهۆی نزیکیان لە هاووڵاتیانەوە، دەزانن هاووڵاتیان چییان پێویستە. | ١ |
| ٦٧ | بە هۆی چاودێری ئەنجومەنەوە، کوالێتی پڕۆژەو خزمەتگوزاری زۆر باش دەبن. | ١ |
| ٦٨ | ئەو باج و رسوماتەی لە هاووڵاتیان وەردەگیرێت، لەکاتی خۆیدا دەدرێت چونکە بۆ خزمەت هاووڵاتی خەرج دەکرێتەوە. | ١ |
| ٦٩ | گەشەسەندنی هەموو پارێزگاکان بەتەریبی. | ١ |
| ٧٠ | بوونی ئەنجومەنی کارا، خۆشەویستی تاک بۆ شارو وڵات زیاتر دەبێت. | ١ |
| ٧١ | پەسەند کردنی بودجەی سنوری کاری ئەنجومەن. | ١ |
| ٧٢ | دانانی قائیمقام و بەڕێوەبەرە گشتییەکان. | ١ |
| ٧٣ | پەسەند کردنی سیاسەتی دارایی و کارگێری سنوری ئەنجومەنەکان. | ١ |
| ٧٤ | لەسەر کارلادانی بەرپرسی کەمتەرخەم. | ١ |
| ٧٥ | لەکاتی دانانی  بودجەدا بێبەشنەکردنی هیچ ناوچەیەک | ١ |
| ٧٦ | لەرێگای بریارو راسپاردەکانەوە، کاری هاووڵاتیان ئاسان دەکات.. | ١ |
| ٧٧ | نوێنەرایەتی راستەقینەی خەڵک دەکەن بە گوێرەی سنوری جوگرافی. | ١ |
| ٧٨ | باشتر لەکێشەو ئاریشەکانی پارێزگاکە تێدەگەن. | ١ |
| ٧٩ | پۆستە ئیدارییەکانی (پارێزگارو قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحییەکان) شەرعیەتی جەماوەریان دەبێت چونکە لەرێگەی ئەنجومەنەوە متمانە وەردەگرن. | ١ |
| ٨٠ | چاودێری کردنی فەرمانگەکان. | ١ |
| ٨١ | چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵک. | ١ |
| ٨٢ | چاودێریکردنی بودجەی پارێزگا. | ١ |
| ٨٣ | دەرکردنی بریار. | ١ |
| ٨٤ | چارەسەرکردنی کێشەی هاووڵاتیان. | ١ |
| ٨٥ | شارێکی جوان و ئاوەدان | ١ |
| ٨٦ | نزیکترین دەزگای هەڵبژێردراوی خەڵکە لە هاووڵاتیانەوە. | ١ |
| ٨٧ | بەدواداچوون بۆ ئیش وکاری هاووڵاتیان بێجیاوازی. | ١ |
| ٨٨ | داڕشتنی سیاسەتی کارگێری ودارایی سنوری پارێزگا. | ١ |
| ٨٩ | دەرکردنی راسپاردەو رێنمایی لەبەر بەرژوەندی هاووڵاتیان. | ١ |
| کۆی گشتی | | ١٤٠ |

## راپرسی ژمارە (٢)، لە گەڵ ئەو هاووڵاتییانەی کە سەردانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیان کردووە.

لەم راپرسیەدا تیمی پرۆژە (١٠٠) سەد لەو هاووڵاتیانەی کە لە ماوەی نۆ ساڵی رابردوودا(٢٠١٤-٢٠٢٣)دا سەردانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیان کردووە، بەشێوەی (عشوائی)راپرسیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە.

وەڵامی راپرسیەکەیەش بەمشێوەیەیە:

### بەشی یەکەم/ زانیاری گشتی لەسەر بەشداربووان:

| | | ساڵ | ژمارە |
|---|---|---|---|
| یەکەم | تەمەنی بەشداربووان | ساڵ٣٠-١٨ | ١٠ |
| | | ساڵ٤٠-٣٠ | ١٧ |
| | | ساڵ٥٠-٤٠ | ٤١ |
| | | ساڵ٦٠-٥٠ | ٢٥ |
| | | ٦٠ ساڵ بەرەو سەر | ٧ |
| کۆی گشتی | | | ١٠٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| دووەم | ڕەگەزی بەشداربووان | نێر | ٩٥ |
| | | مێ | ٥ |
| | کۆی گشتی | | ١٠٠ |




| | | | |
|---|---|---|---|
| سێیەم | ئاستی خوێندن | ئاست | ژمارە |
| | | دکتۆرا | ١ |
| | | ماستەر | ١ |
| | | بەکالۆریۆس | ٢٦ |
| | | دبلۆم | ٢ |
| | | ئامادەیی | ١٦ |
| | | ناوەندی | ٢٧ |
| | | بنەڕەتی | ١٨ |
| | | نەخوێندەوار | ٩ |
| کۆی گشتی | | | ١٠٠ |




| ژمارە | شوێن | | |
|---|---|---|---|
| ٥٠ | ناوەندی شار | شوێنی نیشتەجێبوون | چوارەم |
| ٢٩ | قەزا | | |
| ١٣ | ناحیە | | |
| ٨ | گوند | | |
| ١٠٠ | کۆی گشتی | | |



# بەشی دووەم/ پرسیارەکان

## یەکەم/ چەندجار سەردانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیت کردووە؟

| | | |
|---|---|---|
| ١ | یەکجار | ٣٢ |
| ٢ | دووجار | ١٣ |
| ٣ | سێ جار | ١٧ |
| ٤ | زیاتر | ٣٨ |
| | کۆی گشتی | ١٠٠ |




## دووەم/ سەردانەکەت بۆ چ مەبەستێک بووە؟

| ز | مەبەستی سەردانیکردن | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | خزمەتگوزاری ئاو و کارەباو ئاوەڕۆ هتد | ٣٩ |
| ٢ | کێشەی ڕێگاو بان و هاتووچۆ گواستنەوە گەیاندن | ١١ |
| ٣ | کێشەی زەوی و زارو موڵکایەتی | ١١ |
| ٤ | کێشەی گوندەکان | ١٠ |
| ٥ | سێکتەری پەروەردە | ٨ |
| ٦ | ژینگەو کشتوکاڵ و ئاودێری و بەنداوەکان | ٦ |
| ٧ | کێشەی مەرزەکان | ٥ |
| ٨ | کێشەو داواکاری قەزاکان | ٤ |
| ٩ | کێشەی تەندروستی و نەخۆشخانەکان | ٤ |
| ١٠ | یەکەکانی نیشتەجێبوون | ٣ |
| ١١ | کێشەی تایبەت هاووڵاتی | ٣ |
| ١٢ | پارەوەرگرتن لە بازگەکان | ٢ |
| | کۆی گشتی | ١٠٦ |




## سێیەم/ ئایا کێشەکەت چارەسەر کرا؟

| ژمارە | وەڵام | ز |
|---|---|---|
| ٤٢ | بەڵێ | ١ |
| ٥٨ | نەخێر | ٢ |
| ١٠٠ | کۆی گشتی | |



## چوارەم/ ئەگەر (نەخێر)، بۆچی؟

| ز | هۆکار | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | چارەسەرکردنی کێشەکە لەدەسەڵاتی ئەنجومەندا نەبوو | ٣٥ |
| ٢ | بەهۆی ڕۆتینیاتەوە وازم لە داواکاریەکەم هێنا | ١٠ |
| ٣ | ئەنجومەن کێشەکەی پشتگوێ خست | ٧ |
| ٤ | نازانم | ٦ |
| کۆی گشتی | | ٥٨ |




## پێنجەم/ تاچ رادەیەک لەبەدەمەوەچوونی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی رازیت؟

| ز | رادە | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | زۆر | ٦٥ |
| ٢ | کەم | ٣ |
| ٣ | تا ڕاددەیەک | ٢٣ |
| ٤ | هیچ | ٩ |
| کۆی گشتی | | ١٠٠ |



شەشەم/ لە توانای ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی رازیت؟

| ز | داوە | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | زۆر | ٥٢ |
| ٢ | کەم | ٥ |
| ٣ | تا ڕادەیەک | ٣٠ |
| ٤ | هیچ | ١٣ |
| کۆی گشتی | | ١٠٠ |




حەوتەم/ بوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەگرنگ دەزانیت؟

| ز | وەڵام | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | بەڵێ | ٨٣ |
| ٢ | نەخێر | ١٧ |
| کۆی گشتی | | ١٠٠ |



هەشتەم/ ئەگەر (نەخێر) بۆچی؟

| ژمارە | هۆکار | ز |
|---|---|---|
| ٧ | لەخەمی هاوولاتیاندا نین | ١ |
| ٦ | ئەگەر وەک ئێستا بن نەبوونیان باشترە | ٢ |
| ٢ | دەسەڵاتیان نییە | ٣ |
| ٢ | بارگرانین بەسەر خەڵکەوە | ٤ |
| ١٧ | کۆی گشتی | |




نۆیەم/ ئەگەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامبدرێت، بەشداری هەڵبژاردن دەکەیت؟

| ژمارە | وەڵام | ز |
|---|---|---|
| ٨١ | بەڵێ | ١ |
| ١٥ | نەخێر | ٢ |
| ٤ | بڕیارم نەداوە | ٣ |
| ١٠٠ | کۆی گشتی | |




## دەیەم/ ئەگەر (نەخێر) بۆچی؟

| ژ | هۆکار | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ئەنجومەنەکان دەسەڵاتیان نییە | ٧ |
| ٢ | بڕواو بە هەڵبژاردن و پڕۆسەی سیاسی نەماوە | ٥ |
| ٣ | هێشتا بڕیارمنەداوە | ٤ |
| ٤ | ئەنجومەنەکان بارگرانین بەسەر خەڵک و حکومەتەوە | ١ |
| ٥ | بەلامەوە گرنگ نییە | ١ |
| کۆی گشتی | | ١٨ |



## وۆرکشۆپی هەڵمەتی کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم

یەکێکـــی دیـــکە لەو چالاکییـــانەی کە تـــایبەت بە ئەنجـــومەنی پارێزگـــاکـــان لە چوارچێـــوەی (هەڵمەتـــی کـــاراکردنی ئەنجـــومەن پارێزگـــاکـــانی هەرێـــم) ئەنجامـــدرا، بریتـــی بـــوو لە (وۆرکشـــۆپی هەڵمەتـــی کـــاراکردنی ئەنجـــومەنی پارێزگـــاکـــانی هەرێـــم) چـــالاکییەکە لە ڕێکەوتـی ( ٢٠٢٤/٨/١٥) لە کـاتژمێر: (٩:٠٠)ی سـەرلەبەیانی تـا کـاتژمێر (٤:٠٠)ی پاشنیوەڕۆ بەردەوام بوو.

بەرنـــامەی کـــاری (وۆرکشـــۆپی هەڵمەتـــی کـــاراکردنی ئەنجـــومەنی پارێزگاکانی هەرێم)

یەکەم/ وتەی ڕێکخراو و ئامانجی هەڵمەتەکە.

دووەم/ خســـتنەڕووی ئەنجـــامی ڕاپرســـی لەگەڵ دەســـتەی ســـەرۆکایەتی و ئەنـــدامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

سێیەم/ خستنەڕووی ئەنجامی ڕاپرسی لە نێـوان (١٠٠) هـاووڵاتی کە سـەردانی ئەنجـومەنی پارێزگای سلێمانیان کردووە.

چوارەم/ دابەشکردنی بەشداربووان بەسەر پێنج گروپدا، بەمشێوەیە:

### گروپی بەشداربووان بۆ وۆرکشۆپی تایبەت بە ئەنجومەنی پارێزگاکان

| ز | گروپی بەشدار |
|---|---|
| ١ | ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی |
| ٢ | چالاکوانانی مەدەنی |
| ٣ | مامۆستایانی زانکۆ |
| ٤ | مەکتەبی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسییەکان |
| ٥ | فەرمانگەکانی حکومەتی خۆجێیی سلێمانی |

## تەوەری گروپینی وۆرکشۆپەکە:

## تەوەری یەکەم

دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان

❖ پرسیار/ ئایا مەرجەکان ولێهاتوویی و توانستەکانی ئەندامانی ئەنجومەن بارتەقای دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنن؟

وەڵامی بەشداربوون:

١. تاڕادەیەك پەنابردن بۆ ڕاوێژکار.
٢. هەموارکردنەوەی مەرجەکانی مافی خۆ کاندید کردن هاوشێوەی عێراق.
٣. هیچ ڕۆڵێك نابینێت.
٤. سەرەڕای مەرجەکانی ئەندامانی ئەنجوومەن کە لەیاساکەدا هاتووە گرنگە پێداچونەوە بە مەرجەکانی کاندید بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان بکرێت و پێویستە (ئەزموونی کارگێڕی لە(٥ ساڵ) کەمتر نەبێت.)
٥. ڕەچاوی پسپۆڕییە جیاوازەکان بکرێت.
٦. تواناو لێهاتوویی ئەندام ڕەچاوبکرێت.
٧. ویستی لایەنی سیاسی.
٨. نەقسی یاسا بەرکارەکانە.
٩. گرنگیدان بە بڕوانامە.
١٠. پێداچوونەوە بەمەرجەکانی (دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا) و (پارێزگار) بکرێت، بەجۆرێك هاوتا بێت لەگەڵ مەرجەکانی ئەندامدا.

❖ بەراوردکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەو مەرجانەی کە بۆ ئەندامی ئەنجومەنەکان دیاریکراون لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩دا.

١. هەندێك لەمەرجەكان پێویستی بە پێداچونەوە هەیە بەمشێوەیەی خوارەوە:

٢. هەبوونی بڕوانامە، پێویستە ئەندامی ئەنجومەن لانیكەم خاوەنی بڕوانامەی بەكالۆریۆس بێت.

٣. پێویستە پاڵێوراو خاوەنی ئەزمونێكی كرداری بێت لەیەكێك لە سێكتەرە جیاجیاكانی كاركردن لەسنوری پارێزگاكەی (كەرتی گشتی وتایبەت)كە لانیكەم لە پێنج ساڵ كەمتر نەبێت

٤. پێویستە ئەنجومەنی پارێزگا خاوەنی سەنتەرێكی ڕاوێژكاری وڕاهێنان بێت، بەمەبەستی پێدانی ڕاوێژ وبەرزكردنەوەی ئاستی لێهاتوودی ئەندامان.

٥. مەرجەكانی بوون بەئەندامی ئەنجومەن سادەن بەلاَم دەسەلاَتەكان قورسن

٦. تایبەتمەندی دابنرێت بۆ كاندیدەكان و بكرێتە مەرج بەسەر لیستەكانی بەشدار لە پرۆسەی هەڵبژاردن.

٧. دانانی دەستەی تایبەتی ڕاوێژكاری لەناو ئەنجومەنە خۆجییەكان

❖ بەراوردكردنی دەسەلاَتەكانی ئەنجومەنی پارێزگاكان بە ئەدای ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، كەئایا تا چەند توانیویانە تایبەتمەندییەكانی ئەنجومەن جێبەجێبكەن؟

١. ڕێژەییە _ كەمو كورتی هەبووە لەئەدای ئەنداماندا.

٢. پابەندنەبوون بەدەوام ودانیشتنەكان.

٣. بەدوادانەچوونی كێشەوگرفتی هاووڵاتیان.

٤. لەبەرئەوەی یاسای پارێزگاكان بۆ پەیرەوكردن و چەسپاندنی سیستمی لامەركەزی دەرچوێنراوە لەگەڵ سیستمی لامەركەزی حكومەتی هەرێم یەك ناگرێتەوەو پەیرەو ناكرێت.

٥. كەسێتی كارێزمایی.

٦. نەیانتوانیوە فشاریکەن بۆ جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکانیان.

٧. تاڕادەیەك ئەنجومەن هەندێك کاریکردووە لەبواری دەرکردنی ڕێنمایی وپەیڕەو، هەروەها لەبواری چاودێریش هەندێك کاری بەرچاوی ئەنجامداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کاری دیکە هەیە لەهەردوو بواری دەرکردنی ڕێنمایی وچاودێریکردن کەپێویستی بەکاری جدی و زۆر لەوە زیاتر هەیە.

٨. ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەڕێژەیەکی کەم ئەدای کارەکانیان کردووە.

## تەوەری دووەم

پاڵنەرو هۆکارەکانی فەرامۆشکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەلایەن هەریەکە لە:

### یەکەم/ لایەنە سیاسیەکان

١. مەرجەعی سیاسی ئەندامانی ئەنجومەن کاریگەریی هەبوو، بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان.

٢. دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ لەکاروبارە ئیدارییەکان و وەرگرتنی بڕیارەکان.

٣. بەرژەوەندی گشتی دوای بەرژەوەندییە سیاسیەکان بووە.

٤. لایەنی سیاسی خاوەنی دیدێکی ناوێت لە پرەنسیپەکانی حزب لابدات.

٥. لایەنە سیاسیەکان بڕوایان بەدابەشکاری دەسەڵات نییە.

٦. لایەنە سیاسییەکان باوەڕیان بە پرسی ناسەنتەری کارگێڕی (اللامركزية الادارية) نیە.

٧. لایەنە سیاسییەکان خراپ ئەدای ڕۆڵی ئەندامانی ئەنجومەنیان کردووە.

٨. لایەنە سیاسییەکان هاوکارو هەماهەنگ نەبوون لە جێبەجێکردنی کارنامەی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنە خۆجییەکان.
٩. حیزبەکان هاوکار نەبوون بۆ لێپرسینەوە لەئەدای کاری ئەندامانی خۆیان.

## دووەم/ پەرلەمانی کوردستان

١. پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە ئەرکە چاودێرییەکەی خۆی جێبەجێبکات ورۆڵی چاودێری نەبینیووە. لەسەر ئەنجومەنی پارێزگاکان.
٢. گرنگی پێنەدانی پەرلەمان بۆ ئەنجوومەنەکان.
٣. پەرلەمانی کوردستان بڕوای بەدەسەڵاتی چاودێری دەرەوەی خۆی نیە و دەیەوێت خۆی بەهێزو خاوەن دەسەڵات بێت.
٤. پەرلەمان ئەرکی خۆی لەمەرجەعیەتدا ئەدانەکردوە.
٥. یاساکە پێویستی بەهەموارکردنەوە هەیەو کەموکوڕی زۆرە و پەرلەمان نەیتوانیوە بەم کارە هەڵسێت.
٦. پەرلەمان نەیتوانیوە چاودێریی ئەو یاسا و بڕیارانە بکات کەخۆی دەریکردوون.
٧. پەرلەمان ڕۆڵی هەبووە لەلاواز کردنی لا مەرکەزیەت وبەهێزکردنی مەرکەزیەت.
٨. پەرلەمان نەیتوانیوە لێپرسینەوە بکات لەو پرسە نایاساییانەی کە ئاڕاستەکراون لەبەر بەرژەوەندی حیزبی.

## سێیەم/ حکومەتی هەرێمی کوردستان

١. مەیلی ناوەندێتی حکومەت ڕێگرە لەکارابوونی ئەنجومەنەکان.
٢. پەراوێزخستنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان.

٣. جێبەجێنەکردنی بەشێك لەبڕگەو ماددەکانی یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەمواركراو.

٤. یاسای ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و وەزارەتەکان لەگەڵ یاسای پارێزگاکان لەچوارچێوەی دوو سیستمی جیاوازدان.

٥. دەسەڵاتی جێبەجێکردن نایەوێت دەسەڵاتی چاودێریکردن بەهێزبێت باوەڕی بەلامەرکەزیەت نییە.

٦. حکومەت هاوکار نەبووە لەدابینکردنی پێداویستییە مرۆیی ومادی ولۆجستییەکان.

٧. حکومەت سەنتەر گیری کردووە کاریگەری نەرێنی لەسەر رسی لامەرکەزی هەبووە.

٨. حکومەت هاوکارو وهۆکاربووە لە پێشێلکردنی یاسای ژمارە ٣ی پارێزگاکان.

٩. حکومەت تائێستا گرفتی هەبونی دوو ئەنجومەنی بەپێی یاسا یەکلایی نەکردوەتەوە (ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەنجومەنی شارەوانییەکان).

١٠.حکومەت کەمتەرخەم بووە لە دیارییکردنی کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان.

## چوارەم/ پارێزگارو فەرمانگەکانی حکومەتی خۆجێیی

١. پارێزگا وفەرمانگەکان بەهۆی مەرکەزیەتی حکومەتەوە، پابەندبوونە بە پێشنیار و دەسەڵاتە چاودێرییەکەی ئەنجومەنەوە.

٢. پارێزگار (یاسای وەزارەتی ناوخۆ) بەمەرجەعی یاسایی خۆی دەزانێت نەك ئەنجوومەنی پارێزگا، لەکاتێکدا دەبووایە پابەندی ئەنجوومەنی پارێگا بووایە لەبەرئەوەی (الخاص يقيد العام).

٣. فەرمانگەکان پابەندییەکی باشتریان هەبووە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا.
٤. ئەرکی پارێزگا و بەشێك لە ئیدارەکان بووە پرسی بودجە بخەنە بەردەم ئەنجومەنی پارێزگاکان بەڵام نەیانکردوە.
٥. هاوکارو یارمەتیدەر نەبوون بۆ بانگهێشتیان بۆ ناو ئەنجومەن (پارێزگار وفەرمانگەکان).
٦. لە بڕیارەکانی ئەنجومەندا بەشێك لە پارێزگا ویەکە ئیدارییەکان کەمتەرخەم بوون.

## تەوەری سێهەم

تاچەند ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان هۆکار بوون بۆ لاوازکردنی ئەنجومەن

١. پابەندنەبوون بە ئامادەبوون وبەدواداچوونی بابەتەکان بە پێی پێویست.
٢. لاوازی هەندێک لەئەندامانی ئەنجومەن کە هەژموونی حیزب زاڵبووە بە سەر کارەکانیانەوە.
٣. سەرەڕای ئاستەنگییەکانی بەردەم ئەنجوومەنی پارێزگا لە نەبوونی (بوودجە) هاوئاهەنگ نەبوونی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، ئەدای هەندێك لە ئەندامانی ئەنجوومەن هۆکاربوون بۆ لاواز بوونی ڕۆڵی ئەنجوومەن.
٤. ئەندامانی ئەنجومەن خۆیان کەمتەرخەمن لەجێبەجێکردنی ڕۆڵیان.
٥. بەگشتی کارەکان لەچوارچێوەی تاکەکەسیە.
٦. تارادەیەك بەرژەوەندی کەسی خراوەتە پێش بەرژەوەندی گشتی.
٧. بەشێکی بەهۆی نالێهاتوویی ئەندامان وکەمتەرخەمیان.
٨. زاڵبوونی بەرژەوەندی پارتە سیاسیەکان بەسەر هەندێك لەئەندامانداندا

٩. بێئومێد بوونی هەندێك لەئەندامان لەدابیننەكردنی پێداویستییەكانی دامەزراوەی ئەنجومەن بۆ مەبەستی بەدواداچوون.

١٠. بەشێكی زۆر لەئەندامان هۆكاربوون بۆ لاوازكردنی ئەنجومەنەكان بەم هۆكارانە: (نەبوونی ڕاپۆرتی وردو پڕ زانیاری ئەگەر هەبێت ڕێژەیەكی زۆر كەم بووە، ئەنجامنەدانی ڕێكارەكانی لێپرسینەوە بەپێی یاسای ژمارە (٣).

## تەوەری چوارەم

فەرامۆشكردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان لەلایەن هەریەكە لە:

### هاووڵاتیان

١. ئاستی هۆشیاری هاووڵاتیان بۆ هەڵسەنگاندن و چاودێریكردنی ئەنجوومەنی پارێزگا وەك پێویست نەبووە.

٢. هاووڵاتییان هیچ كاریگەرییەكیان نییە نە لە بەهێزكردنی، نەلەلاوازكردنی ئەنجومەنی پارێزگاكاندا.

٣. ناهۆشیاری بەشێك لە هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنی ئەندامانی ناكارامە.

٤. سزانەدانی ئەو ئەندام ولیستانەی كەناكارا بوون لەخولی ڕابردوودا.

٥. هاووڵاتی شارەزای كاری ئەنجومەنەكان نەبوون هەتا ڕۆڵیان هەبێت.

### ڕاگەیاندن

١. ڕاگەیاندنەكان ڕۆڵی ئەرێنی ونەرێنیان هەبووە ،چونكە پیشەییانە مامەڵەیان نەكردوە

٢. ڕۆڵیان هەبووە لەلاوازكردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان.

٣. ڕۆڵیان هەبووە لە ناساندنی كارەكانی ئەنجومەن بەلام سەربەخۆ نەبوونی هەندێك لەڕاگەیاندنەكان بووە هۆی ئەوەی كارەكانی ئەنجومەن پەرتبكەن، ئەو كارانەی ئەنجومەن كە لەبەرژەوەندی لایەنە

سیاسیەکەی یان دامەزراوەکەی بووە، زیاترو گەورەتر نیشان بدەن لە چاو ئەوانی دیکەدا.

٤. پرسی سیاسی کاریگەری گەورەی هەبووە بۆ پشتگیری یان فەرامۆشکردنی ئەنجومەنەکان.

## ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

١. ڕێکخراوەکان تاڕادەیەك ڕۆڵیان باش بووە

٢. لە پشتگیریکردن و فەرامۆشکردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا ڕۆڵیان لاواز بووە.

٣. هەندێك لەڕێکخراوەکان بەئەرکی خۆیان هەستاون، بەڵام فشاری پێویستیان نەکردووە لە (دروستکردنی رای گشتی) بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەکاتی خۆیدا.

٤. وێڕای هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوی ڕێکخراوەکان ڕێژەیەکی کەم ڕۆڵیان لە پشتگیری ئەنجومەنەکان هەبووە. .

## تەوەری پێنجەم

ئایا ئەنجومەنی پارێزگاکان سەرکەوتوو بوون؟

١. دەتوانین بڵێین تاڕادەیەك ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وسەرکەوتوو بووە لەکارەکانیان.

٢. سەرەڕای تەوەرەکانی پێشوو کەخرایە ڕوو دەرفەت نەرەخسا لەڕووی (یاسایی، ئیداری، سیاسی) بۆیە ئەنجومەنەکان لەئاستی پێویستدا نەبوون.

٣. لەدەستپێکی دروستبوونیاندا چالاکی و جموجۆڵی باش هەبوو دواتر لەبەر هۆکارەکانی پێشوتر ئەو ڕۆڵەیان نەما.

٤. سەرکەوتوونەبوون لەجێبەجێبەکردنی دەسەڵاتەکانیان.

٥. تاڕادەیەك لەهەندێك کاردا سەرکەوتوانە کارەکانیان کردووە،

بەڵام بەهۆی بوونی لەمپەری (یاسایی، سیاسی، دارایی، خودیی، نوێی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان) وایکردووە کە زۆرێك لەکارەکان ئەنجامنادرێن و پەیامەکە بە باشی نەگات.

٦. سەرکەوتوو نەبوون لە جێبەجێکردنی ئەو دەسەڵاتانەی لەیاسای ژمارە (٣) پێشنیارکراوە.

## سوودەکانی بوونی ئەنجومەنی پارێزگایەکی کارا

١. جێبەجێکردنی سیستمە لامەرکەزی ئیداری
٢. بەئاگابوون لەکێشەو گرفتی هاولاتیان بەتایبەت لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە
٣. چاودێری کردنی دامودەزگاخۆجێیەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان وکارابوونیان
٤. دروستکردنی دادوەری لەدابەشکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەدەڤەرو ناوچەکان.
٥. هەوڵبدرێت سەرجەم پرۆژەکانی حکومەت بە فیلتەری ئەنجومەن تێپەڕێت
٦. تەرخانکردنی ڕێژەیەك لە داهاتی نەوتی ونانەوتی بۆ پارێزگاکان لەسەر پێشنیارو وپەسەند کردنی ئەنجومەنەکان
٧. چەسپاندنی سیستمی لامەرکەزی
٨. نوێنەرایەتی نزیکترو ڕاستەوخۆی هاووڵاتیان دەکات لەدامودەزگاکانی حکومەتدا.
٩. دەستنیشانکردنی ئەولەویەت لەخزمەتگوزاری و بەدەمەوەچوونی کێشەی هاووڵاتیان .

١٠.گرنگە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی چاودێری.
١١.کەمکردنەوەی کێشەی دارایی و کۆمەڵایەتی و کارگێڕی.
١٢.چاودێری ئەدای دامەزراوە حکومیە خۆجێیەکان.
١٣.کەمکردنەوەی رۆتین و گەندەڵی لەدامەزراوە حکومیەکان.
١٤.پراکتیزەکردنی بنەماکانی دیموکراسی
١٥.بڕیاردان وبەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکان
١٦.کەمکردنەوەی ڕۆتین + تێچوون + گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بەکەمترین کاتدا
١٧.چاودێری کردن ولێپرسینەوەی بەرپرسانی کەمتەرخەم و گۆرینیان بە بەرپرسی باشتر
١٨.گەیاندنی گرفتی ناوچەکانیان لەڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە
١٩.گەشەسەندنی پارێزگاکان بەهاوتەریبی لەرێگەی دابینکردنی بودجەی پارێزگاکانەوە
٢٠.بەهێزکردنی وەلائی تاك بۆ وڵات ودامەزراوەکان .
٢١.جێبەجێکردنی بنەمای لامەرکەزی.
٢٢.تەواو کردنی پرۆسەی دیموکراسیی خۆجێیە.
٢٣.پەیوەندی نێوان دەنگدەرو نوێنەر نزیك دەکاتەوە.
٢٤.بەهێزکردنی شەفافیەت و لێپرسینەوە.
٢٥.دامەزراوەیەکی گرنگە بۆ کاراکردنی فەرمانگە خۆجێیەکان.
٢٦.هۆکارێکی ئاسانکارییە بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان.

## پێشنیاری بەشداربووان:

ئەرك ومافی ئەندامان

١. پابەند كردنی ئەندامان بەدەوام ودانیشتنەكان

٢. پابەند كردنی ئەندامان بە پێشكەشكردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری لەماوەی دیاریكراوی خولەكەدا

٣. هاوتا كردنی مافی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێم لەگەڵ پارێزگاكانی عێراق

٤. هەموار كردنی یاساكەو ودەستكاری كردنی ئەو بڕگەو ماددانەی پێویستن بە پێی پەرەسەندنەكانی سەردەم

٥. دروستكردنی ڕای گشتی سەبارەت بە:

أ _ گرنگی بوونی ئەنجومەن

ب_ پەلە كردن لەئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ ئەو مەبەستە سوود لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن وڕێكخراوەكان وەربگیرێت

# - ئەنجومەنی پارێزگاکان
# لە نێوان گرنگی و
# پەرەسەندنیدا
# - پاشکۆی وێنەکان

## چوارچێوەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکان

- **ئەنجومەنی پارێزگاکان لە دەستوری عێراق (٢٠٠٥)**
- **ئەنجومەنی پارێزگاکان لەیاسای پارێزگاکانی هەرێم، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)دا**
- **ئەنجومەنی پارێزگاکان لە دەستوری عێراقدا**

بوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان ماددەیەکی دەستورییە لەماددەی (١١٦)ی دەستوری عێراقدا لەبەشی دەسەڵاتەکاندا ئاماژەی پێکراوە، دەسەڵاتەکانی عێراق بریتین لە:(ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان) لەبەرئەوە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکان پێویستی بە هەمواری دەستوری دەبێت....

ئەگەر لە ساڵی (٢٠٠٥)وە کە هاوکاتە لەگەڵ ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردنی (ئەنجومەنی پارێزگاکان) دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق، هەروەها پاڵپشت دەستوری عێراق و یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)، یاسای (پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان) کە بەدەق ماوەی خولێکی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دیاریکردووە کە چوار ساڵی ساڵنامەییە.

لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان تەنها هەڵبژاردن بۆ دوو خولی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدراوە، لە کاتێکدا دەبوو کە ئێستا لە خولی پێنجەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان دابووینایە.

یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەرێمی کوردستان لە (٢٠٠٥/١/٣١)دا هەڵبژێردرا بۆ ماوەی چوار ساڵ، بەڵام دوای تەواوکردنی چوار ساڵی تەمەنیان، پێنج ساڵی تریش بەردەوام بوون لە کاری خۆیان، ئەم خولە یاسایەکی تایبەت بەخۆی نەبوو کە کاری لەسەر بکەن بەڵکو بەگوێرەی یاسای ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠٠٤) دەستبەکاربوون.

ئەم خولەی ئێستاش کە لە (٢٠١٤/٤/٣٠)دا هەڵبژێردران، ئەم خولە بە یاسای پارێزگاکانی هەرێم، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) دەستبەکاربوون، گرفتەکە لێرەوە بوو کە یاساکەی ئەم خولە کۆن بوو هەر لەسەرەتاوە پێویستی بە هەموارکردنەوە هەبوو، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەنجومەن پێشتر ئەو یاسایەیان نەخوێندبوویەوە و وەک پێویست شارەزای ماددەو برگەکانی یاساکە نەبوون.

ئەم خشتەیەی لایخوارەوە خولەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان رووندەکاتەوە، ئەگەر لەماوەی یاسایی خۆیاندا هەڵبژاردنیان بۆ ئەنجامدرابوایە:

| خول | ماوە |
|---|---|
| خولی یەکەم | ٢٠٠٥ – ٢٠٠٩ |
| خولی دووەم | ٢٠٠٩ – ٢٠١٣ |
| خولی سێیەم | ٢٠١٣ – ٢٠١٧ |
| خولی چوارەم | ٢٠١٧ – ٢٠٢١ |
| خولی پێنجەم | ٢٠٢١ - ٢٠٥ |

## بەراوردی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق:

یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٥) هاوتا لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەچوو.

| خول | رۆژی هەڵبژاردن |
|---|---|
| خولی یەکەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان | ٣٠ کانونی دووەم ٢٠٠٥. |
| خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان | ٣١ کانونی دووەم ٢٠٠٩. |
| خولی سێیەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان | ٢٠ نیسانی ٢٠١٣. |

| | |
|---|---|
| لەساڵی ٢٠١٩دا بەهۆی فشاری هاووڵاتیانەوە، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیایدا بە کۆتایهێنان بە کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان | |
| خولی چوارەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان | ١٨ کانونی دووەم ٢٠٢٣ |

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد. لە هەرێمی کوردستان تەنها دووجار هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدراوەو تائێستاش چارەنووسی خولی سێیەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بەنادیاری ماوەتەوە.

| خول | رۆژی هەڵبژاردن |
|---|---|
| خولی یەکەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان | ٣٠ کانونی دووەم ٢٠٠٥. |
| خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان | ٣٠ نیسانی ٢٠١٤. |
| لە (٢٠٢٣/٩/٢٤)دا دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بە بڕیاری ژمارە (١٢٤/الاتحادیة/ ٢٠٢٣) کۆتایهێنا بە کاری ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمش راستەوخۆ کارەکانیان راگرت | |

دواخستنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بووەتە نەریتێک و لایەنەسیاسییەکان خوویان پێوە گرتووە، ، دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم هیچ پاساوێکی یاسایی نەبووە، بەڵکو بەهۆی ناکۆکی لایەنەسیاسییەکانەوەبووە، بە تایبەی ئەوانەی کە لەدەسەڵاتدابوون، هاوکاتی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکایش، ئەم بابەتەیان بەلاوە گرنگ نەبووە وەک پێویست فشاریان نەکردووە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کاتی دیاریکراوی خۆیاندا، بەڵکو ئەوانیش لەم بابەتەدا بەئاراستەی دەسەڵاتدا رۆیشتوون بە بێدەنگیان رازیبوونیان بەدۆخەکە دەربڕیوە، وەک (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) دواخستنی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ ئەم هۆکارانە دەگێڕینەوە:

١. نەبوونی متمانەی هاووڵاتیان بە هەڵبژاردن.

٢. نەبوونی متمانەی هاووڵاتیان بە ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەوەی کەپێیان وایە، ئەنجومەنەکان دەسەڵاتیان نییە.

٣. ترسی لایەنە سیاسیەکان لەکەمبوونەوەی کورسیەکانیان لەهەڵبژاردندا.

٤. بڕوانەبوون بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات.

وەنەبێت ئەم نەریتە نامۆیە تەنها هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی گرتبێتەوە، بەڵکو حاڵی پەرلەمانی کوردستان لە حاڵی ئەنجومەنی پارێزگاکان باشتر نییە، پەرلەمانی کوردستان کە تەمەنی (٣٢) ساڵە، دەبوایە لەئێستاس لە خولی نۆیەمیدا بوایە، نەک خولی پێنجەم.

| خول | کاتی هەڵبژاردن |
| --- | --- |
| خولی یەکەم | ١٩٩٢/٥/١٩ |
| خولی دووەم | ٢٠٠٥/١٠/٣٠ |
| خولی سێیەم | ٢٠٠٩/٧/٢٥ |
| خولی چوارەم | ٢٠١٣/٩/٢١ |
| خولی پێنجەم | ٢٠١٨/٩/٣٠ |

## گرنگی ئەنجومەنی پارێزگاکان

ئەنجومەنی پارێزگاکان زۆر ئەرک ئەنجامدەدەن و گرنگی تایبەتیان هەیە، بەتایبەت لە سیستمێکدا بڕوای تەواوی بە لامەرکەزیەت هەبێت، ئەنجومەنی پارێزگاکان لە سیستمی مەرکەزیدا بوونیان زیادەیە، چونکە ئەوان لە سیستمی لامەرکەزیدا گەشەدەکەنو ڕۆڵی خۆیان دەبینن. بوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان سیمای وڵاتێکی دیموکراسییە، ئەمە جگەلەوەی کە ئەنجومەنی پارێزگاکان نوێنەرایەتی پێویستییەکی دەستووری دەکەن، بەو پێیەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)دا بە ئاشکرا و بە دەق ڕاشکاوانە بۆ بەرجەستەکردنی

لامەرکەزی ئیداری، ئاماژەی بە دروستکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کردووە، وەک پێگەیەک بۆ نوێنەرایەتیکردنی هاوولاتیانی پارێزگاکان و پیادەکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ ئەو مەبەستە.

ئەنجومەنی پارێزگاکان گرنگە چونکە:

١. دارشتنی سیاسەتی گشتی بۆ پارێزگاکانیان و دیاریکردنی ئەولەویەت لە هەموو بوارەکاندا، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانە، لەئەگەری دروستبوونی ناکۆکی، ئەنجومەنی پارێزگا دوا بریار دەدات.

٢. ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسەلاتی چاودێرییان هەیە لە سنوری پارێزگاکانداچونکە رۆڵی گەورە دەگێرن لە بەهێزکردنی (دامەزراوەی چاودێری)دا، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی وولاتان بوونی ژمارەیەکی زۆرە لە (دامەزراوەی چاودێری).

٣. لێکۆڵینەوە لە پارێزگار یان جێگرەکانی دەکات لەکاتی (بەفیرۆدانی پارەی گشتی، کەمتەرخەمی و وازهێنان لە ئەرک، یان نەبوونی دەستپاکی و خراپ بەکار هێنانی کار و دەسەلات..)

٤. چاودێری کردن بەسەر هەموو چالاکییەکانی وەزارەتەکان لە پارێزگاکەدا، بۆ "دڵنیابوون لە ئەنجامدانی کارەکانیان بە شێوەیەکی دروست"، جگە لە (دادگاکان، یەکە سەربازییەکان، کۆلێژەکان، پەیمانگەکان و بەشەکانی سەر بە حکومەتی فیدراڵی).

٥. پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لە رێگەی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە بێتو حکومەتیش سەرقاڵی پلانی ستراتیژی بێت.

٦. ئاسانکردنی راپەراندنی کاروباری هاوولاتیان.

٧. گرنگی ئەم ئەنجومەنانە زیاتر دەردەکەوێت ئەگەر پەرلەمانو حکومەتی هەرێم هاوکارو هەماهەنگی بەردەوامی ئەنجومەنەکان بن.

## پەکخستنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

ئاشکرایە لایەنە سیاسیەکانی پێکهێنەری سەرەکی بوون لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی کە لەهەرێمی کوردستان ئەنجامدراون، هەرکاتێک فشاری لایەنە سیاسیەکان بوونی هەبووبێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، هەڵبژاردن ئەنجامدراوە، بە پێچەوانەشەوە هەرکاتێک لایەنە سیاسیە باڵادەستەکان ویستبێتیان پرۆسەیەکی هەڵبژاردن ئەنجامنەدەن، بە چەند پاساوێک هەڵبژاردنیان دواخستووەو تەمەنی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانیان درێژ کردۆتەوە، بەنمونە:

لە ماوەی ٣٢ ساڵی حوکمڕانی کوردیدا، یەک هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ئەنجامدراوەو دووجاریش هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگانی هەرێم ئەنجامدراوە، بەمشێوەیە:

| ز | خولی هەڵبژاردن | لە | بۆ |
|---|---|---|---|
| ١ | هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان | ٢٠٠٠ | ٢٠٢٤ |
| ٢ | خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ |
| ٣ | خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم | ٢٠١٤ | ٢٠٢٤ |

١. پەکخستن و لاوازکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە لایەن لایەنە سیاسیەکانەوە، بەدەستنیشانکردنی کاندیدی لاواز بۆ ئەنجومەنەکان، لایەنە سیاسیەکان لە دەستنیشانکردنی کاندیدەکانیاندا بە پلەی یەکەم گرنگی بەجەماوەری بوونی ئەوە کەسانە دەدەن نەک بە پسپۆڕی و لێهاتوویيان، چونکە ئەوان چاویان لەوەیە چەند کورسی دەهێنن، نەک چەند بتوانن خزمەت بکەن.

٢. لایەنە سیاسیەکان لە دەستنیشانکردنی کانیدەکانیاندا،

جۆرێـک لە (سـەرەگرتن)یان بـۆ کادیرەکانیـان دانـاوە، واتە کادرێـک دەستنیشـان دەکەن لەبەر ئەوەی کادرەکـانی تریـان پـلەو پۆسـتییان وەگرتـووەو ئێستا سەرەی ئەمیانە پلەو پۆست وەربگرێت بەبێ گوێدانە تواناولێهاتوویەکان.

٣. دوای دەسـتبەکاربوونی ئەنـدامانی ئەنجـومەن، حیزبەکـان ئەنـدامەکان و فراکسـیۆنەکانیان فەرامـۆش دەکەن و دەوڵەمەنـدیان نـاکەن بە پـرۆژەو بیـرۆکەی دروسـت بـۆ جێبەجێکردنـی بەڵێنەکـانی هەڵبـژاردن و جێبەجێکردنـی ئەرکەکـانی ئەنجـومەنی پارێزگـا، زۆرجـار لایەنە سیاسـیەکان کاتێـک دەگەڕێـنەوە لای فراکسـیۆنەکانیان کە بـابەتێکی سیاسـی بێتە ئـاراوەو بـۆ مـوزایەدەی سیاسـی چەنـد بابەتێـک لە ئەنجومەنەکاندا دەوروژێنن.

٤. بەگـوێرەی یاسـای ژمـارە (٣)ی سـاڵی ٢٠٠٩ یاسـای پارێزگاکـانی هەرێـم، ئەنجـومەنی پارێزگاکـان دەکەونە ژێـر چـاودێری پەرلەمـانی کوردستانەوە، بەڵام لەماوەی ئەم نۆ ساڵەدا تەنانەت بۆ یەکجاریش نەمان بینـی پەرلەمـانی کوردسـتان بەم ئەرکەی خـۆی هەسـتێت، خـاڵی لاوازو بەهێزی ئەنجومەنەکان بۆ رای گشتی بخاتەڕوو، یان لانـی کەم هاوکـار هەمانگی بەردەوامیان هەبێت لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان،

٥. پەرلەمـانی کوردسـتان تەنهـا یاسـای پارێزگاکـانی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (٣) سـاڵی (٢٠٠٩)ی دەرچوانـد کە ئەنجـومەنی پارێزگاکـان کـاری پێـبکەن و لەسـاڵی (٢٠١٩) یاسـاکەی هەمـوار کردەوەو تەمەنی ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکانیشی درێژکردەوە.

٦. لەگەڵ دەستبەکاربوونی ئەم خولەی ئەنجـومەنی پارێزگاکانـدا لە سـاڵی ٢٠١٤ یاسـای ژمـارە (٣) پێویسـتی بەهەمـوارکردنەوە هەبـوو، ئەمە جـگە لەوەی کە ئەم یاسـایە لەگەڵ یاسـاکانی دیـکەدا بەرکەوتنـی

هەبوو، یاساکانی دیکە دەبوونە رێگر لە بەردەم هەندێک لە کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، گرنگ بوو پەرلەمانی کوردستان لایەنێکەم ئەم کێشەیەی چارەسەر بکردایە.

٧. لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣) ساڵی (٢٠٠٩)هاتووە، پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵوەشێنێتەوە ئەگەر ئەنجومەنەکان ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێنەکرد، پەرلەمانی کوردستان لە هیچ خولێکیدا ئەم پەنای بۆ ئەم هەنگاوەش نەبرد.

٨. ئەنجومەنی پارێزگاکان زۆرترین بەریەک کەوتنیان هەبووە لەگەڵ حکومەتی هەرێم دا چونکە بەگوێرەی یاسا ئەنجومەنی پارێزگاکان چاودێری حکومەتی خۆجێی دەکەن، ئەم چاودێرییەش لایەن زۆرێک لە بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە وەک پێویست پێشوازی لێنەدەکراو بەمەش گرفتی بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان دروستدەکرد.

٩. ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە کات بۆ ئەنجامدانی خولی نوێی ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاری بکات، تائەمڕۆشی لەگەڵدابێت کابینە یەک لەدوای یەکەکانی حکومەت ئەم ئەرکەیان جێبەجێنەکردووە.

١٠. ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە وادەی یاسایی خۆیدا کە چوارساڵ جارێکە، وایکردووە کە هاووڵاتیان متمانەیان بە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان نەبێت.

١١. حکومەت ئەنجومەنەکانی وەک زیادە سەیر کردووە.

١٢. حکومەت کاری بۆ بەهێزکردنی مەرکەزیەت دەکرد، لە کاتێکدا ئەنجومەنەکان کار بۆ لامەرکەزی دەکەن.

١٣. رێگریکردن لە جێبەجێکردنی بڕگەو ماددەکانی یاسای ژمارە (٣).
١٤.حکومەت تەنها بەرووکەش گرنگی بە ئەنجومەنەکان دەدات.
١٥.سەرەڕای ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، هاوکات خودی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بوونەتە هۆکارێک بۆ فەرامۆشکردن و لاوازکردنی خۆیاندا، بەوەی کە بێدەنگیان لە زۆر پرسی هەستیار نواندووەو تەنانەت نەیانتوانیوە یەک بەڵێنی هەڵبژاردن جێبەجێبکەن، زۆرێک لەئەندامانی ئەنجومەن پابەند نابن بەو ئەرکانەی کە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣) ساڵی (٢٠٠٩) بۆی دیاریکردوون، لەوانە خۆ یەکلاییکردنەوە بۆ کاری ئەنجومەن و پابەند بوون بە دەوامی ئەنجومەنەوە، لاوازیایان لە بەشداری کردنیان لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکاندا، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێک لەئەندامانی ئەنجومەن خەریکی خوێندن بوون بەشێکی دیکەی ئەندامانیش بەتایبەت ئەوانەی لە قەزاو ناحییەکاندابونن بەبیانووی دووری رێگاو نەبوونی بەنزین کەمترینکات دەوامیان دەکرد.
١٦.هاووڵاتیان هۆکارێکی دیکەن بۆ فەرمۆشکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، چونکە ئەم ئەنجومەنانە لە بنەڕەتدا بۆ خزمەتی هاووڵتیان دروست بوون.
١٧.بەڵام ئەوەی کە سەیرە هاووڵتیان بێدەنگن لەو هەموو لاوازییە ئەنجومەنی پارێزگاکان، بوون یان نەبوونی ئەم ئەنجومەنانەیان بەلاوە گرنگ نییە، لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠١٣دا یەکێک لەدواکاری خۆپیشاندەرانی تشرین لە پاریگانی عێراق، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بوو، چونکە ئەو ئەنجومەنانە لەخزمەتی هاووڵتیاندا نەبوو، ئەوەبوو بۆ ماوەی ١٠ ساڵ کاری ئەو ئەنجومەنانە راگیران تا لاساڵی رابردوودا هەڵبژاردنیان بۆ ئەنجامدرایەوە.

## ئایا ئەنجومەنی پارێزگاکان سەرکەوتوو بوون؟

هەرچەندە لە ماددەی (١٢٢)ی دەستووری عێراق (٢٠٠٥)دا دەسەڵاتی فراواندراوە بە پارێزگارەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان، دوور لە دەسەڵاتی ناوەندی لە ڕێگەی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، کە وەک پەرلەمانێک وایە بۆ هەر پارێزگارێک کە تێیدا حکومەتێکی خۆجێیی بە سروشتی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان پێکدێت، بۆمان دەرکەوت کە ئەم ئەنجومەنانە سەرکەوتوو نەبوون لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی بۆیان دیاریکرابوو، یەکەمیان شکستی ئەنجومەنەکان بوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگاکاندا، و ئەم شکستەش هۆکاری خۆی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەم ئەنجومەنانە ئەوەندەی سیاسی بوون ئەوەندە ئەنجومەنێک نەبوون لە پێناو گەشەپێدان و پیشخستنی پارێزگاکان.

بێگومان کاتێک دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دەسەڵاتی جۆراوجۆری بە ئەنجومەنی پارێزگاکان بەخشی، لە پێناو ئەوەدا بوو کە ئەو ئەنجومەنانە بتوانن خزمەتگوزاری و ژێرخانی پێویست لە هەریەک لە پارێزگاکانی خۆیان دابین بکەن، ڕۆتینیات کەمبێتەوە و کاروباری هاووڵاتیان زووتر جێبەجێبکرێت

بەڵام ئەمانە لە پارێزگاکاندا ڕوویانەدا بەهۆی تێنەگەیشتنی زۆرێک لە سیاسییەکان لە چەمکی سیستەمی لامەرکەزی، هاوکات بەکارهێنانی چەمکی لامەرکەزی هەندێک لە هێزەکان بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆیان دژی حکومەتی ناوەندی، کە ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبوو لەسەر ئەدای حکومەتە ناوخۆییەکان لە پارێزگاکاندا.

دوای نزیکەی بیست ساڵ لە ئەزمونی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، لە ئەنجامی کارەکانی ئەو ئەنجومەنانە چ کاریگەرییەکی ئەرێنی یان نەرێنی بەدیهاتووە؟

بێگومان چەندین هۆکار هەیە بۆ جێبەجێنەکردنی ئەرک و دەسەڵاتەکانی و تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەنجومەنانە لە ئەرکەکانیان، بەم شێوەیەی خوارەوە:.

یەکەم/ ئەوانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنەکان بوون:

١. سەرهەڵدانی شەڕی داعش.
٢. سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی.
٣. تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد.
٤. شڵەژاوی دۆخی سیاسی هەرێم و تێکچوونی پەیوەندی نێوان حیزبەکان، بەتایبەت یەکێتی و پارتی.
٥. سەرهەڵدان و فراوانبوونی کێشە ناوخۆییەکانی حیزبە سیاسیەکان.
٦. چاودێرینەکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

دووەم: ئەوانەی پەیوەندییان بە ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە هەیە:

١. لاوازی بەڕێوەبردنی ئەو ئەنجومەنانە بەهۆی لاوازی ئەدای ئەندامەکانیانەوە لەرووی پسپۆڕی و هونەری و کارگێڕییەوە، ئەمەش زۆرجار لە دەرکردنی بڕیاو بەدواداچوونەکانی لیژنە هەمیشەییەکاندا رەنگی دەدایەوە.
٢. ئەم ئەنجومەنانە ئەزموونی پێشوەختەی کارگێڕی و تەکنیکییان نییە کە شایستەیان بکات بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگاکان.

٣. زۆر جار لە چەند پرسێکدا ئەم ئەنجومەنانە بەبێ پشتبەستن بە بناغەی ئیداری و تەکنیکی و هەماهەنگی تۆکمە بە ئارەزووی خۆیان بەرپرسیارێتی خۆیان جێبەجێ دەکرد.
٤. نەبوون و گرنگینەدان بە هەماهەنگی تەواو لەنێوان ئەنجومەنەکان و حکومەت و وەزارەتەکاندا. چەندجارێک بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەلایەنی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕەتکراونەتەوە بە پاساوی ئەوەی کە ئەو بڕیارانە لەدەسەڵاتی ئەنجومەنەکاندا نییە.
٥. لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بەوەی کە نەیانتوانی دەسەڵاتەکانی خۆیان پیادەبکەن، بۆیە سەرکەوتوونەبوون و نەیانتوانی ڕەزامەندی جەماوەر بەدەستبهێنن.

# - پاشكۆی وێنەكـــــان

## چالاکییەکانی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان لە گەڵ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## نشاطات منظمة كوردستان للجميع مع مجلس المحافظة السليمانية



راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی راپۆرتی نۆیەم پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی
اعلان و نشر التقرير التاسع لمشروع ( محافظة السليمانية وممثلوها)






راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی راپۆرتی نۆیەم پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی
اعلان و نشر التقرير التاسع لمشروع ( محافظة السليمانية وممثلوها)





**بەخشینی ڕێزلێنان بە بەڕێز (ئازاد محەمەد ئەمین) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەبەرامبەر هەماهەنگی بەردەوامیان بۆ تیمی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)**
**تكريم السيد (ازاد محمد امين) رئيس مجلس محافظة السليمانية.**



## پێشکەشکردنی (١٠) بەرنامەی رادیۆیی راستەوخۆ (ساڵی دەیەم)
## تقديم (١٠) برامج الاذاعية المباشرة (السنة العاشرة)




میوانداریکردنی (ئازاد محەمەد ئەمین) لەبەرنامەی یەکەمدا
أستضافة رئيس مجلس محافظة السليمانية (آزاد محمد أمين) في البرنامج الاول




میوانداریکردنی (بەرزان محەمەد) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەبەرنامەی دووەمدا
أستضافة (برزان محمد) نائب رئيس مجلس محافظة السليمانية في البرنامج الثاني




میوانداریکردنی (مەهدی مەحمود محەمەد) سکرتێری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەبەرنامەی سێیەمدا
استضافة (مهدي محمود) سكرتير مجلس محافظة السليمانية في البرنامج الثالث




میوانداریکردنی (ڕێبوار ئەحمەد مەولود) سەرۆکی فرکسیۆنی گۆڕان لە بەرنامەی چوارەمدا
استضافة (ريبوار أحمد مولود) رئيس كتلة التغيير في برنامج الرابع




میوانداریکردنی (محەمەد رەسول مراد) سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی ، لە بەرنامەی پێنجەمدا
استضافة (محمد رسول مراد) رئيس كتلة الاتحاد الوطني في برنامج الخامس




میوانداریکردنی (زیاد کاکە رەزا) سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بەرنامەی شەشەمدا
استضافة (زياد كاكه رضا) رئيس كتلة حزب الديمقراطي الكوردستاني في برنامج السادس




میوانداریکردنی (میدیا ئەحمد ئیسماعیل) سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری، لە بەرنامەی حەوتەمدا
استضافة (ميديا احمد اسماعيل) رئيسة كتلة جماعة العدل الكوردستاني في برنامج السابع




میوانداریکردنی (کاسترۆ مەعروف) سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی نیشتمانی، لە بەرنامەی هەشتەمدا
استضافة (کاسترۆ مەعروف) رئيسة كتلة التحالف الوطني الكوردستاني في برنامج الثامن




میوانداریکردنی (خدیجة عبدالجبار) سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لە کۆتا بەرنامەدا

استضافة (خديجة عبدالجبار) رئيسة كتلة الاتحاد الاسلامي الكوردستاني في برنامج الاخير



## سەردانیکردنی تیمی پڕۆژە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا
## زيارة فريق المشروع الى مجلس محافظة السليمانية








واژۆی دەستلەکارترازانی (ئازاد محەمەد ئەمین) لەسەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
توقيع الانفكاك (ازاد محمد امين) من رئيس مجلس محافظة السليمانية



ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان)ماڵئاوایی لەسەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، دەکات
(منظمة كوردستان للجميع) تودع رئيس السابق لمجلس محافظة السليمانية

## ئەنجامدانی راپرسی لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا
## اجراء الاستفتاء بين اعضاء مجلس محافظة السليمانية























پارێزگای سلێمانی
و نوێنەرانی
لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان (kurdstan for everyone)
Friends
Message
Posts
About
Friends
Photos
Videos
Check-ins
More
Intro
Photos
See all photos
Friends
See all friends
Posts
Filters
پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی
بەمزووانە!
1/10/2023 - 30/9/2024
NED
Like
Comment
Send
Share

## سێیەم/ ۆرکشۆپی تایبەت بە هەڵمەتی کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان
## ثالثا/ ورشة عمل خاصة لتفعيل مجالس المحافظات




















لەگەڵ ڕێزدا


NED
FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD
(ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)
بەپاڵپشتی ڕێکخراوی (NED) ئەمریکی
هەڵمەتی کاراکردنی


NED
ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان
بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED)ی ئەمریکی
هەڵمەتی کاراکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان
سلێمانی - 15/8/2024

ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی ڕێکخراوێکی ناحکومییە

منظمة كوردستان للجميع للتنمية الديمقراطية منظمة غير حكومية

Kurdistan for All Organization for Democratic Development- NGO

---

فۆرمی ژمارە (1)

**تایبەت بە دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

**تەوەری یەکەم**

❖ **دەستەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان**

❖ ئایا ئەو دەسەڵاتانەی بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاریکراون لە یاسای ژمارە (٣)دا، کەمن یان زیادن؟

☐ **بەڵێ کەمن:**

ج خاڵێکی دیکە بۆ دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان زیاد بکرێن؟

١ ..........

٢ ..........

٣ ..........

☐ **بەڵێ زیادن:**

کام لە دەسەڵاتەکان زیادن:

١ ..........

٢ ..........

٣ ..........

☐ **نەخێر بەگوێرەی پێویستن**

❖ **مەرجەکانی ئەندامێتی**

❖ ئایا مەرجەکان ولێهاتوویی و توانستەکانی ئەندامانی ئەنجومەن بارتەقای دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنن؟

☐ **بەڵێ** ☐ **نەخێر**

❖ ئایا دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەو مەرجانەی کە بۆ ئەندامی ئەنجومەنەکان دیاریکراون لە یاسای ژمارە (٣)دا، جێبەجێدەکرێن؟

☐ **بەڵێ** ☐ **نەخێر**

---

ناونیشان: سلێمانی- شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود- تەلاری فیردەوس- بەرامبەر گوندی ئەڵمانی- نهۆمی (3) - شوقەی ژمارە (3)
العنوان: محافظة السليمانية – شارع الدائري (ملك محمود)- بناية فردوس – مقابل قرية الالمانية طابق رقم (3) شقة رقم (3)
Address: Sulaimanya-Malik Mahmud St. – Firdaus Building – Germany Village Opposite -Floor (3) - Apartment No. (3).
Email: kurdistanbohamwan@gmail.com www.keodd.org Mob.: 07701509765 -07725118700

رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان
بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی
رێکخراوێکی ناحکومیيە

منظمة كوردستان للجميع
للتنمية الديمقراطية
منظمة غير حكومية

Kurdistan for All Organization for Democratic Development- NGO

---

فۆرمی ژمارە (٢)

تایبەت بەو هاووڵاتیانەی سەردانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)یان کردووە

زانیاری گشتی

**تەمەن:**

☐ ١٨ – ٣٠ ☐ ٣٠ – ٤٠ ☐ ٤٠ – ٥٠ ☐ ٥٠ – ٦٠ ☐ ٦٠ زیاتر

**رەگەز:**

☐ نێر ☐ مێ

**ئاستی خوێندن:**

☐ دکتۆرا ☐ ماستەر ☐ بەکالۆریۆس ☐ دبلۆم ☐ ئامادەیی ☐ ناوەندی

☐ بنەڕەتی ☐ نەخوێندەوار

**شوێنی نیشتەجێبوون:**

☐ ناوەندی شار ☐ قەزا ☐ ناحییە ☐ گوند

**پیشە:**

☐ فەرمانبەر ☐ خوێندکار ☐ کاسب ☐ بێکار

---

ناونیشان: سلێمانی- شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود- تەلاری فیردەوس- بەرامبەر گوندی ئەڵمانی- نهۆمی (3) - شوقەی ژمارە (3)
العنوان: محافظة السليمانية – شارع الدائري (ملك محمود)- بناية فردوس – مقابل قرية الالمانية طابق رقم (3) شقة رقم (3)
Address: Sulaimanya-Malik Mahmud St. – Firdaus Building – Germany Village Opposite -Floor (3) - Apartment No. (3).
Email: kurdistanbohamwan@gmail.com www.keodd.org Mob.: 07701509765 -07725118700


سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

تۆماری یاسایی

بەپێی بڕگەکانی [illegible] یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە [illegible] دوا پاش ئەوەی کە دەرکەوت ماڵپەڕی [illegible]dd.org/ [illegible] خاوەن ئیمتیازی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)

[illegible] مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە لە سەندیکای رۆژنامەنووسان [illegible] تۆمارکرا، بۆ ماوەی یەک ساڵ.

ئازاد حەمەدەمین
نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان


kurdistan for All- ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان
@kurdstan4all · 13 subscribers · 56 videos
keodd.org
Subscribed
Home
Videos
Latest
Popular
Oldest
31:53
60 views • 3 months ago
2:22
141 views • 3 months ago
7:54
50 views • 3 months ago
2:19
113 views • 3 months ago
2:05
90 views • 3 months ago
3:09
34 views • 7 months ago
1:45
23 views • 7 months ago
2:56
39 views • 7 months ago
15:01
15 views • 7 months ago
15:01
12 views • 7 months ago
15:01
22 views • 7 months ago
12:03
20 views • 7 months ago
15:01
14:15
14:00
7:01

KEODD

کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی